

گۆڤاری ئەلیکترۆنی

# گۆڤاری ئەلیکترۆنی سەکۆی هزر

## ژمارەی حەوتەم


خاوەن ئیمتیاز: دێرین کەمال چاوشین
سەرنووسەر: ئەحمەد ستار عەبدوڵڵا

بەرپرسی لێژنەی ئەدەبی: ئەحمەد زرار
بەرپرسی لێژنەی کۆمەڵناسی و دەرونزانی:
ڕێکان عەبدولڕەحمان
بەرپرسی لێژنەی بابەتە هەمەڕەنگەکان:
دێرین کەمال چاوشین

پێداچوونەوە و هەڵەچن: ئەحمەد زرار..
دێرین کەمال چاوشین
بەشی هونەری و دیزاین: هەژار جەمال



نوسەرانی ئەم ژمارەیە:

ئەحمەد زرار
ڕێکان عەبدولڕەحمان
ئیبراهیم موحەممەد(ئەبڕاهام لێڤایی)
ڕێکان عەلی
موحەممەد مەجید
ئەیوب ڕەسول مەلکان
نوێنەر یاسین
عەلی ئیحسانزادە
مغداد ئەحمەد موحەممەد



زستان ٢٧٢٤

گۆڤاری ئەلیکترۆنی

# پێرست


بەرکوڵ/

ئەدەب-زمان/

-وشە ڕەسەنە دەگمەنەکانی زارە کوردییەکان لە وەرگێڕانەکانی(عەزیز گەردی) دا

-ڕۆڵی کارەکتەر لە کورتەرۆمانی "مولازم تەحسین

وشتی تریش"ی "فەرهاد پیربال"دا

-ڕۆمانی یەکدەنگی و ڕۆمانی فرەدەنگی لە ڕوانگەی (باختین)ەوە،

ڕۆمانی (هێلانە)ی (حسێن عارف) بە نموونە

دەروونزانی-کۆمەڵناسی/

-بۆچی مرۆڤ لە تاریکی دەترسێت!؟ هەرگیز بیرت لەوە نەکردۆتەوە

کە ئێمە بۆچی لە تاریکی دەترسین؟

-گرفتەکانی بەردەم کەسایەتی نارسیزم بۆ پرسی هاوسەرگیری و بەیەکەوە ژیان

-مامۆستا من زۆر جار قسە لەگەڵ خۆم دەکەم بەتەنیا ئایا شتێکی

ئاساییە یان نیشانەی گرفتە.؟

-خەونی ناخۆش (مۆتەکە) لای منداڵ

-گرفتی دەروونی

بابەتە هەمەڕەنگەکان/

-ئایە مێژوو دووبارە دەبێتەوە؟

-پێشەکییێک بۆ بواری ئەندازیاری نەوت

-ڕەوشی بێ سەرپەرشتان لە خێزانی داواکار (جێگرەوە)دا

(لە دیدگای خێزانە جێگرەوەکان)


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# بـــەرکـــوڵ

ژمارەی حەوتەم

زستانی ٢٧٢٤

# بەرکوڵ

خەڵکانی وابەستەی هزر، بەخترۆش و هەش بەسەرن، دایمە گەروویان وشکە لە چەقەچەقی گفتوگۆی بیری خۆیان و هەوڵدانی شکاندنی بیری بەرامبەریان، ئەی ڕەها، چی دەبوو هزری مرۆڤ و تێڕوانینی بۆ بابەتەکان لە سیاسەت و ئابوری و ئاینداری، یاسا و ئەخلاق و کۆمەڵگا، وەکو بیرکاری بوایە و کەس نەیتوانیبا ئینکاری لە دوو کۆ دوو یەکسانە بە چوارەکەی بکات؟! ڕەنگە ئەوکاتیش ئێمەی کورد، نەجاتمان نەبوایە و ئینکاری ئەوەمان کردبا: دوو کۆ دووەکەی ئێمە دەکاتە یەک. سەکۆی هزر، گۆڤارێکی بێنازو، تەمەنی ساوایی پڕۆژەیەکی گەورەی ڕۆشنبیرییە، تاکە پڕۆژەیە بێ هیچ قسەیەکی باقوبریق و هەر بەڕاستی لەدایک بوونێکی حەقیقی هەبووە، نەک هەر خۆی، بگرە دامەزرێنەرانیشی بە دەسپێکێکی ڕازاوە بە هەڵە و کەموکوڕی، بانگیان بەگوێی پڕۆژەکە داوە، وە لە ژمارەکانیدا، بەڕوونی وڕێنە، گاگۆلە، کاری چاک و ئاستی بەرزی هوردە هوردەی لێوەدیارە. هیوادارم نەبێتە بەشێک لەو هەموو دروشمانەی لەمێژوودا خوێنیان لەسەر ڕژاوە، وەلێ باکی بە ڕژانی خوێن نییە و، ئەسپی خزمەت کردن بە زمان و دەروونزانی و کۆمەڵناسی، بابەتە هەمەڕەنگەکان و هەوڵە زانستییەکان، تاودەدات. سەرەڕای دواکەوتنی ژمارەکەمان بەهۆی ئەو هەموو ئاستەنگیانەی تەنگی پێ هەڵچنیوین، شەرمەندەی پابەندبوونمان بە کاتین، لەوانەیە زستان و بەهارمان تۆزێک تێکەڵ کردبێ، وەلێ بەهارێکی خۆش دەخولقێنین، بە بڵاوکردنەوەی ژمارەکەمان

**دێرین کەمال چاوشین**

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# ئەدەب - زمان

ژمارەی حەوتەم

زستانی ٢٧٢٤

# وشە ڕەسەنە دەگمەنەکانی زارە کوردییەکان لە وەرگێڕانەکانی(عەزیز گەردی) دا

د.ساکار ئەنور حەمید
مامۆستا لە کۆلێژی زمان/زانکۆی سەلاحەددین
ژ.مۆبایل: ٠٧٥٠٤٨٨٠٢٩٩
ئیمەیل:sakar.hameed@su.edu.krd

ئەحمەد زرار عەزیز صاڵح
قوتابی ماستەر لە کۆلێژی زمان/زانکۆی سەلاحەددین
ژ.مۆبایل: ٠٧٥٠٥٢٥٢٩٨٧
ئیمەیل:gmail.com@ahmadzrar٤٨

## پوختە

بەکارهێنانی وشە ڕەسەنە دەگمەنەکان لە هونەری وەرگێڕانی ئەفسانەکان گرنگییەکی ئەوتۆی هەیە، چونکە ئەفسانە حیکایەتە و زمانێکی میللیانەی پێویستە، واتە پێویستی بە زمانی ئاخاوتن هەیە نەك زمانی ستاندارد. ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (وشەڕەسەنە دەگمەنەکانی زارە کوردییەکان لە وەرگێڕانەکانی عەزیز گەردیدا کتێبی( یەزداندوخت، خواوشەیتان، ئەفسانەی ژاپۆنی، ئەفسانەی فیرعەونی، ئەفسانەی ئەفریقی، درەختی چل داستان، خەڵك بەچی دەژین و چیرۆکی بەرئاگردان)بەنمونە) دایە، توێژینەوەیەکی وەسفی مەیدانییە. زمانی کوردی خاوەنی یاسا و دەستوری خۆیەتی و زۆربەی وشەکانی وشەی ڕەسەنن و کەرەسەی سەرەکی زمانی میللەتی کوردە. عەزیز گەردی لە وەرگێڕانەکانیدا هەوڵیداوە سوود لە زمانی میللی و وشەڕەسەنەکانی زارە کوردییەکان وەربگرێت، بە تایبەت ئەوانەی دەگمەنن و لە ئاخاوتن دا کەم بەکاردەهێنرێت، ئەمەشی بۆ ئەوەبوو تاکو وشەکان هەم لە فەوتان بپارێزێت و زیندوویان بکاتەوە، هەمیش خوێنەری هەموو زارەکانی زمانی کوردی لێی تێبگەن.
توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بریتییە لە چوارچێوەیەکی تیۆری باسەکە (وشە، جۆرەکانی وشە لەڕووی بەکارهێنانەوە، ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی). بەشی دووەم بریتییە لەلایەنی پراکتیکی(وشەی ناوچەیی،زارەکانی زمانی کوردی، وشەی کرمانجی سەروو، وشەی کرمانجی ناوەڕاست و وشەی هەورامی)، لەگەڵ پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



کلیلی وشە: وشەی دەگمەن، وشەی ڕەسەن، زمانی ئاخاوتن، وشەی هە ورامی، وشەی نوێباو.

## پێشەکی

بەکارهێنانی وشە ڕەسەنە دەگمەنەکان لە نوسینی ڕۆمان و هونەری وەرگێڕانی ئەفسانەکان گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە ئەفسانە حیکایەتە و زمانێکی میللیانەی پێویستە، واتە پێویستی بە زمانی ئاخاوتن هەیە نەك زمانی ستاندارد . زمانی ئاخاوتنیش بۆ نوسینی ڕۆمان و ئەفسانە و وەرگێڕان پێویستە. ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی(وشە ڕەسە نە دەگمەنەکانی زارە کوردییەکان لە وەرگێڕانەکانی عەزیز گەردی)دا کتێبی(یەزداندوخت، خواوشەیتان، ئەفسانەی ژاپۆنی، ئەفسانەی فیرعەونی،ئەفسانەی ئەفریقی،درەختی چل داستان،خەڵك بە چی دەژین و چیرۆکی بەرئاگردان) بە نمونە)دایە. توێژینەوەیەکی وەسفی مەیدانییە، لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم لایەنی تیۆرییە(وشە، جۆرە کانی وشە لەڕووی بەکارهێنانەوە، ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی وشەی زمانی کوردی). بەشی دووەم لایەنی پراکتیکییە(وشەی ناوچەیی، زارەکانی زمانی کوردی، وشەی کرمانجی سەروو، وشەی کرمانجی ناوەڕاست و وشەی هەورامی) لەگەڵ پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

## ١_١/ وشە:

وشە یەکێکە لە گرنگترین کەرەسە زمانەوانییەکان، هەر نەتەوەیەك بەجۆرێك هەوڵی پاراستنی بۆ داوە بۆئەوەی زمانە کەیان دەوڵەمەندبێت و بەرەو پێش بچێت، (وشە کەرەستەیەکی زمانەوانییە، ڕۆڵێکی گرنگ لە دەربڕینی ڕیزکردنی بیرە کانی مرۆڤ دەبینێت، لە بانکی مێشك و لەناو فەرهەنگ دا شوێنی بۆ دادەنرێت)(زەنگەنە،٢٠٠٣: ٢٤٨). کامیل بەسیر پێیوایە((وشە ژمارەیەکی وشك و نیشانەیەکی مردوو بۆ واتایەك نییە، بەڵکو توخمێکی زیندووە و بە ژیانی ئەو میللە تەی بەکاري ئەهێنێ ئەژی و بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵئەستێ))(بەسیر،١٩٧٤: ٧٥٣ ). کەواتە دەکرێ بوترێ ((وشە وەکو زیندەوەر وایە، لەدایك دەبێ و دەمرێ، پێویستی ژیان و بیری و مرۆڤ وادەکات وشە لەدایك ببێ، نەمانی پێویستییەکەش وا دەکات وشەکەی بەکارنەیەت و وردە وردە لەبیربچێتەوە))(زەنگەنە،٢٠٠٣: ٢٤٩)، زۆرجاریش بەرەو نە مان و مردن دەچێت، بەڵام زمان هەمیشە لە گەشە و گۆڕاندابوە. یەك لەو بەشانەی لە زماندا کە گۆڕانی بەسەردابێت دەنگە لە سنووری وشەدا، هەروەها گرنگی و بەهای وشەش لەوەدا دەردەکەوێت کە (بنچێکی قووڵ و پتەوی هەیە و بەرهەمی کەڵەکەبووی تاقیکردنەوە یەك لەدوای یەکی عەقڵ و بیری مرۆڤە و بەلایەنی سایکۆلۆژی ئەوەوە توند گرێدراوە)(سدیق،٢٠١١: ١٢)، لەم بارەیەوە وشە لە زمانی کوردیدا بە چەند جۆرێك پۆلین کراوە:

## ١_١_٢/ جۆرەکانی وشە لەڕووی بەکارهێنانەوە:

### ١_١_٢_١/ وشەی ڕەسەن (کوردی پەتی):

وشەی ڕەسەن (ئەو وشانەن کە لە سەدەی نۆیەمی دوای زایینەوە تا ئەمڕۆ پەیدابوون) (حاجی مارف،١٩٧٥: ٣٦ ). زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە و خاوەنی دەستور و ڕێزمان و یاسای زمانی تایبەت بەخۆی هەیە و هەر بۆیە هە ندێ لەو وشە پەتییانەی کە لە زمانی کوردیدا دەبینرێن لە هیچ زمانێکی تردا بەدیناکرێن وەك وشەی: دایك، مام، چیا، بەرد،...هتد، واتە زۆربەی وشەکانی زمانی کوردی وشەی ڕەسەنن و کەرەسەی سەرەکی زمانی نەتەوەی کوردە.

## ١_١_٢_٢/ وشەی وەرگیراو:

وەرگرتنی وشە لە زماندا دیاردەیەکی سروشتی یەو لە توانای هیچ کەس و دەسەڵاتێك دا نییە ڕێگری لە هاتنی وشە بۆ ناو زمانی خۆماڵی بکات (حمید،٢٠٠٩: ٨١). هەموو زمانێك لە داڕشتنی وشەدا دەستووری تایبەت بە خۆی هەیە کە لە کاتی وەرگرتنی وشەیەکی بێگانە بۆ ناو زمانی خۆماڵی، ئەوا دەنگەکانی دەکەوێتە ژێر کاریگەری فۆنەتیك و دەستووری وشەسازی کوردییەوە و بەرگێکی خۆماڵی بەبەردا دەکرێت (البصیر،١٩٧٩: ٥٤_٥٥). هەندێجار دیاردەی وەرگرتنی وشە دە گەڕێتەوە بۆ سەرسام بوون بەزمانی لێ وەرگیراو، بەتایبەت ئەوانەی شارەزاییان لە زمانێکیتر هەیە، ئەمەش وادەکات شێوەی زمانەکەی بگۆڕێت و وشە وەرگیراوەکان لەگەڵ زمانە ڕەسەنەکەی خۆی تێکەڵ بکات، زۆرجاریش وەرگرتن هەڵ قووڵاوی پێویستییەکانی ژیانە،(پێویستییەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ، لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانی کۆمەڵدا دە گۆڕێت و زیاد دەکات و پێویستی تازەی ژیانی کۆمەڵ لە گەشەو گۆڕانیدا دێتە کایەوە، ئەو پێویستییانە، پێویستیان بە زمانی دەربڕین هەیە، واتە زمانێك دەبێت لەگەڵ ئەو گۆڕان و پێشکەوتنەدا بگونجێت) (شوانی :١٩:١٩٩٨)، وەك وشە ی (سەعات، قەلعە، قەڵەم، کۆمپیوتەر،...هتد).

## ١_١_٢_٣/ وشەی مردوو:

وشەی مردوو ئەو وشانەن، کە بونیان لەناو زماندا نامێنێ و ئاخێوەران چیتر لە ئاخاوتنی ڕۆژانەیاندا بەکارناهێنن، سەرە نجام وشەکە دەمرێت، (هەر وشەیەك لە زماندا نەمێنێ و بمرێت، هەر ئەوەندە نییە کە تەنها لەبەرچاو ون بێت، بەڵکو ئیتر کەس بیری لێ ناکاتەوە و بەکاری ناهێنێت، تا لە ئەنجامدا نامێنێ و دەمرێت) (Victoria,٢٠٠٣:١٥٠). کەواتە دە توانین بڵێین((ئەو وشانەی لەکاردەکەون و پەکیان دەکەوێ و کۆن دەبن و بەرەو سوان دەڕۆن بریتین لە وشەی مردە)) (مارف،١٩٧٥: ٤٩)، وەك وشەی: کەدینە، تامپۆن، سۆل، جزمە،...هتد.

## ١_١_٢_٤_وشەی نوێباو:

وشەی نوێباو، وشەیەکە، بەم ساڵانەی دوایی لە سەدەی بیستەم بەگشتی هاتۆتە ناو زمان و گەشەی کردووە، لە زماندا بەکارهێنانی مانایەکی نوێیە بۆ وشەیەکی کۆن، هێشتا لەنێو کۆمەڵگادا نەبۆتە نەریت و وشەیەکی ناچالاکە. لە فەرهەنگ و کتێبە جیهانییەکاندا پێناسەی جۆراوجۆر بۆ وشەی نوێباو کراوە، لەوانە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد ساڵی(١٩٩٨) وەك (بەکارهێنانی وشەیەکی داهێنراوی نوێ یا دەربڕینێك) پێناسەی وشەی نوێباو دەکات(Oxford dictionary ,١٩٩٨:٦). ئەوڕەحمانی حاجی مارفیش (ئەو وشە نوێیانەی هێشتا بەتەواوی لە ناو زماندا ڕەگیان دانە کوتاوە یانیش تازە هاتونەتە ناو زمانەوە ناو دەنێت وشەی نوێباو) (حاجی مارف،١٩٧٥: ٤٩). هەروەها بەپێی بۆچوونی جۆن ئەلگیۆ ساڵی (١٩٩١)، وشەی نوێ بەکارهێنانی فۆڕمێکە کە لە فەرهەنگە گشتییەکاندا تۆمار نەکراوە. فۆڕمەکە لە وانەیە بەشێوەی سادە وەك وشەی (بێتەل) یا بەشێوەی ناسادە وەك وشەی (ئاسان سوار/ئاسان سۆر) یاخود تەنانە ت بەشێوەی فرێزی ئیدیەمی نوسراوە ((Algeo,١٩٩١:٢، بەڵام سەرەکیترینیان (وشەیەکی نوێ یا فرێزێکە لەناو زماندا، یاخود ئەو وشەیەی کە ئێستا هەیە بە تەواوی مانایەکی نوێ دەدات بە دەستەوە و زیاتر وەك دراوێکی نوێ بە کاردێت. وەك ئەرکێکی نۆێگەراییەکان خزمەتکردنە بۆ بۆنەیەکی دیاریکراو کە بە تێپەڕبوونی کات ڕەنگە بەخێرایی ون ببن وەك ئەوەی لە زماندا ڕوودەدەن)) (Gonsarova,٢٠١٣:٧).

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

## ١_١_٢_٥_وشەی چالاك:

وشەی چالاك ئەو وشانە دەگرێتەوە كە لە ئاخاوتنی ئاسایی ڕۆژانەدا بەكاردەهێنرێن و دووبارە دەبنەوە، هەروەها لە نوسراو و كتێبەكان دا دەبینرێن،(وشەی چاڵاك ئەوانەن كە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەكاردەهێنرێن وهەردەم لەسەر زارن و لە چاپەمەنێكاندا بەرچاو دەكەون) (مارف،١٩٧٥: ٤٩). هەموو ئەو وشانەی كە ڕۆژانە بەردەوام لە ئاخاوتندا بەكاریان دە هێنین وشەی چالاكن، وەكو وشەكانی(سڵاوكردن، خواحافیزی، بانگردن، ناوهێنانی شتەكان،...هتد).

## ١_١_٢_٦_ وشەی دەگمەن:

وشەی دەگمەن بەو وشانە دەگوترێ، كە زۆر بە كەمی لە سەر زاری خەڵك بەكاردێن و دەبیسترێن، تەنیا لەلایەن كەسە هەرە بەتەمەنەكانەوە بەكاردێن و نەوەی نوێ گوێبیستیان نەبوون، واتە لەلایەن چینیكی دیاریكراووەوە بەكاردێن. هەر زار و شێوەزارێكیش وشەی دەگمەنی تایبەت بە ناوچەكەی خۆی هەیە و جیاوازە لە هی زار و شێوەزارێكی تر، وەك وشە ی (چەكچەكیلە، نۆین، شەماتە، خاپینۆك، مۆچیاری، زنج،..هتد).

## ١_٢/ دووەم: (دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمانی كوردی)
## ١_٢_١/ڕێگاكانی دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمانی كوردی:

وشەكانی زمان بەردەوام لەگەشەكردندان، چونكە جیهانی وشە جیهانێكی فراوانە و لایەنێكی گەورەی زمانەكە پێكدە هێنێت، هەركاتێ (وشەیەك هەڵبژێردرێت یاخود زاراوەیەك سازبكرێت، ئەوا پەنا بۆ فەرهەنگی بنەڕەتی دەبرێت، كە دە بێتە بنچینەیەك بۆ سازكردنی وشەی تر لە زماندا)(حوسێن،٢٠١٠: ٢٠). هەرچەند وشەكانی زمانێك گەشە بكەن، ئەوا فە رهەنگەكەشی گەشە دەكات و زمانەكەشی لە لەناوچون دەپارێزێ. بێگومان ڕیگاكانی سازكردنی وشە و دەوڵەمە ندكردنی زۆرن، بەڵام سەرەكیترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

## ١_٢_١_١/ داڕشتن:

داڕشتن یەكێكە لە ڕێگا زۆر چاڵاكەكانی دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگ لە زمانی كوردیدا، (بەهۆی خستنەسەری یەكێك لە ئەفێكسەكان بۆ سەر ڕەگێك وشەیەكی نوێ بەواتایەكی نوێ دروست دەبێت)(عەبدولڕەحیم،٢٠١٤: ٢٦) هەروەها لە (ناوێكی سادەی واتادار و زیادیەك لەدایك بووە، ئەم زیادیەشی پێشگر یا پاشگرە یا هەردوكیانە)(البصیر،١٩٧٩: ٧٠)، یان ئەو(وشە ناسادەیە كە لە وشەیەكی سادە و زیادییەك كە پێشگگر یا پاشگر یا هەردووكیان پێكەوەبن پێكدێ)(مارف٢، ١٩٧٧: ٤٨_٤٩) وەكو وشەكانی: مۆچیاری، هاوسەر، ڕاگر،...هتد.

## ١_٢_١_٢/ لێكدان:

لێكدان ڕێگایەكی تری دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی وشەیە، كە لە ئەنجامی لێكدانی دوو وشەی واتادار بەیارمەتی ئامرازی لێكدەر یا بێ ئامرازی لێكدەر، وشەیەكی نوێ بەرهەم دێت، لەڕووی فۆڕمیشەوە

لە بەشی دووەم وشەكانی(چەكچەكیلە، نۆین، شەماتە، خاپینۆك، مۆچیاری، زنج،..هتد)واتاكانیان ڕوونكراونەتەوە.

لێکدانی دوو مۆرفیمی سەربەخۆیە بەبێ ئامراز، یان بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە، یاخود لە(بناغەیەك زیاتر، کە زۆربەیان واتادارن) (تۆفیق،٢٠٠٨: ٥٧)پێکدێت. لەڕووی دروستبوونی وشەوە، ڕێگای لێکدان(ڕێگایەکی بە بەرهەمە لە زۆربەی زمانەکانی جیهانی وەك زمانی ئینگلیزی و زمانی ئەڵمانی)(Yule,٢٠٠٦:٥٤)، هەروەها بە یەکێك لە ڕێگە سەرەکیەکانی بەرهەمهێنانی فەرهەنگی وشەی زمانی کوردی دادەنرێت، وەك وشەی: سەرەسمك، مانگەشەو،لێوئاڵ، وردەنیگا، دووڕوو، پیرەژن،... هتد.

## ١_٢_١_٣_ئاوێتەکردن:

ئاوێتەکردن ڕێگایەکە لە زمانی کوردی و زۆربەی زمانانی جیهاندا باوە، هەروەها لە ڕاگەیاندن و بواری زاراوە زانستییە کانیشدا ڕێگایەکی بڵاوو بە بەرهەمە(ئەحمەد،٢٠١٠: ٣١)، کە بریتیە لە ئاوێتەکردنی دوو مۆرفیمی سەربەخۆ، دوای قرتانی بەشێك لە دەنگەکانیان لە سەرەتا یا لەکۆتایی وشەکان، وشەیەکی نوێی ئاوێتەکراو بەرهەمدێت. (بە بۆچونی دیساسۆر DE Saussure ئاوێتەکردن پێکەوەنوساندنی دوو یەکەی زۆر باو و بەکارهاتوی زمانە لە ڕستەدا لەشێوەی سینتاگمێکدا، تا وایان لێدێت جیاکردنەوەو شیکردنەوەیان ئەستەم دەبێت)(عبدالله،٢٠١٦: ١١٦). وەك وشەی:مۆبتێل، ڕۆڤار، ئۆڕاسیا، خورمیژ، سەرکۆمار...هتد.

## ١_٢_١_٤_وەرگێڕان:

لە هەموو جیهاندا هیچ نەتەوەیەك نادۆزینەوە فەرهەنگی وشەی زمانەکەی پەتی بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویست دە بێت وشە و زاراوە وەربگێڕدرێت، چونکە زمان ناتوانێت لە چوارچێوەی وشەی خۆماڵیدا گەشە بکات و بەردەوام بێت. (وەرگێڕ، لە زمانی کوردیدا، بەرانبەر بەو چەمك و واتایە بەدوای زاراوەیەکدا دەگەڕێت، کە هەمان واتای زاراوە بیانییەکە بدات، ئینجا بەکاری دێنێت)(حەمید،٢٠٠٩: ٤٩) وەك وشەکانی:

مۆڵەت: اجازة

وەرگێڕ: مترجم

ئەستۆپاکی: براءة الذمة

ساڵیانە: سنوي

هەناوبینی:ناظور

هەستیاری:حساسية

## ١_٢_١_٥_ئەکرۆنیم:

ڕیگایەکی تری پێکهاتن و دەوڵەمەندکردنی وشەی نوێیە، ڕێگایەکی باووبڵاوی جیهانیە، بەوەی کە (دەنگی یەکەمی بڕگەی یەکەمی وشە لێکدراوەکان و فرێزەکان وەردەگیرێت و پاشان لێکدەدرێن) (خۆشناو،٢٠١٦: ١٢٨). وەك وشەی: پ.ز، د.خ،PDK،KNN، پەکەکە، حەسەکە، NASA،BBC، fb،...هتد. هەروەها ناوی تاوانبارانیش بەشێوەی ئە کرۆنیم دەنوسرێت، جگە لەمانەش نازناوی شاعیرانیش بەشێوەی ئەکرۆنیم دەنوسرێت، وەك: ع،ع، شەونم،...هتد.

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

## بەشی دووەم: وشە ڕەسەنە دەگمەنەکانی زارە کوردییەکان، لە زمانی وەرگێڕانی "عەزیز گەردی"

### ٢_١/ (وشە ناوچەییەکانی زمانی وەرگێڕانی "عەزیز گەردی"، زارەکانی زمانی کوردی)

### ٢_١_١/ وشە ناوچەییەکانی زمانی وەرگێڕانی "عەزیز گەردی":

بەرلەوەی باسی بایەخی وشە ناوچەییەکان لای "عەزیز گەردی" بخەینەڕوو، سەرەتا دەمانەوێت بە زمانی ناوچەیی ئاشنا بین، ئەویش ئەو زمانەیە کە هەندێجار بە هۆی سیاسی و هەندێجاریش بە هۆکاری جوگرافییەوە دروستدەبێت، سنووری بەکارهێنانی زمانی ناوچەیی فراوانە و هەندێجار بەشی هەرزۆری وڵاتێک دەگرێتەوە، هەروەها لەڕێگای زمانی ناوچەییەوە دەتوانرێت کەسایەتی و ناسنامەی کۆمەڵایەتی و شوێنی نیشتەجێبوونی کەسێک بزانرێت، کە سەر بە کام زار و شێوەزارە، دەشێت بەهۆی پێشکەوتنییەوە ببێتە بنەمای دروستبوونی زمانی ستاندارد (کاکەڕەش، ٢٠٢٢: ١٧٩). دیارە زمانی ناوچەیی چەند خەسڵەتێکی دیاریکراوی هەیە لەوانە: لە سنووری ناوچەیەکی دیاریکراو بەکاردێت و تایبەتمەندی ناوچەکەی هەڵگرتووە، بەپێی کۆمەڵێک هۆکار جیادەکرێنەوە لەیەکتر. هەڵکەوتەی جوگرافیش بنەمای سەرەکیی دروستبوونی زمانی ناوچەییە، بۆیە بایەخی وشەکانی ئەم زمانە تایبەتیە(بەتایبەت وشەی زمانی ئاخاوتن)، گەر بۆ کەسێکی ئاسایی گرنگ بێت، ئەوا بۆ وەرگێڕێکی وەکو "عەزیز گەردی" گرنگییەکەی زۆرتری دەبێ، هەر لە سەرەتای کارە وەرگێڕانەکانی بە وشە ڕەسەن و دەگمەنەکانی زمانی ناوچەیی پاراو زمانی "عەزیز گەردی" دەناسینەوە، جیا لە ناوەڕۆکێکی پەتیی و پاراو لە کۆتایی هەموو کتێبە وەرگێڕانەکانی فەرهەنگۆکێکی ئەم وشە ناوچەییانە دەبیندرێ. جگە لەوەش هەر لە ناوەڕۆکی مێژووی کاری وەرگێڕانی "عەزیز گەردی" وردبینەوە دەبینین، بایەخێکی زۆری بە ئەفسانە و داستانە فۆلکلۆرییکان داوە و هەوڵیداوە ئەو وشە ناوچەییانەی دەیزانێ و کۆیکردوونەتەوە، لە وەرگێرانی چیرۆکی منداڵانە و داستان و ئەفسانە فۆلکلۆرییەکان بەکاری بهێنێت. ئێمەش لێرەدا بەپێی توانا لە وەرگێڕانەکانی "عەزیز گەردی" چەند وشەیەکی ناوچەییمان هەڵێنجاوە، هەوڵمانداوە بگەینە ئەم ڕاستییەی سەرچاوەی جوگرافیی وشەکان بدۆزینەوە، هەڵبەتە وەک پێوەرێکی زانستی، لە هەندێک لە وشەکان پشتمان بە قسەپێکەری ئەم ناوچەیە، یاخود نووسەر و وەرگێڕێکی ناوچەکە بەستووە کە شارەزاییەکی زانستی دەربارەی وشەکان هەیە:

## ٢_وشەی تایبەت بە شێوەئاخاوتنی دەڤەری "خۆشناوەتی":

١_هیزە: لە دەڤەری خۆشناوەتیی بەکاردێت، کە بە واتای گۆزەی ڕۆن دێت، لە هەندێ گوندی دەشتی هەریر و گوندە کانی(مامەجەلکە،گەرەوان،بەرەکە، کەوەرتیان و ئەسپیندارە) بەکاردێت . لە فەرهەنگی "هەنبانە بۆرینە، خاڵ، شێخانی" بە واتای (پێستی خۆشکراوی هەندێ گیاندارە کە ڕۆن و دۆشاوی تێ دەکرێ، خیگەی بە تووکەوە) هاتووە. "عەزیز گەردی" لە وەرگێڕانی "ئەفسانەی ئەفریقی" بەمجۆرە هێناویەتی: (تینۆ) لە ڕقان بوو بە هیزەی زەهیر (ئەفسانەی ئەفریقی، ٢٠١٢: ١٣٥).

٢_بنەتا: لە دەڤەری خۆشناوەتی بە واتای ئەو بارەی کە لە وڵخ باردەکرێ دێت، بەکاردێت، کە لە هەندێ گوندی دەشتی هەریر و گوندەکانی(مامەجەلکە،گەرەوان،بەرەکە، کەوەرتیان و ئەسپیندارە) بەکاردێت. لە فەرهەنگی (شێخانی) بە واتای (کۆتایی) هاتووە، "عەزیز گەردی" لە وەرگێڕانی "ئەفسانەی ئەفریقی" بەمجۆرە هێناویەتی: ئێستا بەسەرهاتی خۆتم، لە سەرەتاوە تا بنەتا، بۆ بگێڕەوە. (ئەفسانەی ئەفریقی، ٢٠١٢: ٤٨).

٣_سراو: لە دەڤەری خۆشناوەتی کە بە واتای (کانی ژنان) دێت، بەکاردێت، کە لە هەندێ گوندی دەشتی هەریر و گوندە کانی (مامەجەلکە،گەرەوان،بەرەکە، کەوەرتیان و ئەسپیندارە) بەکاردێت لە فەرهەنگی (شێخانی) بەواتای (سەرئاو) هاتووە، "عەزیز گەردی" لە وەرگێڕانی "ئەفسانەی ئەفریقی" بەمجۆرە هێناویەتی: (زارا) بیری کەوتەوە ئەو ڕۆژەی چوونە سراوێ چەند شادو بەختەوەر بوون (ئەفسانەی ئەفریقی، ٢٠١٢: ٦).

٤_چەکچەکیلە: لە دەڤەری خۆشناوەتیی بەکاردێت، بەتایبەتی لە گوندی (مەلەکان و سکتان). لە فەرهەنگی "هەنبانە بۆرینە" بە واتای (شەمشەمەکوێرە) هاتووە. "عەزیز گەردی" لە وەرگێڕانی "ئەفسانەی ئەفریقی" بەمجۆرە هێناویەتی: تەنانەت لەگەڵ چەکچەچێلەش، هەر بەم جۆرە بوو، بەور هیچ برادەری نەمابوو (ئەفسانەی ئەفریقی، ٢٠١٢: ١٥١).

٥_سەرەسمک: لە دەڤەری خۆشناوەتیی بەکاردێت، کە بە واتای نووکی پێ یا سەری پەنجەی پێ دێت. لە فەرهەنگی "شێخانی" بە واتای (نووکی پێ) یاخود سەری پەنجە هاتووە. "عەزیز گەردی" لە وەرگێڕانی "چیرۆکێن ناو بەندیخانە"ی "عەلی ئەشرەف دەروێشیان" بەمجۆرە هێناویەتی: سەرەسمکی بابەم بینی لەبن پەتوو هاتبووە دەرێ و بەخوێن بوو (دەروێشیان، ٢٠١٩: ١٨).

٦_گۆڕایی: لە دەڤەری خۆشناوەتی بەکاردێت، کە بەواتای زەوی تەخت دێت. لە فەرهەنگی (ڕێژگە) بە واتای (دەشتایی، تەختان) هاتووە، "عەزیز گەردی" لە وەرگێڕانی "ئەفسانەی ئەفریقی" بەمجۆرە هێناویەتی: بواریان نەبوو لە شوێنی خۆیان بجووڵێنەوە، مرۆڤی سپی چووە ناو گۆڕاییەکە و هاواری کرد (ئەفسانەی ئەفریقی، ٢٠١٢: ١١٣).

٧_تانۆک: لە دەڤەری خۆشناوەتی بەکاردێت، کە بەواتای پەرژینی (لە دارمێو یان تەڕاش دروستکراو) ڕەز و باخ دێت. لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە، کانی) بە واتای (دیواری نزمی لە شووڵ تەنراو) هاتووە، "عەزیز گەردی" لە وەرگێڕانی "ئەفسانەی ئەفریقی" بەمجۆرە هێناویەتی: (لۆبۆ) زۆر بە شێنەیی و وریایی خۆی بۆ سەختتین ئیش ئامادە کرد ئەویش ئەوە بوو بەوپەڕی کپی و بێدەنگی کەلەشی ئاسکەکە بۆ لای تانۆکەکە ڕابکێشێ (ئەفسانەی ئەفریقی، ٢٠١٢: ١٣٠).

٨_لەمەچێتر: لە دەڤەری خۆشناوەتی بەکاردێت، کە بەواتای جنۆکە دێت. لە فەرهەنگی "ڕێژگە" بە واتای: (لە ئێمە باشتر، پەری، فریشتە، جندۆکە) هاتووە. "عەزیز گەردی" لە وەرگێڕانی "ئەفسانەی فیرعەونی" بەمجۆرە بەکاری هێناوە: جا کە تەبیبی میسر گەیشتە وڵاتی (بەختەن)، دیتی شازادە خانم (بنت رەشت) لەمەچێتر دەستیان لێ وەشاندووە (ئەفسانە، ٢٠١٥: ١٢٠).

بۆ وشەکانی(هیزە، بنەتا، سراو)، زانیاری لە (د. خەسرۆ ئەحمەد رەسول) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٣/٢٥وەرگیراوە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

* بۆ وشەکانی (چەکچەچیلە، سەرەسمک، گۆڕایی، تانۆک، لەمەچێتر، گۆڕین) زانیاری لە قسەپێکەری گوندی (سکتان)، (حەلیم حەمەدەمین، تەمەنی ٧٧ ساڵ) وەرگیراوە، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٣/٩

٩_گۆڕین:لە دەڤەری خۆشناوەتی بەکاردێت، کە بەواتای (پێشتر، فلان) دێت. لە فەرهەنگەکانی: (خاڵ، هەنبانەبۆرینە و کانی) بەواتای: (هین، یارۆ، بەر لە ئێستا، ناوبراو)هاتووە. "عەزیز گەردی" لە وەرگێڕانی"ئەفسانەی ژاپۆنی" بەمجۆرە بەکاریهێناوە: شۆڕەسواری سەرگەردانی گۆڕین و ڕاهیبی میهرەبان بە جۆرێ قسەیان لەگەڵ یەک دەکرد وەکو ئەوەی دووبارە بووبنەوە بە برادەری جاران(شالی، ٢٠١٢، ٩٤).

## ٣_وشەی تایبەت بە شێوەئاخاوتنی شارەدێی "بەحرکە" و عەشیرەتی "گەردی":

١_مرتومۆ: بە گۆڕانی فۆنەتیکییەوە لە شارەدێی (بەحرکە)ی نزیک هەولێر بەکاردێت و تایبەتە بە عەشیرەتی (گەردی). لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە) لە ژێر ناوی (مڵۆمۆ) بە واتای (گەڕان و بۆنکردنی زەمین بۆ پەیدا کردن) هاتووە. لێرەوە ئەو گۆڕانە ناوچەییە دەبینین کە هۆکاری جۆگرافی و ژینگەیی بەسەر وشەیەکدا دەیهێنن. "عەزیز گەردی" لە وەرگێڕانی "ئەفسانەی ئەفریقی" بەمجۆرە هێناویەتی: شەوێکیان فیزماڵکی لێداو بۆی دەرچوو، بە لووتی مرت و مۆی کرد و شوونی هەڵگرت و بەدوای هۆبەکەدا گەڕا (ئەفسانەی ئەفریقی، ٢٠١٢: ١١٨).
٢_کەوەڕێ: لە شارەدێی (بەحرکە)ی نزیک هەولێر بەکاردێت و تایبەتە بە عەشیرەتی (گەردی). لە فەرهەنگی (خاڵ، شێخانی) بە واتای (بێزاربوون لە لەشی خۆت، قەلق، ڕاڕا) هاتووە. "عەزیز گەردی" لە وەرگێڕانی "ئەفسانەی ئەفریقی" بەمجۆرە هێناویەتی: (مەلا) پەردەیەکی کەوەڕێی بەسەر دەم و چاودا هات (ئەفسانەی ئەفریقی، ٢٠١٢: ٧٢).
٣_نیخە نیخ: لە شارەدێی (بەحرکە)ی نزیک هەولێر بەکاردێت و تایبەتە بە عەشیرەتی (گەردی). لە فەرهەنگی (ڕێژگە) بە واتای (سیخە سیخ، هەناسەسوار بوون و دەنگ لێ هاتنی سینگ) هاتووە. "عەزیز گەردی" لە وەرگێڕانی "ئەفسانەی ئەفریقی" بەمجۆرە هێناویەتی: کیسەڵ بە نیخە نیخ گوتی (ئەفسانەی ئەفریقی، ٢٠١٢: ١٦٣).
٤_کەور: لە شارەدێی (بەحرکە)ی نزیک هەولێر بەکاردێت و تایبەتە بە عەشیرەتی (گەردی). لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە، شێخانی) بە واتای (بەرد، ئەشکەوت، بزنی سپی، عاسی، پێست) هاتووە. "عەزیز گەردی" لە وەرگێڕانی "ئەفسانەی ئەفریقی" بەمجۆرە هێناویەتی: (پیر) تەماشای کرد، چڵە دارێکی بچووکی بینی لەبەر گرانایی چەمابووەوە سەر زەوی و لە پشت چڵە دارەکەوە کونێکی لەناو کەوران بینی (ئەفسانەی ئەفریقی، ٢٠١٢: ١٣٠).

* بۆ وشەکانی (مرتومۆ، کەوەڕێ، نیخەنیخ، کەور) زانیاری لە قسەپێکەری شارەدێی (بەحرکە)، (عەبدولقەهار گەردی، تەمەنی ٦٧ ساڵ) وەرگیراوە، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٣/٢٤

### ٤_وشەی تایبەت بە شێوەئاخاوتنی چەند ناوچەیەکی تر:

١_بەرغ: لە گوندی (پیرەش) بەکارهاتووە و بە دیاریکراوی عەشیرەتی (بلباس) ئێستا خاوەندارێتی دەکەن. لە فەرهەنگۆکی "درەختی چل داستان" وەرگێڕ (عەزیز گەردی) بە مانای (ئاوبەند، ئەو شوێنەی ڕووبارە کە بە بەرد و قوڕ دەیگرن بۆ ئەوەی ئاوەکە بچێتە جۆگایەکی تر) ڕوونی کردووەتەوە و خۆشی لە وەرگێڕانی "درەختی چل دەستان"ی "کانیمال"دا بەم جۆرە بەکاری هێناوە: ڕێوی دەستی دایە بێڵەکە و بەرغی جۆگای کردەوە بۆئەوەی ئاو بۆ دارببیەکەی پووره گوڵستان بچێ (کانیمال، ٢٠٠٧: ٣٠).

٢_شاش: لە دەڤەری (شنگال) بەکاردێت، لە فەرهەنگی (خاڵ، هەنبانە بۆرینە، کانی، شێخانی) بە واتای (سەرپێچ، بیربڵو، سەهوکار، هەڵە، نەزان) هاتووە، کەچی "عەزیز گەردی" بە واتای (وڕماوی و سەرسوڕماو)ی لە وەرگێڕانی "ئەفسانەی ئەفریقی" بەکاریهێناوە: بەڵام کە دیتی پیرەژنەکە لە تەنیشتی وەستاوە، هەر شاش ما! (ئەفسانەی ئەفریقی، ٢٠١٢: ١٠٢).

٣_هەلێ:عەشیرەتی زێباری بە (ڤێ هەلێ) بەکاری دەهێنن، لە فەرهەنگا کانی بە مانای (کەرەتێ، جارێک) هاتووە. عەزیز گەردی لە "خوا و شەیتان"ی "تۆڵستۆی" بەم شێوەیە هێناویەتی: ئەسپەکە چەلێ ئەو گوێیەی مووت کردەوە و هەلێ، ئەوەی تر (تۆڵستۆی، ٢٠١٩: ٣٠).

* بۆ وشەی (بەرغ) زانیاری لە قسەپێکەری گوندی (پیرەش)، (بەدیعە مەجید، تەمەنی ٦٩ ساڵ) وەرگیراوە، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٣/٢٤، بۆ وشەی (شاش) زانیاری لە قسەپێکەری دەڤەری شەنگال، (هاجەر مستەفا، تەمەن ٧٦ ساڵ) وەرگیراوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٣/٢٥. بۆ وشەی (هەلێ) زانیاری لە قسەپێکەری (ئاکرێ)، (میقداد ئەحمەد، تەمەنی ٣٩ ساڵ) وەرگیراوە، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٢/٥.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## ٥_زارەکانی زمانی کوردی:

تا ئێستا زۆرجۆر دابەشکردن بۆ زارەکانی زمانی کوردی کراوە، هەر لە دابەشکردنی میر شەرەفخانی بەدلیسییەوە بگرە تاوەکوو دابەشکردنی گەرۆکە بیانی و پسپۆڕانی شارەزای وەکوو: (جەمال نەبەز، عیزەدین مستەفا ڕەسوول، شێخ محەمەدی خاڵ، تۆفیق وەهبی و گیوی موکریانی...تاد). "د. فوئاد حەمە خورشید" لە کتێبی (زمانی کوردی و دیالێکتەکانی) بەم جۆرە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە:

١_ دیالێکتی کرمانجیی باکوور.

٢_ دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست.

٣_ دیالێکتی کرمانجیی باشوور.

٤_ دیالێکتی گۆران. (خورشید، ٢٠٠٨: ٣٩)

زاری کرمانجیی باکوور: ئەم دیالێکتە لە هەموو زارەکانی تری زمانی کوردی فراوانترە و زۆرترە و بێگومان چەند لقە دیالێکتێکی ناوچەیی لێ بووەتەوە، بەڵام کەمێکیش نەبێ، جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە نێواندا نییە، دەشێش بەم جۆرە ڕیز بکرێن: (بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بادینانی، دیالێکتی خۆرئاوا) (خورشید، ٢٠٠٨: ٥٣).

زاری کرمانجیی ناوەڕاست: ناوی دیالێکتەکە لە جوگرافیای ناوچەکە وەرگیراوە، کە دەکەوێتە ناوەندی کوردستانەوە. لە باشوور تا چەمی سیروان و شاری خانەقین کشاوە. لە خۆرئاواشەوە، هەر لە خۆرهەلاتی زورگەکانی حەمرینەوە، بەرەو خۆرهەلات دەیگرێتەوە تا دەگاتە ئەو هێڵەی بە کێوی سەهەند – مەسیر ئاباد – بیجاڕ و ئەسەداوادا دەڕوات، ئەم دیالێکتە پێنج دیالێکتی ناوچەیی تری لێ بووەتەوە: (موکری، سۆرانی، ئەردەڵانی، سلێمانی، گەرمیانی) دەگرێتەوە (خورشید، ٢٠٠٨: ٥٥).

زاری گۆران (هەورامی): ئەم دیالێکتە لە باکووری ڕێگەی نێوان قەسری شیرین دەست پێ دەکات، بەرەو شاخەکانی هەورامان، گۆران لەم هەرێمەدا لە چەند تیرەیەکی یەکگرتوو پێکهاتووە و بەیەک دیالێکت دەدوێن کە دیالێکتی گۆرانە و هەر بەو ناوەشەوە ناودەبرێت. لەچوار لق پێکدێت کە ئەمانەن: (گۆرانی ڕەسەن، هەورامانی، باجەلانی، زازا). (خورشید، ٢٠٠٨: ٦٦).

زاری کرمانجیی باشوور: یەکێکی ترە لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی، زۆرینەی تیرەکانی لوڕی پێ دەدوێن، ئەم هەرێمە گەورەیەش کە ئەوانی لێ دەژین بە لوڕستان نادەبرێن، بۆیە هەندێ لە نووسەران بە دیالێکتەکەیان دەڵێن دیالێکتی لوڕ. (خورشید، ٢٠٠٨: ٥٥). هەڵبەتە بەهۆی زۆری ئاخێور و مێژووە دێرینەکەی، مەڵبەندی لوڕستان دەکرێ بە دوو بەشەوە: لوڕی گەورە، لوڕی بچووک، گۆیا دوو برا هەبوون و پێکەوە ژیاون و لە دەوری ساڵی ٣٠٠ک. (٩١٢. ز) فەرمانڕەوای خاکی لوڕستان بوون. (بدلیسی، ٢٠٠٢، ٤٢)، بۆیەشە بەهۆی ئەم دابەشکردنە ئاخێورانیشیان دابەشی دوو بەرە بوون یان بەسەر دوو شێوەدا دابەشبوون کە ئەوانیش: لوڕی بچووک، لوڕی گەورەن.

## تەوەرەی دووەم: وشە ڕەسەنە دەگمەنەکانی زارە کوردییەکان، لە وەرگێڕانەکانی "عەزیز گەردی"دا:

گەر لە مێژووی زمانی کوردی بڕوانین، دەبینین کتێبخانەی کوردی کەلێنێکی گەورەی بۆ بەیت و بالۆرە و حەقایەت و داستانی فۆلکلۆری تێدایە، کە لەڕاستیدا ئەم بەرهەمە میللییانە بوونەتە سەرچاوەی وشەی زمانی ئاخاوتنی ناوچە و زارێکی دیاریکراو. زمانی وەرگێڕانەکانی "عەزیز گەردی"یش، زمانی ئاخاوتنی قسەپێکەرانە نەک زمانی نووسین. ئاشکرا دیارە "عەزیز گەردی" گرنگییەکی تایبەتی بە وشەڕەسەنە دەگمەنەکانی زارە کوردییەکان داوە، چونکە زۆرینەی وشەکان هی زمانی ئاخاوتنن و بە سوودوەرگرتن لێیان، هەوڵیداوە لە فەوتان بیانپارێزێ و بیانخاتە ناو زمانی نووسین.

لەم تەوەرەی توێژینەوەکەدا، هەوڵدراوە وشەڕەسەنە دەگمەنەکان لە زمانی ئاخاوتنی ئاخێوەرانی زارەکانی (کرمانجسەروو، ناوەڕاست و گۆران(هەورامی) (جگەلە زاری کرمانجی خواروو (بەکاری نەهێناوە) لە وەرگێڕانەکانی"عەزیز گەردی"دەستنیشان بکەین، هەروەها هەوڵی وەرگێڕ بۆ بەکارهێنانیان ڕوون بکەینەوە.

لەخوارەوە کۆمەڵێک وشەی ڕەسەنی دەگمەنی زارەکانی زمانی کوردی لەوەرگێڕانەکانی "عەزیز گەردی" خراوەتەڕوو:

١_وشەی کرمانجیی سەروو: عەزیز گەردی وشەکانی(ڕتاخ، پیرهەڤی، خاپاندن، بنداڤ، هنداو، شەماتە، خاپینۆک، ڤەژەن، گرەگر)ی زاری کرمانجی سەروو کە وشەی ڕەسەن و دەگمەنن بەمجۆرە لە وەرگێڕانەکانی: (خوا وشەیتان، یەزداندوخت، ئەفسانەی ئەفریقی، ئەفسانەی ژاپۆنی، چیرۆکی بەر ئاگردان)بەکارهێناوە، وەکوو لەمەوپێش ئاماژەمان پێدا، شێوەی ئەم وشانەی لە خوارەوە هێناومانە، هەر لە ئاستی دەنگسازیدا تا ڕێنووس و دەربڕینیان مۆرکێکی ناوچەییان هەڵگرتووە و دووپاتی دەکەنەوە کە وشەکان ڕەسەن و دەگمەنن، لە زمانی ئاخاوتنەوە وەرگیراون و تایبەت بە زارێکی دیاریکراون. وشەکانیش:

١_ڕتاخ: لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە و فەرهەنگا کانی بە مانای (یارەڵماسی، کرتۆپە، پەتاتە) هاتووە. عەزیز گەردی لە وەرگێڕانی "خوا و شەیتان"ی "تۆڵستۆی" وا بەکاری هێناوە: لە دەنگی تاخورک زانیم. ئێمە لە ناو زەویی ڕتاخ و کرتۆپە داین (تۆڵستۆی، ٢٠١٩: ٢٢).

٢_ پیرهەڤی: لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە و فەرهەنگا دەستی، بە واتای: (مێردەزمە، دەعبایەکی ئاشۆپی و ئەفسانەییە بۆ ترساندنی منداڵان ناودەبرێت) هاتووە، "عەزیز گەردی" لە وەرگێڕانی "ئەفسانەی ژاپۆنی"ی "فیلیسیان شالی" بەمجۆرە بەکاری هێناوە: هیچ پیاوی دەست نەکەوت ئەوەندە چەتوون بێ، ئامادە بێ لەگەڵ پیرهەڤییەکی وادا بژی (شالی، ٢٠١٢: ١٣١).

٣_خاپاندن: لە فەرهەنگی "هەنبانە بۆرینە" بە واتای (فریودان) هاتووە، هەروەها "عەزیز گەردی" لە فەرگەنگۆکی "یەزداندوخت" بە واتای (تەفرەدان، فریودان، هەڵخەڵەتاندن) هێناویەتی. هەروەها لە وەرگێڕانی "ئەفسانەی ژاپۆنی"ی "فیلیسیان شالی" بەمجۆرە بەکاری هێناوە: ئاوها هەوڵدەدەی بمخاپێنی؟ (شالی، ٢٠١٢: ٢٥١).

٤_بنداڤ: لە فەرهانگا کانی بە واتای: (سارداو، ئاوی سارد، ژێرزمین) هاتووە، "عەزیز گەردی" لە بەرگی دووەمی وەرگێڕانی "چیرۆکی بەر ئاگردان"ی "برایانی گریم" بەم شێوەیە بەکاری هێناوە: با بچمە بنداڤ شەڕاب بێنم (برایانی گریم، ١٩٨٦: ١٥١).

٥_ڤەژەن: لە فەرهەنگی: (هەنبانە بۆرینە، دەستی، کانی) بە مانای (تین، تاقەت، ژینەوە) هاتووە. عەزیز گەردی بەم جۆرە لە "خوا و شەیتان"ی "تۆڵستۆی" بەکاری هێناوە: لە کارەکەی شارەزاو پسپۆڕ بوو، بە هێزو ڤەژەن بوو (تۆڵستۆی، ٢٠١٩: ٨).

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

٦_هنداو: "عەزیز گەردی" لە فەرهەنگۆکی وەرگێڕانی "ئەو پیاوەی بە تەنیا سەفەری کرد"ی "گیۆرگیو"دا دەڵێ: (هنداو واتای "نزیک" بۆ گوند بەکاردێ: ل هنداو گوندی)، هەروەها لە وەرگێڕانی "ئەفسانەی ئەفریقی" بەمجۆرە هێناویەتی: بە ڕێکەوت، ئەو ئێوارەیەی (زارا) گەیشتە هنداو شار، بەرگدوورەکە لە سەردانی برای دەهاتەوە (ئەفسانەی ئەفریقی، ٢٠١٢، ١١).

٧_گرەگر: لە فەرهەنگەکانی: (کانی، دەستی، کۆما کوردییا کورمانجی، هەنبانە بۆرینە) بە مانای: (پیاوماقووڵان، کەسی بە دەسەڵات، پایەدار) هاتووە. "عەزیز گەردی' لە وەرگێڕانی "یەزداندوخت"ی "سلێمان سایغ" بەم شێوەیە بەکاری هێناوە: سەرقاڵی زیافەتێکی بە تەنتەنە بوون بۆ گرەگرەکانی دەوڵەت (سایغ، ٢٠١٨، ٣).

٨_خاپینۆک: لە فەرهەنگی: (هەنبانە بۆرینە، کانی، شێخانی، ڕێژگە) بە واتای: (زۆر دەسبڕ و بەفریو، هەڵخەڵەتێن، ساختەچی، گەلحۆ) هاتووە، "عەزیز گەردی" لە وەرگێڕانی "ئەفسانەی ئەفریقی" بەمجۆرە هێناویەتی: ئەم گەنجە خاپینۆکە، خوێڕییە ویستی تەفرەم بداو بۆ فراوین بۆقم دەرخوارد بدا (ئەفسانەی ئەفریقی، ٢٠١٢، ٢٧).

٩_شەماتە: لە فەرهەنگی "هەنبانە بۆرینە" بە واتای (چەقە و هەرا، زەنازەنا، قەرەقیر) هاتووە، کەچی "عەزیز گەردی" لە فەرهەنگۆکی وەرگێڕانی "گەشتەکانی گەلیڤەر"دا بە واتای (ئاپۆرە، حەشیمەت، قەرەباڵغی). هێناویەتی و لە وەرگێڕانی "ئەفسانەی ئەفریقی"ش بەم شیوەیە بەکاری هێناوە: لەبیرتە، چ شەماتە و بەزم و هەرایەک بوو! (ئەفسانەی ئەفریقی، ٢٠١٢، ٢٠).



٢_وشەی کرمانجی ناوەڕاست: "عەزیز گەردی" وشەکانی: (چورتم، سوڕگوم، تاس، باوەگۆ، نۆین، بەل، بەتر)ی زاری کرمانجی ناوەڕاستی لە وەرگێڕانەکانی: (درەختی چل داستان، ئەفسانەی ئەفریقی، ئەفسانەی فیرعەونی، خەڵک بەچی دەژی؟، یەزداندوخت) بەکارهێناوە کە وشەی ڕەسەنی دەگمەنی ئەم زارەن. ئەم وشانە لە شێوەزار و بنزارەکانی ئەم زارە وەرگیراون و وشەی زمانی ئاخاوتنن، واتا وشەکان مۆرکێکی ناوچەیی ئەوتۆیان بەسەرە، کە خۆی لە شێوازی فۆنەتیک و ئاخافتنی قسەپێکەرانی دا دەبینێتەوە، چونکە ئەم کاریگەرییانە ئاشکرا لەکاتی نووسینەوەیان بەدەردەکەوێ و چەند بنەمایەکە لێیان جیانابێتەوە. وشەکانیش:

١_چورتم: لە فەرهەنگی "خاڵ' بە واتای: (نووچبردنی دانیشتوو بەدەم وەنەوزەوە، سەغڵەتی و دەردی سەری) هاتووە، "عەزیز گەردی" لە وەرگێڕانی "ئەفسانەی ئەفریقی" بەمجۆرە هێناویەتی: هەر جارەی چورتمیان بدایە، بە ئاگای دەهێنان (ئەفسانەی ئەفریقی، ٢٠١٢، ٣٤).

٢_سوڕگوم: لە فەرهەنگی: (خاڵ، هەنبانە بۆرینە) بە واتای: (شتی ونی بێ سەر و شوێن، وندابوی بێ سەر شوێن) هاتووە، ""عەزیز گەردی" لە وەرگێڕانی "خەڵک بەچی دەژی"ی "تۆڵستۆی" بەمجۆرە بەکاری هێناوە: بەم زووانە (ئیڤان حوکم دەدرێ و سوڕگوم دەکرێ بۆ سێبیریا (تۆڵستۆی، ٢٠١٧، ٨٥).

٣_تاس: لە فەرهەنگی "هەنبانە بۆرینە" بە واتای: (توکی سەر وەریو، گێژ و ناتێگەیشتوو) هاتووە، "عەزیز گەردی" لە وەرگێڕانی "خەڵک بەچی دەژی"ی "تۆڵستۆی" بەمجۆرە بەکاری هێناوە: سەری تاسی دەبریسکایەوە (تۆڵستۆی، ٢٠١٧، ٧٣).

٤_باوەگۆ: لە فەرهەنگی "هەنبانە بۆرینە' بە واتای: (قسە دە قسە داکەر، کەسێ لەناو قسەی یەکی تردا هەڵدەداتێ) هاتووە. "عەزیز گەردی" لە وەرگێڕانی "ئەفسانەی فیرعەونی" بەمجۆرە بەکاری هێناوە: ویستی تۆلە لە شوبرای بکاتەوە کە باوەگۆی نەدایەوە و لووتی شکاند، تەنانەت ئەگەر بە لەناوبردنیش بێ (ئەفسانە، ٢٠١٥، ١٠٢).

٥_نۆین: لە فەرهەنگی "هانبانە بۆرینە" بە واتای ( گۆنجە، گۆنگە) هاتووە، "عەزیز گەردی"ش لە فەرهەنگۆکی "کۆمیدیا"ی "دانتی ئەلیگیێری" بە واتای: (لەغەم، نەقەب) هێناویەتی، هەروەها لە وەرگێڕانی "ئەفسانەی ئەفریقی" بەم شێوەیە بەکاری هێناوە: شۆڕ بووەوە خوارێ بۆ ناو نۆینە تاریک و درێژەکەو ڕۆیشت تا ڕووناکی لێ دەرکەوت (ئەفسانەی ئەفریقی، ٢٠١٢، ٧١).

٦_بەل: وەرگێڕ لە پەراوێزی وەرگێڕانەکەیدا بەم شێوەیە واتایەکەی ڕوونکردووەتەوە: (گوێی بزن و کار کە لە شێوەی لوولە دابێ)، لە "درەختی چل داستان"ی "کانیمال"دا بەمجۆرە بەکاری هێناوە: شابزن گەڕایەوە ماڵێ و دوو کارژۆڵەی بوو، هەردووکیان ڕەش بوون، بەڵام یەکێ ناوچەوان سپی بەش بوو و ئەوەی دی گوێیەکانی بەل بوون (کانیمال، ٢٠٠٧، ١٤).

٧_ بەتر: "عەزیز گەردی" لە فەرهەنگۆکی "خوا و شەیتان" بەم شێوەیە ڕوونی کردووەتەوە: (بەش، تەنیا بۆ شەو بەکاردێ: بەترەکی شەو چووبوو)، هەروەها لە وەرگێڕانی "یەزداندوخت"ی "سلێمان سایغ" بەم شێوەیە بەکاری هێناوە: کشوماتیی ئەو بەترەی شەو زیاتر یارمەتی وردبوونەوەی دەدا (سایغ، ٢٠١٨، ٣١).

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

٣_وشەی زاری گۆران (هەورامی): "عەزیز گەردی"وشەکانی(گاهەس، کۆچەڵە، ئاڵشت، فهێت، زنج، مۆچیاری)ی لە وەرگێڕانەکانی: (خوا و شەیتان، درەختی چل داستان، یەزداندوخت)دا بەکارهێناوە، کە وشەی ڕەسەنی دەگمەنی ئەم زارەن. ئەم وشانە لە شێوەزار و بنزارەکانی ئەم زارە وەرگیراون و وشەی زمانی ئاخاوتنن. وشەکانیش:

١_زنج: لە فەرهەنگەکانی: (وشەنامە، هەنبانە بۆرینە، کانی، خاڵ) بە واتای: (چەناگە، هۆدەی لە قووڕ دروستکراو، کاول، وێران) هاتووە، هەروەها لە فەرهەنگۆکی "درەختی چل داستان"دا وەرگێڕ بە واتای: (کەتیرەی شیلەی درەخت) ڕوونی کردووەتەوە و لە "درەختی چل داستان"ی "کانیمال"دا بەم جۆرە بەکاری هێناوە: بە نەختێ زنج کلکی ڕێوی لەجێی خۆی قایم کردەوە (کانیمال،٢٠٠٧: ٣١).

٢_گاهەس: لە فەرهەنگەکانی: (وشەنامە، هەنبانە بۆرینە، خاڵ) بە واتای: (لەوانەیە، بۆی هەیە، دەشێ، شایەد) هاتووە، "عەزیز گەردی" لە وەرگێڕانی "خوا و شەیتان"ەکەی "تۆڵستۆی" بەم جۆرە بەکاری هێناوە: گاهس ویستبێتی تۆڵە لە ژنەکەی بکاتەوە (تۆڵستۆی، ٢٠١٩:٩).

٣_مۆچیاری: لە فەرهەنگەکانی: (وشەنامە، خاڵ، هەنبانە بۆرینە) بە واتای: (ئامۆژگاری) هاتووە. "عەزیز گەردی" لە وەرگێڕانی ڕۆمانی "یازداندوخت"ی "سلێمان سایغ" بەمجۆرە بەکاری هێناوە: بە دیمەنی لەندەهۆڕی خۆی، کە زەمانە بە دەستی سروشت شێواندویەتی، مۆچیارێکی زمانپاراوە (سایغ، ٢٠١٨: ٢٥).

٤_کۆچەڵە: لە فەرهەنگی: (خاڵ، هەنبانە بۆرینە) بە واتای (قووڵکەقوڕێ کە بە دارەبەنیەوە دەنێن بۆ بنیشت تی چوون) هاتووە، "عەزیز گەردی" لە وەرگێڕانی "خەڵک بەچی دەژی"ی "تۆڵستۆی" بەمجۆرە هێناویەتی: دانیشتن و ئاویان بە کۆچەڵەکانیان خواردەوە و نانەکانیان ڕشاند و خواردیان و پێڵاوەکانیان گۆڕی (تۆڵستۆی، ٢٠١٧: ٥٢).

٥_ئاڵشت: لە فەرهەنگی: (خاڵ، هەنبانە بۆرینە) بە واتای (گۆڕینەوەی شت بە شت، سەودا و مامەڵە) هاتووە. "عەزیز گەردی" لە وەرگێڕانی "ئەفسانەی ئەفریقی" بەمجۆرە هێناویەتی: ئەم کۆیلانە، وەکوو ماڵات دەکڕان و دەفرۆشان و بە کاڵای تر ئاڵشت دەکران (ئەفسانەی ئەفریقی، ٢٠١٢: ٣٨).

٦_فهێت: لە فەرهەنگی (خاڵ، کانی) بە واتای: (شەرم) هاتووە. "عەزیز گەردی" لە وەرگێڕانی "ئەفسانەی ئەفریقی" بەمجۆرە هێناویەتی: شەرم و فهێتە ژنە جوتیار ئەم جۆرە کراسە لەبەر بکا (ئەفسانەی ئەفریقی، ٢٠١٢: ١٣٥).

لەبەرئەوەی لەم سەرچاوانەی کە، لەم توێژینەوەیدا بەکارهاتوون وشەی ڕەسەنی دەگمەنی زاری کرمانجی باشوور بەکار نە هاتووە، بۆیە وشەکانی ئەم زارە بە نموونە وەرنەگیراوە.

* بۆ وشەکانی (گاهەس، زنج، مۆچیار) زانیاری لە نووسەر (حەمە کەریم هەورامی)، (تەمەن ٨٩ ساڵ) وەرگیراوە، کە لەبنەڕەتدا خەڵکی دێی (گوڵپ)ی سەر بە هەورامانە، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٨/٢٢، زانیارییەکان وەرگیراوە. بۆ وشەی (کۆچەڵە، ئاڵشت) زانیاری لە وەرگێڕ (کەیوان هەورامی، تەمەن ٣٤) وەرگیراوە، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٢/٨.

٤_خستنەڕووی ئاماری ئەو وشەڕەسەنە دەگمەنانەی لەم باسەدا وەك نمونە لەوەرگێڕانەکانی "عەزیز گەردی"دا خراونەتەڕوو:














ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# ئەنجام

## لەم توێژینەوەیە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتووین:

_عەزیز گەردی لە وەرگێڕانی ئەفسانەدا سوودی لە زمانی میللی وەرگرتوە، ئەمەش لەگەڵ سروشتی ئەفسانە و حەکایەتی فۆلکلۆری کوردی،...هتد دەگونجێت، نەك ڕۆمانیکی پۆست مۆدێرن وەربگێڕدرێت کە پێویستە بە زمانی ستاندارد بێت.

٢_گەردی لە وەرگێڕانەکانی دا هەوڵیداوە سوود لە زمانی میللی و وشەڕەسەنەکانی زارە کوردییەکان وەربگرێت، بە تایبەت ئەوانەی دەگمەنن و لە ئاخاوتندا کەم بەکاردەهێنرێت، بۆئەوەی وشەکان هەم لە فەوتان بپارێزێت و زیندوویان بکاتەوە، هەمیش خوێنەری هەموو زارەکانی زمانی کوردی لێی تێبگەن.

٣_گەردی جگەلە وشەی ڕەسەن و دەگمەنی زارە کوردییەکانی(کرمانجی سەروو، کرمانجی ناوەڕاست و زاری گۆران)، وشەی تایبەت بە شێوەئاخاوتنی ناوچەکانی(خۆشناوەتی، گەردی، شەنگال،...هتد) وەرگرتووە و لە وەرگێرانەکانیدا بەکاریهێناوە .

٤_لەنێو وشە ڕەسەن و دەگمەنەکانی زارە کوردییەکان بە پلەی یەکەم وشەی کرمانجی سەروو و وشەی شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی٢٤٪، بە پلەی دووەم وشەی کرمانجی ناوەڕاست١٨٪، بە پلەی سێیەمیش وشەی گۆران (هەورامی)١٦٪، بە پلەی چوارەم وشەی شێوەئاخاوتنی گەردی و ناوچەبەحرکە١٠٪، بەپلەی پێنجەمیش وشەی شێوەئاخاوتنی ناوچەکانی تری زارە کوردییەکان ٨٪ لەوەرگێڕانەکانیدا بەکارهێناوە.

٥_ لەنێو وشەکاندا، تەنها وشە ڕەسەنە دەگمەنەکانی زاری کرمانجی خوارووی بەکارنەهێناوە

٦_گەردی بەمەبەست و گرنگیەکی زۆرەوە دەستی بۆ ئەم وشانە بردووە کە ناوچەیین و بەهۆی شێوەی دەنگسازییەوە لە دەربڕینی ناوچەیەکی تر جیا دەکرێتەوە.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەی کوردی:


_خورشید، فوئاد حەمە (٢٠٠٨). زمانی کوردی و دیالێکتەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

_موکریانی، هەژار (٢٠٠٩). فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، چاپی شەشەم، چاپخانەی سروش، تەهران.

_خاڵ، شێخ محەمەد (٢٠٠٥). فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

_بدلیسی، میر شەرەفخان، و. هەژار موکریانی، (٢٠٠٢)، شەرەفنامە، مێژووی ماڵە میرانی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڤیپا، سنە.

_بێدار، جمال حبیب الله (٢٠١٠). فەرهەنگی وشەنامە، چاپی یەکەم، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

_گەردیگلانی، ئەمین (٢٠٠٩). فەرهەنگی ڕێژگە، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

_دەمیرهان، ئومید (٢٠٠٧). فەرهەنگا دەستی، چاپی دووەم، بایەزید.

_جگەرسۆز، محەمەد ساڵح پێندرۆیی (٢٠٠٩). فەرهەنگا کانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

_ماکویی، علی پاک سرشت (٢٠١٢). فەرهەنگا کۆما کوردییا کورمانجی، چاپی یەکەم، تەهران.

_تۆڵستۆی، عەزیز گەردی (٢٠١٩). خوا و شەیتان، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

_سایغ، سلێمان، عەزیز گەردی (٢٠١٨). یەزداندوخت خانمی خانەدانی هەولێری، چاپی یەکەم، دەزگای تەفسیر، هەولێر.

_کانیمال، عەزیز گەردی (٢٠٠٧). درەختی چل داستان، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

_کۆمەڵێ نووسەر، عەزیز گەردی (٢٠١٢)، ئەفسانەی ئەفریقی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
_ئەفسانە، عەزیز گەردی (٢٠١٥)، ئەفسانەی فیرعەونی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
_فیلیسیان شالی، عەزیز گەردی (٢٠١٢)، ئەفسانەی ژاپۆنی، جاپی یەکەم، ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
_شێخانی، عەبدولواهاب (٢٠٠٩)، فەرهەنگی شێخانی، چاپی یەکەم، دەزگای موکریان، هەولێر.
_کاکەڕەش، ڕابەر سەیدمینە، هەمزە حوسێن حەمە، (٢٠٢٢)، ڕۆڵی شێوەزاری ناوچەی پشدەر لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی وشەی زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانستی زانکۆی گەرمیان، ژمارە ٩، گەرمیان.
_دەروێشیان، عەلی ئەشرەف، عەزیز گەردی (٢٠١٩) چیرۆکێن ناو بەندیخانە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
_حەمید، ساکار ئەنوەر(٢٠٠٩)، وشەخواستن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
_بەسیر، کامیل حەسەن(١٩٧٤)، زمانی عەرەبی و کێشەی زاراوەی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەشی یەکەم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
_زەنگەنە، مستەفا(٢٠٠٣)، پێناسەکانی وشە، گۆڤاری کاروان، ژمارە(١٦٩)، هەولێر.
_صدیق، فاروق عومەر(٢٠١١)، لەدایکبوونی وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
_مارف، ئەورەحمانی حاجی(١٩٧٥)، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
_عەبدولڕەحیم، عوسمان کەریم(٢٠١٤)، وشەی زمانی کوردی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی، نامەی ماستەر، سلێمانی.
_شوانی، ڕەفیق(١٩٩٨)، کاریگەری بزوتنەوەی کورد و فراوانبوونی فەرهەنگی وشەی زمانی کوردی، گۆڤاری کاروان، ژمارە (١٢٧)، هەولێر.
_البصیر، کامل حسن(١٩٧٩)، زاراوەی کوردی (لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن)، چاپخانەی (زانکۆی سلێمانی).
_حاجی مارف، ئەورەحمانی(١٩٧٧)، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
_تۆفیق، بەناز ڕەفیق(٢٠٠٨)، ڕێگە بنەڕەتییەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی لە دیالێکتی خوارووەدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی بەغدا.
_عەبدوڵڵا، هیوا مەولود(٢٠١٦)، ئەنالۆژیای کۆدگۆڕینەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
_خۆشناو، شێروان حوسێن(٢٠١٦)، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسی، دەزگای چاپ و پەخشی نارین_هەولێر.
_حوسێن، ڕێژنە مەعروف(٢٠١٠)، ڕۆڵی شێوەزارەکۆمەڵایەتییەکان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.
_ئەحمەد، نەرمین عومەر(٢٠١٠)، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا،، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەی ئینگلیزی:

_Gonsarova, Julia (2013), Neologisms in Modern English: study of word-formation processes. NARVA.

_Victoria, Fromkin(2003), Robert Rodman, Ninahyans, An introduction to Language. Seventh Edition.

_Dictionary_ Illustrated Oxford dictionary. Oxford University Press and Dorling Kindersley Limited, 1998.

_Yule, George(2006) The study of language, third Edition, Cambridge University Press, New York, USA.

_Algeo, John(1991) Fifty Years among the Ne Word: A dictionary of Neologisms, Cambridge University Press.

# ملخص

إن استخدام الكلمات الئصلية النادرة في فن ترجمه الئساطير أمر في غاية الئهمية، لئن الئساطير عبارة عن قصص وتحتاج إلى اللغة الشعبية، أي أنها تحتاج إلى اللغة منطوقة، وليس اللغة معيارية، يحمل هذا البحث عنوان(الكلمات الئصلية النادرة في تراجم (عزيز گردى)، كتاب (يزداندوخت، الئساطير اليابانية، الئساطير الفرعونية، الئساطير الئفريقية، الله والشيطان، شجرة الئربعين قصة، على ماذا يعيش الناس؟، قصة امام المدفأة) نموذجا، دراسة وصفية_ ميدانية. اللغة الكردية قوانينها الدستورية الخاصة بها ومعظم كلماتها هي كلمات أصلية وهى الئداة الرئيسية للغة الكردية. حاول گردى إستخدام اللغة الشعبية والكلمات الئصلية للهجات الكردية في ترجماته، وخاصة تلك النادرة والتى نادرا ماتستخدم فى الكلام، وكان هذا لحفظ الئلفاظ من الكلام وإحيائها، يجب على قراء جميع اللهجات الكردية أن يفهموها، تتكون الدراسة من جزأين، الجزء الئول: النظرية (الكلمة، أنواع الكلمة من حيث الئستخدام، طرائق إثراء القاموس الكلمة اللغة الكردية).

الجزء الثانى:التطبيقية(الكلمة الاقليمية، اللهجات اللغة الكردية، الكلمة اللهجة الكرمانجية، الكلمة اللهجة سورانية و الكلمة اللهجة هورامية) والمصادر و ملخص البحث باللغتين العربية و الئنجليزية.

الكلمات المفتاحية: الكلمة النادرة، الكلمة الئصلية، لغة الكلام، الكلمة هورامية، الكلمة المولدة.

# Abstract

Using unique and genuine words in in the art of translating the legends is very important, because legends are tales and it needs a very simple language. This research entitled the unique genuine words in Kurdish dialects of “Aziz Gardi ”is translations for instance books like (Yazdanduxt, Japanese legend-Pharaohs legend -African legend-God and Satan - the forty epic tree what People live by what and before the fireplace story) is a field descriptive research.

Kurdish language has its own constitution and rules. Almost all the words are genuine and they are the main tool of Kurdish People language Gardi in his translations had tried to make use of Popular language and genuine words in Kurdish dialects especially the ones which are rare and used less in speaking and did so in order not to let the words die and to make sure all, the readers in different dialect will understand.

The research includes two sections. the first section is theory (word- types of words in using - ways of enriching lexical words in Kurdish Language The Second Section is Practical (regional word – Kurdish dialects - Northern Kurdish words Central Kurdish words and Hawrami words) with introduction – Conclusion reference and abstract in Kurdish Arabic and English Language.

**KEYWORDS: UNIQUE WORD, GENUINE WORD, SPEECH LANGUAGE, HAWRAMI’S WORD, NEOLOGISM.**

# بەشی یەکەم ڕۆڵی کارەکتەر لە کورتە ڕۆمانی "مولازم تەحسین و شتی تریش"ی "فەرهاد پیربال"دا

ئەحمەد زرار عەزیز



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



## پوختە

ئەم تویژینەوەیە بە ناوونیشانی (ڕۆڵی کارەکتەر لە کورتەڕۆمانی "مولازم تەحسین و شتی تریش"ی "فەرهاد پیرباڵ")ە، لە دوو بەشی تیۆری و پراکتیکی پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە دەگرێتەوە، کە لە دوو تەوەر پێکهاتووە: تەوەری یەکەم: لە بارەی چەمک و پێناسەی کارەکتەر و گرنگیی ڕۆڵی کارەکتەر و، پاشان جیاوازی شێوەی کارەکتەر لە ئەفسانە و ڕۆماندا خراوەتەڕوو.
تەوەری دووەم: تەرخانکراوە بۆ جۆرەکانی کارەکتەر لەڕووی ئەرک و پێکهاتنیانەوە.

بەشی دووەم: ئەویان تایبەت کراوە بە لایەنی پڕاکتیکی، دوو تەوەر دەگرێتەوە: تەوەری یەکەم: کورتەباسێک لەبارەی کورتەڕۆمانی "مولازم تەحسین و شتی تریش"ی "فەرهاد پیربال" خراوەتەڕوو. تەوەری دووەمیش: تەرخان کراوە بۆ دەستنیشانکردنی کارەکتەر لەڕووی (ئەرک و پێکهاتە)وە، لەناو کورتەڕۆمانی "مولازم تەحسین و شتی تریش"ی "فەرهاد پیربال".

## وشەی سەرەکی:

(کارەکتەر، کورتەڕۆمان، ڕەخنەی ئەدەبی، مولازم تەحسین و شتی تریش، فەرهاد پیربال)

## پێشەکی

کارەکتەر توخمێکی گرنگی تیۆری گێڕانەوەیە، گەر لە دیرۆکی ئەدەب بڕوانین، دەبینین هەر لە کۆنەوە (لە حیکایەت و ئافسانە، داستان و شانۆ و دراما)وە بگرە، تا ئەمڕۆش بە گرنگ سەیری کراوە، سەرنجی خراوەتە سەر، وەک ڕابەرانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی پێیان وایە ئەدەب ڕەنگدانەوەی کۆمەڵە، بۆیە بە پێویستمان زانی لەبارەی بەرهەمێکی ئەدەبی ئەوتۆ کە بە گرنگەوە پەنجەی لەسەر کۆمەڵێک برینی کۆمەڵ داناوە و چارەسەری بۆیان خستووەتە ڕوو، توێژینەوە بکەین. چونکە هەمان مەبەست لە ئەدەبە جیهانییەکان باس کراوە و لەبارەیەوە دواون. هەڵبەت لە ئەدەبی کوردیشدا کۆمەڵێک دەقی پەخشانی و شیعری هەن، کە ڕێی وەرگێڕانیان بۆ خۆشنەکراوە.
توێژینەوەکە، بە ڕوانگەیەکی ورد و زانستییانە لە کورتەڕۆمانی "مولازم تەحسین و شتی تریش"ی "فەرهاد پیربال"ی کۆڵیوەتەوە و هەوڵی داوە توخمی کارەکتەر لە چەند ڕوویەکەوە بخاتەڕوو.
بە دوو بەش لە مەڕ بابەتەکە دواوین، کە هەر بەشەی دوو تەوەری لەخۆگرتووە، لە کۆتاییی توێژینەوەکە ئەنجامە بەدەستهاتووەکان لە پێنج خاڵدا خراونەتەڕوو، پاشان لیستی سەرچاوەکان بە شێوەیەکی زانستی داندراون.

# بەشی یەکەم:
# چەمک و پێناسە و جۆرەکانی کارەکتەر

## تەوەری یەکەم: چەمک و پێناسە و گرنگیی کارەکتەر

کارەکتەر وەکوو توخمێکی سەرەکی لە تیۆری گێڕانەوەدا بە گرنگترین خاڵ دادەندرێت بۆ نووسینی گێڕانەوەیەکی هونەری، چونکە دەتوانین بڵێین بەهۆیەوە هونەری گێڕانەوە دروست دەبێ و دێتە ئاراوە. وەک ئاشکرایە توخمەکانی گێڕانەوە وەک: (کات، شوێن، ڕووداو، کارەکتەر، زمان.) لەناو بەرهەمێکی ئەدەبیدا هەریەکەو شوێنی خۆی دەگرێت و هیچیان بەبێ ئەوی تر نایە، بەڵام هەبوونی کارەکتەر گرنگی تایبەتی پێ دەدرێت. چونکە، ((کارەکتەر یەکێکە لە توخمە سەرەکییە گرنگەکانی ڕۆمان و بەبێ ئەو هیچ ڕۆمانێک نانووسرێت و سەرجەم ڕووداوەکانی هەر ڕۆمانێک پەیوەندی بە ژیان و کاروکردەوەکانی ئەوەوە هەیە)) (ئەڵوەنی، ٢٠٠٩، ٩).

مێژووی گرنگیپێدانی کارەکتەر لە بابەتی گێڕانەوەدا بۆ سەرەتای پەیدابوونی گێڕانەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەویش لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤ هاتووەتە ئاراوە، هەڵبەت بەم بەڵگانەی لەسەر دیواری ئەشکەوت و تاشەبەردەکانی دیرۆکی مێژووی مرۆڤایەتییەوە تاوەکوو ئێستا بەجێماوە، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە توخمی کارەکتەر لەگەڵ توخمەکانی تری گێڕانەوە بەژدارییەکی گەلێک کارای هەیە و وەک توخمێکی سەرەکی مامەڵە دەکات. هەروەک لە بەشێک لەم پێناسانەی بۆ کارەکتەر کراون بەرچاودەکەوێ ((کارەکتەر لەگەڵ توخمە سەرەکییەکانی تری ڕۆمانیشدا بە هەردوولایەنی نێگەتیف و پۆزەتیڤەوە کار لە یەک دەکەن و ڕۆمان دروست دەکەن)) (شێخانی، ٢٠١٤، ١١)، بەڵام وەک مێژووی زانستی وەک چۆن گێڕانەوەناسی وەک تیۆرێکی ڕەخنەیی و زانستی تازەیە و هێندە نابێ سەری هەڵداوە، ئەگەرچی لێرەولەوێ بە خێرایی لەبارەیەوە دواون، لەوانە "ئەرستۆ" لەبارەی تراژیدیاوە دەڵێ: ((تراجیدی لاسایکردنەوەی کردەوەیە و کردەوەش چەند کەسێکی دەوێ بۆ ئەوە جێبەجێی بکەن و ئەو کەسانەش بێگومان هەندێ سیمای تایبەتیان لە هزر و کەسێتیدا هەیە.)) (ئەرستۆ، ٢٠١١، ٢٨).

دەبینین "ئەرستۆ" لە سیماکانی شانۆی تراجیدی ڕووداوی پێش کارەکتەر خستووە، لە کاتێکدا خۆیشی ئاماژە بەوە دەدا کە بەبێ توخمی کارەکتەر شانۆ نایەتە ئاراوە. بێگومان دەبێت لەوە دڵیا بینەوە گرنگی بە هەر توخمێک بدرێ، کارکردن و بەرهەمهێنانیشی بە ڕادەی گرنگیپێدانەکە ئەستەم دەبێ، بۆیە دروستکردنی کارەکتەر لەلایەن چیرۆکنووس و ڕۆماننووسەوە دەبێ زۆر بە وردی بێ و نووسەر هەموو هەوڵێکی خۆی بخاتە گەڕ تاوەکوو بتوانێ سەرنجی خوێنەر و بیسەر بەم ڕووداوانەی بەسەر کارەکتەردا دێن، ڕابکێشێ، چونکە کارەکتەری ناو بەرهەمێکی هونەری بوونێکی فیزیکی نییە و ناتوانێ لەڕێی تایبەتمەندییە کەسییە ڕووکەشییەکانی خۆیەوە خۆی پیشانی خوێنەر بدات، بەڵکو دەبێ نووسەر بزانێ ڕۆڵی کارەکتەر لە کوێ دەستپێدەکا و لەکوێش بەکۆتا دێ، تاوەکوو خوێنەر هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ کارەکتەرەکە درێژە بە خوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکە بدا و هەمان هەستی دەروونی و جەستەیی بۆ دروست ببێ لەم پێشهاتانەی بەسەر کارەکتەرا دێن.

مەرج نییە کارەکتەر بەشێکی ڕاستەقینەی کەتوار (واقع) بێ، بێگومان بەرهەمی ئەدەبی پشت بە خەیاڵ و ئەندێشە و سۆزی تایبەتی نووسەر دەبەستێ، بەڵام نووسەر نیازی لە دروستکردنی هەر جۆرێکی کارەکتەر بێ (بەپێی جۆری ڕۆمانەکە بێگومان پێویستە لەگەڵ دەروونی خوێنەر و ئەم سیاقەی خوێنەر تێیدایە بیگونجێنێ تاوەکوو قەناعەت بە خوێنەر بکات، کە دەشێ ژینگەیەکی لەم شێوەیە کارەکتەرێکی لەم شێوەیەش دروست بکات، وەک "د. نەجم ئەڵوەنی" لەم بارەیەوە دەڵێ: ((بنیاتی کارەکتەر پێویست بەوە دەکات ڕاستگۆیی هونەریی هەبێت، ئەگەر ئەم مەرجەشی تێدا نەبوو دەبێتە کارەکتەرێکی لاواز لەڕووی ئیستاتیکییەوە. مەبەست لە ڕاستگۆیی هونەریش پتەوکردنی بنیاتی وێنەیی ئەوە بەجۆرێک کە لەگەڵ جیهانی هونەریی ڕۆماندا بگونجێت و لە دەرەوەی دەقدا بەدوای بەڵگەی ڕاستگۆیی ئەودا نەگەڕێین.)) (ئەڵوەنی، ٢٠١٧، ٨٠).

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

## شێوەی کارەکتەر لە ئەفسانە و ڕۆماندا

ڕۆڵی کارەکتەر لە گێڕانەوەدا وەک بنەچەی دروستبوونی کەرەستەکانی ترە، واتا کارەکتەر وەک توخمێکی گێڕانەوە نووسەر دەیکاتە چەقێک بەهۆیەوە تەواوی توخمەکانی تری لێ دەبێتەوە و هەموو توخمەکانی تر لەپێناو گەشەکردنی کارەکتەر ڕۆڵیان لە بەرهەمەکە پێ دەدرێ، بۆیەشە دەگوترێ ((ئەگەر هەر یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی دەقی ئەدەبی پەیوەندی بە ئەوی ترەوە هەبێت، ئەوا کارەکتەر پەیوەندی بە هەموویانەوە هەیە و گۆڕان و مانەوە و تەنانەت هەستکردن بە بوونیان لە کارەکتەرەوە سەرچاوە دەگرێ)) (حاجی، ٢٠٠٩، ١٧٣).

شێوەی کارەکتەر لە قۆناغەکانی دەقی ئەدەبی گۆڕانی بەسەردا دێ، کارەکتەری ناو داستان و ئەفسانەی میللەتان پێی دەگوترێ (پاڵەوان یان قارەمان)، هەڵبەت بە بڕوای ئێمە ئەویش بۆ ڕۆڵی لەناو ڕووداوەکان دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو ڕووداوەی بەسەر پاڵەوانی داستانێکدا دەهات زۆرینەیان ڕووداوی ناواقعیی و دوور لە ڕاستین، بەمشێوەیە دەبینین قارەمانیش لە چارەسەرکردنی ئەم کێشە و بارودۆخانەی دێتە پێشی پشت بە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی پەیجۆرئاسای خۆی دەبەستێ کە لە توانای مرۆڤێکی ئاسایی بەدەرە، بێگومان ((نووسەر لە فەزایەکی بەتاڵ ناژیت، بەڵکوو لەناو کۆمەڵدا دەژیەت و هەموو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانیش کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوە و شێوازی نووسینی نووسەردا هەیە)) (مەنتک، ٢٠١٨، ٦٦). بۆیەش هۆکارێک لە هۆکارەکانی دروستبوونی کارەکتەری ئەفسانەیی بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە کە (لە سەردەمانی کۆن دا، لەوکاتانەی کە بیری ئەفسانەیی و خورافیات باو بووە، دەبینین پاڵەوانی ڕووداوە گرنگەکانیش بە هەمان پێوەری ئەفسانەیی و خورافی تەماشا کراون) (ئەڵوەنی، ٢٠٠٩، ١٤). بۆ نموونە لە ئەفسانەکان ڕۆڵی کارەکتەری لاوکی دەدرێت بە (دێو و درنج و پەری و...تاد). ڕۆڵی شاکەسیش یان قارەمانی ناو داستان و ئەفسانەیەک دەدرێ بە گەنجێکی بەتوانا و جوامێر و گەڕناس کە توانای لەڕادەبەدەر و زیرەکییەکی بێ پایانی لە چارەسەرکردنی نەنگییەکانی ژیان بەدەستەوەیە.

دوای ئەوەی کۆمەڵگا بیری خورافی و کاریگەریی ئەفسانەکانی لەسەر کاڵ بوویەوە، توخمە پێکهێنەرەکانی گێڕانەوەش لەناو داستان و ئەفسانەدا لەگەڵیدا لە کورتییان دا و تا ئەوەی بەرەو نەمان چوون، بۆیە دەتوانین بڵێین: ((یەکێک لە سیفاتە گرنگەکانی مرۆڤی سەردەمی نوێ، کە لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم دا بووە بە کارەکتەری سەرەکی ژانری ڕۆمان و ئیتر لەمە بەدوا ڕۆماننووسەکان بایەخیان بە ژیان و کردار و ڕووداو و بیربۆچوونەکانی ئەو داوە)) (ئەڵوەنی، ٢٠٠٩، ١٥).

بۆیەشە دروستکردنی کارەکتەر لە ڕۆماندا یان لە ڕۆمانی نوێدا پێوەر و یاسای تایبەتی نییە، ڕۆماننووس ئازادانە مامەڵە لەگەڵ فەزا و ژینگەی ڕۆمانەکەدا دەکات، پێویستی ڕووداو و توخمەکانی تر جۆری کارەکتەر دیاری دەکەن، چونکە ((ڕۆمان ژانرێکە بەر لە نووسین هیچ ڕێسایەکی بۆ دیاری نەکراوە و ئەوکاتە دەتوانین ڕێسا بۆ ڕۆمان دیاری بکەین کاتێک کە ڕۆمانەکە نووسینی تەواو بووە، ڕۆمان ژانرێکە بە پێچەوانەی ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە ڕێسای بۆ داناندری بەڵکو لێی دەدۆزرێتەوە)) (حاجی، ٢٠٠٩، ٦١).

ژانرەئەدەبییەکان وەک بوونەوەری زیندوون، بۆیە لەگەڵ گەشە و گۆڕانی کۆمەڵدا ئەوانیش خۆیان لە چێوەی کۆن ڕزگار دەکەن بەرەو گۆڕانکاری هەنگاو دەنێن، ئەمە لە ڕۆمانی نوێشدا ڕەنگی داوەتەوە، لەگەڵ هەر ڕێباز و سەردەمێکی نوێی ئەدەبیدا توخمەکانی ڕۆمانیش خۆیان تازە دەکەنەوە و دەبینین ((لە ڕۆمانی کلاسیکی دا، نەریت وابووە، کە ڕۆماننووس زیاتر بایەخ بە دیوی دەرەوەی کارەکتەر بدا و لەوێشەوە وەسفی باری کۆمەڵایەتی و تەنانەت دەروونی ئەو بکات)) (ئەڵوەنی، ٢٠٠٩، ٢٣)، بەڵام لە سەردەمی ڕێبازی ڕیالیزمدا کارەکتەر لە ژیانی واقیعەوە وەرگیراوە و تاکە تایبەتمەندیی ئەدەبی لە ڕۆمانی ڕیالیزمیدا ببینین، زمانی داڕشتنی دەقە و چۆنییەتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەیە.

## تەوەری دووەم: جۆرەکانی کارەکتەر

دەکرێ ڕۆمانێک بۆ زیاتر لە بابەتێک یان بۆ زیاتر لە پەیامێک بنووسرێ، چونکە لەناو ژانرەئەدەبییەکاندا، تەنیا ڕۆمان ئاسۆیەکی هێندە فراوان دەخاتە بەردەم نووسەر تا بە ئازادییەوە لەبارەی ئەو پەیامانەی دەیەوێت بیگەیەنێت، کاری بۆ بکا، بۆیە ڕۆمان لە کارەکتەرێک زیاتر لەخۆ دەگرێ، تا پەیامی جۆراوجۆر بخرێتەڕوو، جگە لەوەش دەکرێ لە چەند ڕوویەکەوە جۆرەکانی کارەکتەر دابەشبکرێن و پێگەی هەر یەکەیان بخرێتە ڕوو، هەڵبەتە ئەم جیاکردنەوەیە، جیاکردنەوەیەکی ڕەها نییە، بەو واتایەی هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ئەو جۆرانەی کارەکتەردا نەبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە پەیوەندییان لەنێواندا هەیە و جیاکردنەوەشیان تەنیا بۆ مەبەستی ناسینییانە (حاجی، ٢٠٠٩، ١٧٧).

دەتوانین جۆرەکانی کارەکتەر لە چەند ڕوویەکەوە دابەشبکەین:

١_ لەڕووی ئەرکەوە: کارەکتەری سەرەکی و لاوەکی هەن.

٢_ لەڕووی پێکهاتەوە: کارەکتەری چەسپاو و پەرەسێن هەن.

٣_ لەڕووی چۆنییەتی ئەو کارانەی لەناو دەقدا ئەنجامی دەدەن: کارەکتەری ئەرێنی و نەرێنی هەن.

بەهۆی ئاسۆی کورتی توێژینەوە و فراوانیی بابەتەکەمان، تەنیا دەتوانین لە دوو ڕووەوە لە جۆرەکانی کارەکتەر بدوێین، ئەوانیش (لەڕووی ئەرک و لەڕووی پێکهاتنەوە)ن، لە خوارەوە بەپێی توانا دەربارەیان دەدوێین، جۆرەکانی هەر یەکەیان دەخەینەڕوو.

### کارەکتەر لەڕووی ئەرکەوە:

کارەکتەری سەرەکی (شاکەس): وەک لە ناوەکەیەوە دیارە ئەم جۆرەی کارەکتەر زۆرترین ڕۆڵی لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا هەیە و دەکرێ بگوترێ ڕووداوەکان بە دەوری ئەودا دەخولێتەوە و هەر ئەمیش ڕێگا بۆ چارەسەرکردنیان دەدۆزێتەوە، هەڵبەتە ئەم کارەکتەرە زۆرترین ئەرکی لەلایەن ڕۆماننووسەوە بەسەردا دەبڕێ یان زۆرترین ڕێژەی بەژداریکردنی پێ دەدرێ. ((لەناو ڕۆماندا زیاتر لە کارەکتەرێکی سەرەکی بوونی هەیە، بەڵام لەناو ئەوانیشدا ڕووداو و گێڕانەوەکان زیاتر پێوەندی بە کارەکتەرێکەوە هەیە، ئەمجۆرە کارەکتەرەش پێی دەوترێ (شاکەس)، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو ڕووداو و بابەتەی ڕۆماننووس پێشکەشییان دەکات زیاتر پێوەندی بەمجۆرە کارەکتەرەوە هەیە.)) (عومەر، ٢٠١٥، ٣٨).

کارەکتەری لاوەکی: ئەو کارەکتەرانەن لەڕووی ئەرک و کاریگەرییان بەسەر چۆنییەتی ڕەوتی ڕووداوەکانەوە لاوەکییە، واتا بەژدارییەکی کەمتریان پێ دەدرێت و کەمتر لەلایەن ڕۆماننووسەوە بەکاردەهێندرێن. ئەرکی کارەکتەری لاوەکی بەزۆری ڕوونکردنەوەی لایەنە تایبەتییەکانی ژیانی کارەکتەری سەرەکییە، بە شێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین: کارەکتەرە لاوەکییەکان لە خزمەت کارەکتەری سەرەکین، بۆ ڕوونکردنەوە و ڕۆڵی کەسایەتی ئەو کار دەکەن، جا دەشێ بە شێوەیەکی ئەرێنی بێ، دەگونجێش نەرێنی بێ. هەندێ جاریش کارەکتەری لاوەکی دەبێتە لەنگەری گۆشەنیگای چیرۆکنووس و لەڕێی ئەوەوە پەیام و مەبەستەکانی بە خوێنەر دەگەیەنێت. چیرۆکنووس لە بنیاتنانی ئەم جۆرە کارەکتەرەدا، هەرچەندە لە واقیعی ژیان وەری دەگرێ، بەلام وێنەیان بەم شێوەیە وەرناگری کە لە واقیعدا هەن. (نوری، ٢٠٢٠، ٢٠١).

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## کارەکتەر لەڕووی پێکهاتنەوە:

کارەکتەری پەرەسێن (گۆڕاو): گۆڕانی ژینگە و شوێن و ئەو ڕووداوانەی بەسەر کارەکتەردا دێن، وا لەم کارەکتەرە دەکەن گۆڕانی بەسەردا بێت و وەک خۆی نەمێنێتەوە، گۆڕان بەو مانایەی بیرکردنەوە و ئاستی ڕوانین و دیدگای بۆ ڕووداوەکان گۆڕانی بەسەردا بێت. یان ((ئەو کەسایەتیانەن کە لەگەڵ هەڵوێستەکانی نێو چیرۆکەکە گەشە دەکەن و پەرەدەسێنن. واتە ئەو کەسایەتیانە لەگەڵ ڕەوتی چیرۆکەکە بەردەوام دەبن، هەروەها بە درێژایی ڕووداو و هەڵوێستەکانی نێو چیرۆکەکە، هەڵوێستەکانی ئەم جۆرە کەسایەتیانە بەرە بەرە لایەنی نوێیان لێ دەدۆزرێتەوە و بەدەردەکەوێت، کە ڕەنگە لەلایەن گوێگر یان خوێنەرەکە، لە سەرەتای ناسینی کەسەکە ڕوون و ئاشکرا نەبووبن))، (سەبری، ٢٠١٠، ١٠٣).

کارەکتەری پەرەنەسێن (نەگۆڕ): کارەکتەرێکە لە ئاستی تێگەیشتن و بیر و ڕوانگەی تایبەتییەوە لە سەرەتای دەستپێکی ڕۆمانەکە تا کۆتایی لەسەر هەمان بارەو هیچ گۆڕانێک لە ژیان و بیرکردنەوە و شێوازی ژیانی دا بەدی ناکرێت، واتە: کارەکتەری پەرەنەسێن ((هەڵسوکەوتی یەک قاڵب وەردەگرێ و هیچ گۆڕانێک بەدی ناهێنێت، نە بەسەر خۆی، نە بەسەر ڕووداوەکاندا))، (فەرەج، ٢٠١٣، ١٤٦). بێگومان هەبوونی ئەم جۆرە کارەکتەرەیش لەناو ڕۆمان و گێڕانەوەدا گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە ((دەکرێت لە ڕێی کردار و بیرکردنەوە و هەڵوێستی کارەکتەرە پەرەنەسێنەکانەوە زیاتر ڕۆشنایی بخرێتە سەر کردار و بیرکردنەوە و هەڵوێستی کارەکتەرە پەرەسێنەکانەوە، پێچەوانەی ئەمەش هەر دروستە.))، (ئەڵوەنی، ٢٠٠٩، ٩٨).



# بەشی دووەم رۆڵی کارەکتەر لە کورتە ڕۆمانی "مولازم تەحسین و شتی تریش"ی "فەرهاد پیربااڵ"دا

ئەحمەد زرار عەزیز

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



## بەشی دووەم:

### تەوەری یەکەم: اسێک لە بارەی کورتەڕۆمان و کورتەڕۆمانی "مولازم تەحسین و شتی تریش"ی "فەرهاد پیربال"

### کورتەڕۆمان (نۆڤلێت):

خاڵی لێکچوو لەنێوان ژانرەئەدەبییە پەخشانییەکاندا ئەوەیە کە هەموویان بەشێوەی پەخشان دەنووسرێن و هەمووشیان سەر بە تیۆری گێڕانەوەن، بەڵام چەند خاڵێکی جیاکەرەوەی ئەوتۆ لەنێوانیاندا بەدی دەکرێ، کە دەتوانین بڵێین بووەتە هۆی ئەوەی ببێتە سنوورێکی جیاکەرەوە، لە نێوان (چیرۆک، کورتەڕۆمان، ڕۆمان...تاد.)، ئەگەرچی لە هەندێک باردا دیسان دەبێتەوە مایەی مشتومڕ، کە ئاخۆ گونجاوە بە کامەیان دابندرێ، هەندێجاریش هەڵەکە بۆ نووسەر دەگەڕێتەوە، لەبارەی ئەوەی خۆی دەقەکە دەقێکی کورتەڕۆمانە و ئەم لەسەر بەرگی یەکەم دەنووسێ ڕۆمان، کە ئەمە دەبێتە جێگای مشتومڕێکی زۆر و گەنگەشەیەکی بێ بنەما لە بارەی بەرهەمەکەوە. لە ناو ئەدەبی کوردیدا ((نۆڤلێت، یا کورتەڕۆمان وەک زاراوە لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکان لە ئەدەبی کوردیدا بەکارهاتووە.)) (ڕەشید، ٢٠٠٧، ٣٠)، بەڵام وەک بەرهەم لە بیستەکان و بگرە لەناو هەموو گۆڤارە ئەدەبییەکاندا دەیان کورتەڕۆمان بەدی دەکرێن، ئەگەرچی لەسەریان نەنووسراوە، واتە ئاماژە بە ناوەکەیان نەکراوە ئاخۆ کورتەڕۆمانە یا چیرۆک یا ڕۆمان، ((بێگومان ئەگەر (لە خەوما)ی (جەمیل سائیب) بە کورتەڕۆمان دابنێین کە هەندێک لێکۆڵەرەوە و توێژەری بواری چیرۆک بە کورتەڕۆمانی دادەنێن ئەوا سەرەتای نۆڤلێتی کوردی بە ساڵی ١٩٢٥ وەک دەستپێک و یەکەم تۆمار دادەنرێ لەم بوارەدا.))، (ڕەشید، ٢٠٠٧، ٣٠).

توێژینەوەکەی ئێمە لە مەڕ ڕۆڵی کارەکتەرەوە لەناو کورتەڕۆمانێکی "فەرهاد پیربال"دا، بەلامانەوە گونجاوتر بوو سەرەتا لەوە دڵنیابینەوە کە ئاخۆ ئەم بەرهەمە لەڕووی زانستییەوە کورتەڕۆمانە یان نا، "سابیر ڕەشید" لە کتێبی "ڕۆمانی کوردی" بە کورتەڕۆمانی دادەنێت و دەیخاتە ناو ئەو بیبلۆگرافیایەی کە بۆ کورتەڕۆمانی کوردی ئامادەی کردووە. (ڕەشید، ٢٠٠٧، ٣٧).

ئەگەر لەبارەی کورتەڕۆمانی "مولازم تەحسین و شتی تریش" بدوێین، ڕۆمانەکە بە تەکنیکێکی جیاواز نووسراوە و بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ڕۆمانی کوردی تەکنیکی لەم جۆرە بەکاربهێنرێت، هەر لاپەڕەیەک لە کورتەڕۆمانەکە دابەشی دوو بەش کراوە و هەر بەشەی تایبەت بە کاتێک کراوە، هەڵبەتە کورتەڕۆمانەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی "بەعسی"یەکان لە "عێراق"، لەوێشەوە باسی پەیوەندی ئافرەتێک دەکات بەناوی "ئەختەر" لەگەڵ مولازمێکی بەعسیی دەستڕۆیشتووی ناو شاری سلێمانی و پێشمەرگەیەکیش بەناوی "جوامێر"، ئیتر درێژە بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەدرێ و لە دوماهیدا "ئەختەر" بە بەڵێنەکانی "مولازم"ەکە هەلدەخەڵەتێ و "جوامێر' دەداتە دەست و کۆتایی بە کورتەڕۆمانەکە دێت.

## تەوەری دووەم: ڕۆڵی کارەکتەر لە کورتەڕۆمانی "مولازم تەحسین و شتی تریش"ی "فەرهاد پیرباڵ"

### جۆرەکانی کارەکتەر لەڕووی ئەرکەوە:

کارەکتەری سەرەکی:

١_ "ئەختەر" لەناو کورتەڕۆمانەکەدا وەک کارەکتەری سەرەکی دەردەکەوێت و ڕۆڵی هەیە لە گۆڕینی ڕووداوەکان و بەرەوپێشچوونی کورتەڕۆمانەکە، بێگومان وەک لە دەستپێکی کورتەڕۆمانەکەوە دیارە، نووسەر دەستپێکی بۆ ژیانی تایبەتی و شەو و ڕۆژی "ئەختەر" تەرخان کردووە واتا دەتوانین بڵێین: گرنگترین ڕۆڵی هەیە و زۆرترین بەژداری پێکردنی پێدراوە لەلایەن ڕۆماننووسەوە، لە لاپەڕەکانی (٣ – ٦١) نووسەر باسێکی چڕ لەمەڕ ئەم کارەکتەرەوە دەخاتە ڕوو و شەو و ڕۆژەکانی دەگێڕێتەوە. بە بیرکردنەوەکانی "ئەختەر" ڕەوتی دەقەکە ڕوو لە لایەنێکی دیکە دەکات و سەرەپای گێڕانەوە و کارەکتەرە لاوەکییەکان کار بۆ نیشاندان و بەرەوپێشچوونی شاکەس دەکەن.

وەک گوترا کارەکتەرە لاوەکییەکان لەناو دەقە گێڕانەوەکاندا دەبێ لەم کاتانەدا باسییان بێتە گۆڕێ کە لە بارەی کارەکتەری سەرەکییەوە دەدوێن و چارەنووسی ئەو دەخەنەڕوو، لێرەوە ئاماژە بە چەند شوێنێک لە کورتەڕۆمانەکە دەکەین:

باجی بنار: ئەوە من مردوو و ئەتۆ زیندوو، ئەگەر جوامێر ئەو ئەختەرە بەدبەختەی خواست، وەرە تۆ ئەم قۆڵەی من ببڕە.

پورە ڕەعنا: ئەوە تۆ بەڕاستتە؟

باجی بنار: کچێ خۆشی چی دەوێ؟ خۆشویستنی چی و حاڵی چی؟ خۆشویستن ئەوها دەبێ؟ بۆ پێی ناکرێ؟ بۆ نابێ؟ سەدان پێشمەرگە بەم شاخەوەن ژنەکانی خۆیان لە باخەڵی خۆیان هەڵگرتووە و وەک نووری چاوی خۆیان دەیپارێزن! ئەم درۆ دەکا.

پورە ڕەعنا: دەبێ پیاوێکی درۆزن و غایەن بێت و بیەوێ دەستی دەستیی پێ بکا! (پیرباڵ، ٢٠٢٠، ٦١).

٢_ "جوامێر" کارەکتەرێکی سەرەکیی ترە لەناو ڕۆمانەکەدا، لە سەرەتای ڕووداوەکانەوە باسی دێتە گۆڕێ و یەکێکە لەم کارەکتەرانەی بە بڕیار و هەڵوێستەکانی دەشێ ڕەوتی ڕووداوەکان بگۆڕدرێ و هەتتا چارەنووسی "ئەختەر"یش چارەنووسێکی تر دەبێ، هەڵبەت "جوامێر" پێشمەرگەیەکە شەوان بۆ دیداری ئەختەر و چالاکییەکانی ناو شار دێتە لای "ئەختەر" و کاتی لەگەڵ دەباتە سەر، بۆیەش لەناو لاپەڕەکاندا بەشی شەوانی داگیرکردووە و گرنگی تایبەتی پێ دراوە، وەک:

ئەختەر  پێکەنی، پاشان سەری بسکی خۆی لە لادەمی خۆی نا و بە نازێکی ورتەورتێکی کرد: کەواتە جوامێر، تۆ تەنیا منت هەیە!

جوامێر هەناسەیەکی حەسانەوەی هەڵکێشا، دەستی خستە سەر کڵشنکۆفەکەی تەنیشتی: ئەویش جار بە جار... لە مانگێکدا شەوێک.)، (پیرباڵ،٢٠٢٠ ، ٩_١٠).

٣_ مولازم تەحسین: کارەکتەرێکی دیکەی سەرەکییە لەناو ئەم کورتەڕۆمانە، لەسەرەتاوە وەک کارەکتەرێکی لاوەکی لە دەوروبەری "ئەختەر" دەردەکەوێ، بەڵام لە دواییدا یان لە کۆتاییدا بە گوێرەی پلانێک کە بۆ دەستگیرکردنی "جوامێر" دەیکێشێ، بەژدارییە کاراکانی دەردەکەوێ، کە ڕەوتی ڕۆمانەکان سەرەوژێر دەکات و ئەو چاوەڕوانییە زۆرەی خوێنەر بۆ کۆتاییەکی دڵخۆشکەر دەگۆڕێت و چارەنووسی کارەکتەری سەرەکی "ئەختەر" دەخاتە ژێر دەستی خۆیەوە. وەک لە کورتەڕۆمانەکەدا هاتووە، مولازم تەحسین وەک کارەکتەرێکی سەرەکی بووەتە هۆی ئەوەی کە دوو دژیەکی باشە و خراپە لەناو بەرهەمەکە ڕەنگ بداتەوە. لێرەوە ئاماژە بە هەندێک شوێنی ناو کورتەڕۆمانەکە دەکەین کە دەیسەلمێنن ڕۆڵی کارەکتەرێکی سەرەکی هەیە، وەک:

من عارەبم. بەعسیم زابط ئەمنێکم. وەک خۆتان پێم دەڵێن (پیسترین زابط ئەمنی ئەم شارەم) تۆی پەپوولە، لەناو ئەو هەموو گەنجە کوردە قۆزانەی شارەکەی خۆت، هاتیت لەسەر دڵی منی (جەللاد)دا هەڵنیشتیت. (پیرباڵ، ٢٠٢٠، ٥).

لێرەوە دەبینین مولازم تەحسین، خۆشەویستی "ئەختەر"ی وەک کارەکتەری سەرەکی بەدەست هێناوە و پێمان وایە چارەنووسیشی بەدەستهێنابێ:

ئنجا پاشان، بەسەری لمۆزی، ئاماژەیەکی بێزاوی بۆ ئەختەریش کرد و بە یاوەرە چەکدارەکانی گوت: ئەمقەحپە پیسەش ببەن! لێرەی بەجێ نەهێڵن. (پیرباڵ، ٢٠٢٠، ١٣٢ _ ١٣٣).

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## کارەکتەری لاوەکی:

_ باجی بنار و پووره ڕەعنا: دوو دراوسێی دیوار بە دیواری ماڵی "ئەختەر"ن، "باجی بنار" ژنی " مامەندە مۆن"ە و "پورە ڕەعنا"ش ژنی "سەلیم سەرپان"ە. بە تایبەت نزیکایەتی  "باجی بنار" لە "ئەختەر"ەوە گەیشتووەتە ئاستێک، کە "ئەختەر" متمانەی پێیان هەیە و گوێ لە ئامۆژگارییەکانیان دەگرێ، چونکە زوو زوو لەناو قسەکانییەوە باسێکی "باجی بنار' یان بۆچوونێکی "پووره ڕەعنا" دەهێنێتە گۆڕێ: ((پووره ڕەعنای ژنی سەلیم سەرپان بە ئەختەری دەگوت: بەخوا کچم، ئەم جوامێرەی تۆ باسی دەکەی، دەستی دەستیت پێدەکا.)) (پیرباڵ، ٢٠٢٠، ٤١).

زۆرجار نووسەر بە تەکنیکی فلاشباک ڕووداوەکان لە زاری "باجی بنار"ەوە بۆ "پورە ڕەعنا" دەگێڕێتەوە، بە قسەکردنی نێوان ئەم دوو کارەکتەرە لاوەکییە، هەڵبەت دەزانین کارەکتەری لاوەکین، چونکە بەژدارییان لەناو ڕەوتی ڕووداوەکاندا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە، زۆرجار نووسەر سوودیان لێوەردەگرێت و درێژەی ڕووداوەکان لە زاری ئەوانەوە (کە لەبەردەرگا قسە بۆ یەک دەکەن) باسدەکرێت و تەنانەت ناسینی کارەکتەرە سەرەکییەکانیش لای ئەوانەوە بە خوێنەر ئاشنا دەکرێن.

ڕووداوەکان لە زاری ئەوانەوە شەنوکەو دەکرێت و کاریگەرییان بەسەر شاکەسەوە بە تەواوی هەست پێدەکرێت، وەک:

((پووره ڕەعنا، ئاخر جوامێر ئەگەر بیشیخوازێت، ئەختەر دەبێ لەگەڵی بڕواتە شاخ.

پووره رەعنا دەیگوت: جا قەیدی چییە؟ ناچێ؟ ئەرێ ئەختەر ئەگەر جوامێر بێتە خوازبێنیت، بەگەڵی ناکەویت بۆ شاخ؟ ناچی؟ ئەختەر فرمێسکەکانی بەسەر ڕوومەتی خۆی دەسڕییەوە، دەیگوت: بۆ ناچم؟)) (پیرباڵ، ٢٠٢٠، ٤٢).

٢_ حاجی مەولوودی بازرگان: سێیەم و دوا کارەکتەری لاوەکییە، کە ڕۆڵی لەناو ڕووداوەکاندا پێدراوە و بەهۆی نزیکایەتی لە کارەکتەری سەرەکی (مولازم تەحسین)، ڕووداوەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت. وا هاتووە کە دەوڵەمەندێکی شاری سلێمانییە و بەهۆی هەبوونی خەڵکی شار ناویان ناوە "مەولود ملیۆنێر" ((مەلازم تەحسین، نیوەڕۆ، لەماڵی حاجی مەولوودی بازرگان دەعوەت کرابوو، حاجی مەولوودی بازرگان پێش ئەوەی بچێ بۆ حەج پێیان دەگوت "مەولوود ملیۆنێر")) (پیرباڵ،٢٠٢٠، ٧٨).

کاریگەری بەسەر ڕووداوەکانەوە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کاتێ "حاجی مەولوود" لەگەڵ ژن و منداڵەکانی دەچن بۆ کۆشکی کۆماری و "حاجی مەولوود" بڕی (٨٠) هەزار دیناری عێراقی بە جەنابی فەرماندە دەبەخشێ، بە ناوی ئەوەی "عێراق" لە ئەزمەی شەڕ دایە بەناوی شەڕی "قادسییە"، بۆیە پۆلێک پێشمەرگە کوڕە (١٩) ساڵانەکەی دەفڕێنن و داوای (٥٠) هەزار دینار لە "حاجی مەولوود' دەکەن: ((سێ ڕۆژ لەمەوبەر کوڕە گەورەکەی مەولوود ملیۆنێریان ڕفاندبووە شاخ؛ هەواڵیشیان بۆی ناردبوو تا پەنجا هەزار دینار بۆ هێزی پێشمەرگەی شاخ نەنێریت، ئێمە کوڕەکەت نادەینەوە)). (پیرباڵ، ٢٠٢٠، ٧٨). بۆیە "حاجی مەولوود" هەواڵ بە "مولازم تەحسین" دەدات کە ڕووداوێکی لەم شێوەیە لەلایەن پۆلێک پێشمەرگە بە سەرکردایەتی "جوامێر" ڕووی داوە:

((گومانی پێ ناوێ؛ ڕاستە! دەمێک بوو بۆ خۆیشی کەوتبووە ئەم گومانەوە، ئەوەتا ئێستا بۆی وەدیار کەوت. مسۆگەر ئەم گومانەی مەولوود ملیۆنێر ڕاستە!)) (پیرباڵ، ٢٠٢٠، ٨٢).

## کارەکەر لەڕووی پێکهاتەوە:

## کارەکتەری پەرەسێن:

١_ مولازم تەحسین: لەڕووی ئەرکەوە کارەکتەری سەرەکی بووە، چونکە ڕۆڵی لە ڕووداوەکان و بەژدارییپێکردنی لەلایەن نووسەرەوە زۆرە، بەڵام لەڕووی پێکهاتەوە کارەکتەرێکی پەرەنەسێنە و ڕۆڵی لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە جێگیری ماوەتەوە. چونکە "مولازم تەحسین" وەک خۆی لەبەرچاوی "ئەختەر" نیشان دەدا وا نییە، بۆ نموونە کە دەڵێ: ((بەڵام من، بە گۆڕی باوکم، سوێندت بۆ دەخۆم: لەوەتەی لەم شارە تۆم ناسیوە، دەستم بۆ هیچ ئافرەتێکی دیکە درێژ نەکردووە؛ پاش ناسینی تۆ نەفسم نەچۆتە سەر هیچ ئافرەتێکی دیکە))، (پیربال، ٢٠٢٠، ٧)، ئەگەر دوا مامەڵەی لەگەڵ "ئەختەر" لەوەی کە ئێمە وەک خوێنەرێک دەیبینین، مامەڵەیەکی گونجاو بووبا و وەک خۆی دەیڵێ ئەم جۆرە خۆشەویستییەی بۆ دووبارە کردبایەوە ئەوا ڕاستگۆیی خۆی دەردەخست، بەڵام لە کۆتایی کورتەڕۆمانەکە دەڵێ: ((ئەم قەحپە پیسەش ببەن! لێرەی بەجێ نەهێڵن))، (پیربال، ٢٠٢٠، ١٣٣)، کەواتە لەرەوە بۆمان دەردەکەوێ کارەکتەری "مولازم تەحسین" بە درۆ خۆی لەبەرچاوی "ئەختەر" پیشان دەدا و دوایی وەک لەشفرۆشێک هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکا.

٢_ جوامێر: ئەم کارەکتەرەیش بە هەمان شێوەی "ئەختەر" لەڕووی ئەرکەوە ڕۆڵێکی سەرەکی لە ڕووداوەکاندا هەیە، کەچی پەرەنەسێنە چونکە وەها پیشان دەدرێ کە بە تیۆر و فەلسەفەی مارکسی گۆشکراوە و بەلایەوە کۆمەڵگا و هەموو ئەم ئاداب و نەریتانەی هەیە ڕێ لەوە ناگرێ گۆڕانی تێدا ڕووبدا و وای لێبکا قسە و کرداری یەک نەبێ: ((بەڵگەشم بۆ سەلماندنی قسەکەم ئەوەیە (تۆ خۆشت باش دەزانیت): من مارکسیم و باوەڕم بە پرەنسیپەکانی مارکسیزمەوە هەیە لەم بارەیەوە، ئەمەی تۆ باسی دەکەی: (سووکی) و (قەحپەیی) و عیلاقاتت لەگەڵ پیاو و ئەو شتە قۆڕانە... هەرگیز نابنە ڕێگر لەبەردەم بڕیاری مندا. من هەزارجار پێم گوتووی: ئەخلاق تەنیا ناوگەڵ نییە، ئەخلاق هۆشیاری شۆڕشگێڕانەیە.)) (پیربال، ٢٠٢٠، ٥٠)، کەچی هەر خۆی ئاماژە بەوە دەکا پەرەنەسێنە و ناتوانێ گوێ بە دابونەریتی کۆمەڵگا نەدات: ((جوامێر، کە بەڕاستی ئەختەری زۆر خۆشدەویست، دڵی نەدەهات بە ئەختەر بڵێ: (من ئەگەر تۆ بخوازم، خەڵک پەنجەم بۆ درێژ دەکەن و دەڵێن: ئەوەتا، جوامێر، لە کۆتاییدا هەر ئەختەری قادر قوتووی خواست)) (پیربال، ٢٠٢٠، ٥٠_٥١).
یاخود خۆی دەزانێ ئەم کتێب و تیۆرانەی لەمەڕ ئازادی ئافرەت و شۆڕشەوە کەسایەتییەکی ترسنۆکی بۆ دروست دەکەن کە توانای گۆڕانی لەخۆیدا نەبێ: ((جوامێر لەبەر خۆیەوە وەک لە شتێک پەشیمان بووبێتەوە، غەمگینانە گوتی: کتێب لەسەرەتادا هەمووومان فێر دەکات؛ لە ئەنجامیشدا هەمووومان ترسنۆک.))، (پیربال، ٢٠٢٠، ٥٤).

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## ئەنجامەکان

١_ کارەکتەر ڕۆڵێکی گرنگی لە تیۆری گێڕانەوەدا پێدراوە، نووسەر دەیکاتە چەقێک لەوێوە توخمەکانی تری گێڕانەوەی لێ دەبێتەوە و هەموویان لە خزمەت توخمی کارەکتەردا هەوڵ دەدەن.

٢_ کورتەڕۆمانی "مولازم تەحسین و شتی تریش" گرنگییەکی زۆری بە کارەکتەر داوە و تەنانەت لە ڕێی کارەکتەرە لاوەکییەکانی وەک "پووره ڕەعنا" و "باجی بنار"ەوە گۆشەنیگای ڕۆماننووس دەردەکەوێ.

٣_ لەڕووی ئەرکەوە: (ئەختەر، جوامێر، مولازم تەحسین) کارەکتەری سەرەکین و (پووره ڕەعنا، باجی بنار، مەولوود ملیۆنێر) کارەکتەری لاوەکین و ڕۆڵی لاوەکییان لە بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکاندا هەیە.

## سەرچاوەکان

### کتێب


١_ ئەڵوەنی، نەجم خالید، (٢٠٠٩)، کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی "ئێوارەی پەروانە"ی "بەختیار عەلی"دا، ، چاپخانەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر.

٢_ ئەڵوەنی، نەجم، (٢٠٢١) گرنگیی کارەکتەر لە ڕۆمانی (یاداشتی عەتر و ئاگر)ی (بەیان سەلما)دا، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین.

٣_ ئەڵوەنی، نەجم، (٢٠١٧) تیۆری کۆمەڵناسیی ڕۆمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

٤_ شێخانی، جەوهەر، (٢٠١٤) بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی (حسێن عارف)دا، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

٥_ نوری، شوان عوسمان، (٢٠٢٠)، بنیاتی ڕووداو لە کورتەچیرۆکی هونەریی کوردیدا، چاپی یەکەم، هەولێر، ؟.

٦_ سەبری، ڕازاو ڕەشید، (٢٠١٠)، چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٧_ فەرەج، خالیدە قادر، (٢٠١٣)، چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٨_ پیرباڵ، فەرهاد، (٢٠٢٠) مولازم تەحسین و شتی تریش، چاپی سێیەم، هەولێر، چاپخانەی داناز.

٩_ مەنتک، حەمە، (٢٠١٨) میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، دەزگای تەفسیر، چاپی یەکەم، هەولێر.

١٠_ ئەرەستۆ، ، (٢٠١١)، هونەری شیعر (شیعرناسی) و: عەزیز گەردی، چاپخانەی کەنج، چاپی دووەم، سلێمانی،.

١١_ حاجی، سەنگەر قادر، (٢٠٠٩)، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی، چاپی یەکەم دهۆک، چاپخانەی خانی.

١٢_ ڕەشید، سابیر (٢٠٠٧)، ڕۆمانی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

نامەی ئەکادیمی

١_ (عومەر)، عەونی ئەمین (٢٠١٥)، بنیاتی کارەکتەر لە دوو ڕۆمانی (فەرهاد پیرباڵ)دا بە نموونەی (مولازم تەحسین و شتی تریش) و (هوتێل ئەوروپا)، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین.



**ئەحمەد زرار عەزیز**

# ڕۆمانی یەك دەنگی و ڕۆمانی فرەدەنگی لە روانگەی (باختین)ەوە (هێلانە)ی (حسێن عارف) بە نموونە




مغداد ئەحمەد محەمەد

## پێشەکی

ڕۆمان لە چەندین توخم پێکهاتووە، ئەمەش سنووری لێکۆڵینەوە فراوانتر دەکات. هەر یەک لەو توخم و تەکنیکانە دەکرێت بە جیا و سەربەخۆ لێکوڵینەوەیان لەبارەوە بکرێت. لەم سەردەمەدا ئێستاشدا ئەوندە میتۆد و تیۆرمان لەبەردەستەدایە دەتوانین، لەژێر چەتری یەک لەو مێتۆدانە لێکۆلینەوە لە تەکنیکێک، یان توخمێکی ڕۆمان بکەین. هەر تەکنیکێک دەکرێت ببێت بە کەرسەی لێکۆلینەوە، ئێمە تەنیا دوو تەکنیک وەکو کەرسەی ریڤیویەکەمان هەلبژاردووە. باسەکەمان بە ناونیشانی (تەکنیکی یەک دەنگی و فرەدونگی لە ڕۆمانی کوردیدا)، ئەم ریڤیو ئارتیکەلە لە دوو بەش پێکدێت، لە بەشی یەکەم باسی مێژوو، چەمک، زاراوەی، تیۆری گێرانەوە وەکو لایەنی تیۆری باسمان کردییە، و لە بەشی دووەم دا ڕۆمانی هێلانە کە ڕۆمانێکی کوردییە لەسەر میتۆدی گێرانەوە یەک دەنکی و فرەدەنگی مان پراکتیک کردییە.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## بەشی یەکەم

## مێژوو، چەمک، زاراو:

لە زمانی کوردیدا گێڕانەوەی وشەکانی: ڕاز، بەسەرهات، سەرد، حیکایەت، نەقل، قەوڵ، سەرگوزشتەی بۆ بەگاردێت. هەمووشیان نیشاندەری (narration)ی ئینگلیزی. و ڕیوایەت، حیکایەتی، فارسی. و سردی عەرەبی بە بابەتێکی دێرینی هەنێدەی مێژووی مرۆڤایەتییە. ((گێڕانەوە وەکوو چەمکێکی ڕەخنەیی و ئەدەبی نوێی، وەک کێشەیەکی ئەدەبی ئاڵووز کە هەردەم دەمانگێرێنێتەوە بۆ مەسەلەی ژانرەکانی ئەدەب، لەناو ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی و ئەدەبی کوردیدا، مێژوویەکی کۆنی هەیە و بە چەند هەنگاو وەرچەرخان و گۆڕاندا تێپەڕیوە)). (محەمەد، ٢٠٢٢، ل٥).

ئەم زاراوەیە هەر بەو ئاسانییە پەیدانەبووە لە نێو ئەدەب و ڕۆماندا، بەڵکو ڕەگ و ریشەیەکی کونی هەیە، بۆ نموونە کاتێك ڕووداوێك ڕوودەدات چەندین کەس ئامادەن لە بینیی ڕووداوەکە دا، بەڵام لەکاتی گێرانەوە دا هەریەکە و بە شێوازێك بە پێی کاریگەری ڕووداوەکە لەسەرخۆی ڕووداوەکەمان بۆ گێرێتەوە، ئەمەش لە ڕۆماندا بەهەمان شێوازە، گێرانەوەی ڕۆماننووسێك لە ڕۆماننووسێکی دی جیاوازە هەر ئەم جیاوازییەش وای کردووە رومانئووس لە هاوتایەکی دیکەی، خۆی جیاکردبێتەوە لە گەڵ ئەوەشدا هەروەها ((ئەم زاراوەیە پەیوەندی بە بواری گێرانەوە هەیە، لە سەدەی بیستدا فراوانترین زاراوەیە، کە گفتوگو و توێژینەوەی لە لایەن ڕەخنەگرانەوە لەبارەوە کرابێت، زۆربەری ڕەخنەگران پەیدا بوونی ئەم زاراوەیە بۆ ڕەخنەگر تزفیتان تۆدۆرۆف دەگەرێننەوە، کە لە سالی ١٩٦٩ دا بۆ ناوانی زانستێك، کە گێرانەوەناسی Narratology بوو، پێشنیازی کرد زاراوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە بەشی یەکەم Narrato کە لە زاراوەی Narrativeوە بەواتای چیرۆك و گێرانە وە دێت، بەشی دووەم logy بەواتای زانست دێت، واتە دەبێتە زانستی گێرانەوە ئەم زاراوەیە بۆ یەکەم جار لە کتێبی دە ستوری ڕێزمانی دیکامبرۆنای تزفیتانی تۆدۆروف دا لە سالی ١٩٦٩ دا بەکارهاتووە هاوکات بەشیکی دیکە لە ڕەخنەگران ئەم زانستە بۆ کتێبە بەناوبانگەی ڤلادیمێر پرۆپ بەناوی مۆرفۆلۆجیای حیکایەت لە سالی ١٩٢٨ دا دەگەرێتەوە، هەرکامیان بێت گرینگ ئەوەیە ئەم زانستە لە بواری ڕەخنە و توێژینەوەی گێرانەوە دابووە بە زانستێکی سەربەخو تۆدۆروف ئەم زاراوەیە بە واتای خوێندنەوەی چیرۆك بەکاردەهێنیت)). (صالح، ٢٠٢٢، ل٥).

گرنگی گێڕانەوە بووەتە هۆی ئەوەی لە کۆنەوە ئەفڵاتۆن و ئەرستۆ بایەخی پێ بدەن و لە ڕەوانگەی خۆیانەوە لەم بابەتە بدوێن. لە پەڕتووکی (کومار)دا، ئەفڵاتۆن جیاوازی لە نێوان دوو جۆری گێڕانەوەدا کردووە. یەکێکیان گێرانەوەی بێگەرد یان پەتی، لەم میاندا شاعێرەکە ڕاستەوخۆ بە ناوی خۆیەوە گێڕانەوە دەکات بێ ئەوەی هەوڵ بدات وابزانین لەوێدا کەسێکی دیکە هەیە بەخۆی قسە دەکات. جۆری دووەمیشی ناولێناوە لاساییکردنەوە. ئەم جۆرەش پێچەوانەی ئەوی ترە، چونکە شاعیرەکە دەیەوێت بزانی ئەمە ئەو نییە قسە دەکات، بەڵکو کەسێکی دیکەیە. هەرچی پەیوەندی بە ئەرستووە هەیە ئەوا جیاوازیی لە نێوان ئەم دوو جورەدا نەکردووەو بۆ هەردووکیان تەنها زاراوەی لاساییکردنەوەی بەکارهێناوە. ئەمەش وایکردووە ڕەخنەگرانی کلاسیکی ئاوڕ لەم جیاوازییەی ئەفڵاتۆن نەدەنەوە. (ئەلوەنی، ٢٠١٧، ل ٢-٢٧).
دەکرێت بلێین گێڕانەوە مێژوویێکی زۆر کونی هەیە و لە کونووە خوی لەناو ڕۆمان، چیرووک، بەسەرهاتەکاندا بینی وە، بەلام لە نیوەی دووەم لە سەدەی بیستەمدا وەکو تیۆرێکی زانستی سەری هەلداوە.

## پێناسەکانی گێڕانەوە:

سەبارەت پێناسەی گێڕانەوە چەندین پێناسەی جۆراوجۆر بۆ گێڕانەوە کراوە و لەم ڕووەوە چەند پێناسەیەکی لە گێڕانەوە دەخەینەڕوو:

گێڕانەوە وەکوو پرۆسەیەکی ئاخاوتن ڕوویەکی فراوانی لە ژیانی مرۆڤدا داگیر کردووە، چونکە هەر لەگەڵ پەیدا بوونی مرۆڤ و لە هەموو کۆمەڵگاکاندا دەرکەوتووە. هەروەها لە زمانی ئاخاوتن و لە زمانی نووسراودا و تەنانەت لە زمانی هێما و ئاماژەکردن و لە هونەری شێوەکاری و لە مێژوویشدا بوونی هەیە. واتا گێڕانەوە شتێکی گشتی و جوراو جورە هەموو ئەو ڕەگەزە ئەدەبیانە، کە پشت بە گێڕانەوە دەبەستن وەکوو ئەفسانە و پڕۆ پووچ و چیرۆکی میللی و چیرۆکی هونەری و ڕۆمان...هتد. لە گێرانەووە پەیدا بونەو شێوەی خۆیان وەرگرتووە هەر مرۆڤێکیش لە گێڕانەوەدا شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە، گێڕانەوە کردەیەکی گفتوگۆیە لە نێوان مرۆڤەکان دا، کە ڕاڤەکردن و گواستنەوە و گەیاندنە بە گوێگر. (سەعید، ٢٠٠٩، ل٤).

هەموو ڕۆمانێک لە نێو خویدا دوو بنیاتی هەیە، تەلاری دەقەکەی لەسەر دادەمەزرێت، ئەوانیش بنیاتی حەکایەت و بنیاتی گێڕانەوەیە. ناکرێ لەبەر هەر هویەک بێت بایەخ بەلایەکی ئەم هاوکێشیە بدرێت و لایەکی دیکەی فەراموش بکرێت. (ئەلوونی، ٢٠١٧، ل٢٥).

(محمد غنیمی هیلال) بەم شێوەیە پێناسەی گێڕانەوەی کردووە و دەڵێت: ((گێڕانەوە بریتییە لەو دەستەواژەیە، کە ڕووداوێک یان چەند ڕووداوێک یان هەواڵێک یان چەند هەواڵێک دەکرێتەوە ئەگەر لە حەقیقەتەوە وەرگێڕابێت یان دەرهاوێشتەی خەیاڵ بن)) لێرەدا مەبەستی ئەوەیە ڕووداوێکی خەیاڵی یان واقیعی دەگێڕێتەوە. (صالح، ٢٠٢٢، ل٧).

دکتۆر (عزالدین اسماعیل) لەپێناسەی گێڕانەوەدا دەڵێت: گێڕانەوە بریتییە لە گواستنەوەی ڕووداو لە وێنەی واقیعیەوە بۆ وێنەیەکی زمانی، لێرەدا ئاماژە دەکات بە ڕووداوە ڕاستەقینەکانی نێو ژیان کە بە زمان دەگەڕێنێتەوە. (صالح، ٢٠٢٢، ل٧).

گێڕانەوە بریتییە لە ((ڕووداوێک یان هەواڵێک، وەک بەرهەمهێن و کردەوە ئامانج و کار و بۆنیات و کردەی بونیادە، زیاتر لە یەک ڕووداوی واقیعی ئەندیشە (چیرۆکێک) لە لایان یەک کەس یان زیاترەوە دێتە بەرهەم. (صالح، ٢٠٢٢، ل٧).

دەکرێت بڵێین بنەمایی سەرەکی گێرانەوە ڕووداوە ئەوجا چی ڕووداوێکی خەیالی بێت یان ڕووداوێکی واقیعی بێت، و هەروەها گێڕانەوە بنەماییکە بۆ ڕەگەزەکانی ئەدەبی وەکو: (چیروك، کورتە چیروك، ڕۆمان، ئەفسانە...).

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## ئەرکوو گرنگیی گێڕانەوە:

گێڕانەوە لەهەر بابەتێکدابێت ڕۆڵی و گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆ نموونە گێڕانەوە لە شیعردا ئەرکی جیاوازە وەک گێڕانەوە لە ڕۆماندا چونکە ((گەر گێڕانەوە بێتە ناو هەر شیعرێکەوە پێویستە بنەمای سەرەکییەکانی شیعر لەبەرچاوبکرێت... بنەما سەرەکییەکانیش لە داڕشتن و سەدەمەی ئیستاتیکی و وێنە ریتم چڕکردنەوە تەکنیک و شێوازدا خۆی ئەبێنێتەوە... بەهیچ جۆرێک قبووڵ نییە بە زمانی ئاسایی قسەکەرەوە گێڕانەوە خۆی بهاوێتە ناو هیچ شیعرێکەوە، پێشتر ئەبێ ئەو بنەماو کوڵەکە سەرەکییانە لەپێشچاو بکرێت و ئەوکات تەوزیف کردنی دابڕێژرێت... بۆیە هەمیشە گێڕانەوە زمانی سروشتی و گێڕاناوە لە شیعر و چیرۆک و هونراوەکانی تردا جیاوازن)). (رەزا، ٢٠٠٧، ل٨١).

هەروەک چوون لە شێعردا گێڕانەوە ئەرکی هەیە بەهەمان شێوە لە ڕۆماندا ئەرک خەسڵەتی خۆی هەیە. یەکی لە ئەرکەکانی ((ئە و رێکخستنەی، کە لەواقیعدا هاتووە رووداو پێشکەش ناکات، بەڵکو رووداوەکان پێش و پاش دەکات، هەندێکیان بەکورتی هە ندێکیان بەدرێژی باسدەکات بۆ زیاتر بەرجستەکردنی دیمەنێك، لایەنێك بابەتێك لە دوورەوەبێت یان نزیکەوە، ئەرکێکی دیکەی گێڕانەوە دیارخستنی هەموو ئەو شتانەی نووسەر دەیزانی لە بارەی کارەکتەرەوە، هەوڵدانیەتی بۆ چوونە ناخی شاراوەی کارەکتە ر زورینەی تایبەتمەندی و سیفەتەکانی)) واتا ئەو سیفەتانەی، کەلەکارەکتەرەکاندا هەیە لەرێگەی گێرانەوەکە بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت، کەهەلگری چی سیفەتێکە. (صالح، ٢٠٢٢،ل٩).

هەروەها ((ڕۆمان تەنیا بە ناوەرۆک دیار ناکرێت، بەڵکو بە شێوە و ئەو ڕیچکەیە دیاری دەکرێت، کە ناوەڕۆکەکەی پێ پێشکەش دەکرێت، ئەم ڕێچکەیەش هونەری گێڕانەوەیە، کە بەرهەمی بەدەستهاتووی زمانە لە زنجیرەیەکی خەیاڵی نەپچڕاودا، چارەسەری ڕووداوە خەیالییەکان دەکات لە زەمەنێکی دیاریکراودا داهێنانی مەزنترین شاکاری ئەدەبی لە ڕێیگەی گێڕانەوە)) لێرەدا زیادتر تیشک دەخاتە سەر گێڕەوە لە چۆنیەتی شێوازو گەیاندنەکەی بە شێوەی هونەری، کەزمانی ڕۆڵی تێدا دەبینێت و جوانی دەنوێنێت. (صالح، ٢٠٢٢، ل٩).

گێرانەوە ((ئەم توخمەیە خاسیەت و تایبەتمەندییەکی گرنگی بنەماکانی چیرۆك دادەنرێت. چیرۆکیش بریتیە لە گێرانەوی کومە لە رووداوێك بە شێویەکی هونەری کەوا قەومانتێك یان چەند قەومانتێکی ژیان، یان سروشت دەکاتە مایەی سەرنج راکێشان و براواندنی هەستی جوان پەروەردەی و پێگەیاندنی لێکدانەوەی گوێگر یان خوێنەر بەرامبەر ژیان واتا گێرانەوە شێویەکی هونە ری گەیاندنی چیرۆکە بە خوێنەر یان گوێگر. کە سەرنجییان رابکێشیت و سەرسامیان بکات و هەستیان ببزوێنێت، سەرەرای ئەمە ش دیاردە گێرانەوەش دووبارە باسکردنەوەی ئەو رووداوانەیە کەروویانداوە، ئینجا رووداوەکان واقعی بن یان خەیالی، هەروەها گواستنەوەی بەسەرهات کو گێرەروە ئەنجامی دەدات بۆ وەرگر (بۆ گێرراو) دەکرێ بوترێ گێرانەوە کاری ئەم پەیوەندییە جێ بە جێدەکات، ئەویش گەیاندنی پەیامێکە لە گێرەروە بۆ گێرەوە. کە تەکنیکی ساکار و خێرایی هەواڵدەریی رووداوەکانە)). (صالح، ٢٠٢٢،ل٩-١٠).

ئەگەر سەرنج بدەین ((ئەمرۆ گێرانەوە بە یەکێك لە گرنگترین بنەماکانی بینای هونەری تێکستی چیرۆکێك دادەنرێت، و مەرجی سەرکەوتنی هەرکارێکی ئەدەبیش تارادەیەکی گەورە دەبەسترێتەوە بە جۆری ئەو رێگایەی کەرەستەکەی پێ رێك دەخرێت و دە گێردرێتەوە، چونکە لە ئەدەبدا رووبەرووی رووداو شتەکان نابیتەوە لە شێوە سەرەتاکەیدا، بەلکو رووبەرووی ئەو رووداوانە دە بیتەوە، کە بە شێویەکی دیاریکراو پێشکەش دەکرێن هەموو شتێکیش گشت دیاردەکانی بە پێ ئەدیتنەی لێ یەوە پێشکەش دەکرێت دەست نیشان دەکرێت)). (صالح، ٢٠٢٢،ل ٩-١٠).

یەکێکی دی لە گرنگیەکانی گێرانەوە بریتیە لە چێژ بەخشین بە خوێنەر یاخود گوێگر. کە ئەویش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، چونکە ((گێرانەوە، هەر ئەوندە نییە کە بە شێوەیەکی ئاسایی و زمانێکی ساکار و ڕووداوێك بگێردرێتەوە، بەڵکو پێویستە گێرەرەوە لە گێرانەوەدا لێهاتوویی بنوسێت لە تەوزیفکردنی رەگەزی چێژ و خەیال تاکو بۆ گێرەرەوە ((المسرود)) لە بەهەمان چێژ و پەروشیەوە بابەتی گێرانەوەکە وەربگرێت لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە گێرانەوە هونەرە نەك زانست، لەم بارەیەوە (رولان بارت) پێوایە کە گێرانەوە پەیوەست نییە بەچاکی و خرابی ئەدەبەوە، چونکە درێژکردنەوە، یاخود سستکردنەوە دەدرێت لە لایەن ڕۆماننووسەوە ئەمەش مەبەستی ڕۆماننووسە لە بەکارهێنانی ئەم تەکنیکەدا، کە پشوویەك بە خوێنەر دەدات)).

گێرانەو ناسنامەی هونەری زمانی دەقێك لە خۆ دەگرێت، ئەو زمانە هونەریەش لە رستە و دەربرینی جۆراوجۆر پێکدیت، رستە و دەربرینەکانی گێرانەوەش خاوەن خەسلەت و تایبەتمەندی خویانن، کەنابێت درێژدادری و زۆر لە خۆکردنیان پێوە دیاربێت مە رجیش نیە گێرانەوە تەنها باس لە کەسێتیەکانی ناو چیرۆك و ڕۆمان بکات، جاری واهەیە گێرانەوە تەنها باس لە شوێن و رووداوە یان دیمەنێك دەکات، دەکرێت کەسێتیەکەش لە خویەوە دەست بە گێرانەوە بکات خوی رووداو و بەسەرهات و شتەکان بگێرێتەوە، بێ ئەوەی پێویستی بەکسێکی تر یان گێرەرەوە هەبێت.

گێرانەوە گرنگیی دیمەنەکان لە رووداودا نیشاندەدات و ئەمە جگە لەوەی ئەرکی شوێن و کارەکتەرەکان لە خۆ دەگرێ، چونکە ((گێرانەوە تایبەتمەندە بە پشت بەستن بە واتا شوێن و کاتەکان، لەبەر ئەوەی بەستنەوەی گێرانەو بەکاتەوە وای لێدەکات زیاتر چێژ بەخشبێت، هەموو رووداوەکان رێکدەخات کە چیروکەکە لە خۆ دەگرێت رووداوەکان لە گێرانەوە لە ڕۆماندا بە شێوەیەکی زنجیرە و رووداوە لە ناکاوەکان، رووداوەکونەکان، گێرانەو زۆرێك لەخالی پێکەوەبەستن هاوبەشی دیاریکراولە خۆ دەگرێت کە کاردەکاتە ل سەر بەستنەوەی رووداوە و کردارەکان بەشێوەیەك زنجیرەیی رێك بخرێن، کەگونجاوین لە گەل کات و ساتی گونجاودا)). (طعمە، ل سطور،٢٠٢٠) گێرانەوەرۆل و ئەرکێکی گرنگی بینی لە رێکخستن و بەدواییەکداهاتنی رووداوەکان و گونجاندنی کات شوێنی کارەکتەرەکان. (صالح، ٢٠٢٢، ل٩-١٠).

گێرانەوە ئەرکێکی گرنگی هەیە لە گێرەوەی رووداوەکاندا، بەلام لە گێرانەوەدا جیاوازی هەیە رەگەزێك بۆ رەگەزێکی تر وەکو ڕۆمان و شیعر، هەریەك لەمانە خاون چەندین توخمیی جیاوازن.

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

## تایبەت مەندی گێرانەوە:

لە دەقێکدا بۆ ئەوەی بتوانین گێڕانەوە دەستنیشان بکەین و شیبکەینەوە، دەبێت سەرنج لە چەند حالێکی گرنگی گێرانەوە بدەین. یەکەم: بەدوابیەکداهاتنی ڕووداوەکان. دووەم: خێرایی گێڕانەوە. سێیەم: زمان. کە یارمەتیدەرە و ڕێنیشاندەری چونییەتی مامەڵەکردنن لەگەڵ دەقی گێڕانەوە دا. بەڵام بەر لەمانە گرنگە، توێژەر خەسڵەتەکانی دەقی گێڕانەوەیی بناسێت، ئەوسا بایەخ بە چۆنیەتی شیکردنەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ دەقەکە بدات. (مایکل تولان) لەبارەی تایبەتمەندی گێڕانەوە چەند خالێک دیاریدەکات، کە (ئەحمەد ئوخوەت) ڕوونتر و پوختر خستوویەتە ڕوو. (محەمەد، ٢٠٢٢، ل١٨-١٩).

١- داهێنراوی: جیاوازی گێڕانەوە لەگەڵ زمانی ئاسایی و ڕۆژانەدا (بۆ نموونە گفتوگۆی نیوان دوو کەس لە چایخانەیەک دا) لەوەدایە، کە لە پێشدا پلوت و بەرنامەی بۆ دانراوە لەسەر بنەمای ئەو پلوتە دەچارێت و دروست دەکرێت. تەنانەت لە گێڕانەوەی زارەکیشدا، چونکە چیرۆکخوان، پێشتر لەسەر ئەو چیرۆکەی دەیەوێت بگێڕێتەوە ڕاهێنانی کردووە، بۆیە هەمان حاڵەتی دروستکراوی بوونی هەیە. (محەمەد، ٢٠٢٢، ل١٨-١٩).

٢- هەموو گێڕانەوەیەک وەگێڕیان چیرخوانێکی هەیە، تەنانەت ئەگەر نادیار و خوازییش بێت. لەو ڕووەوەی، گێڕانەوە هەرچەندە تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام جۆرێک مامەڵەی زمانییە و وەک مامەڵە زمانییەکانی تریێویستی بە قسەکەر و بیسەر. (محەمەد، ٢٠٢٢، ل١٨-١٩).

٣- لە هەر گێڕانەوەیەکدا بەرامبەر بە جورێک لە جێگۆرکێداین گێڕانەوە زنجیرەیەک لە ڕووداوی هاوکات نییە، کە لە دوای یەکەوە ڕێزبن، بەڵکو گێرەوە یان نوسەر دەتوانێت جێیان بگۆڕێت و بە دڵی خۆی ڕێکخستنی نوێیان بوبکات و دەستکاری هێڵی گێڕانەوە بکات. (محەمەد،٢٠٢٢، ل١٨-١٩).

٤- بۆ ئەوەی گوتارێک بە گێڕانەوە بزانین دەبێت لە ڕووی کات و شوێنەوە لێ دووربین و پێویست بە نزیک بوون نەکات، بەو مانایە ئەو چیرۆکە دەگێردرتەوە پێویستی بەوە نەبێت سەرەدانی شوێنێک بکەیت، یان لە سەردەمێکی دیاریکراودا مانابەخشی بێت. (محەمەد، ٢٠٢٢،ل١٨-١٩).

## جورەکانی گێرانەوە

### یەکەم: گێرانەوەی تاك دەنگی:

بو گێرانەوەی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان چەند جورێك لە گێرانەوەمان هەیە، ڕۆماننووس بۆ نووسینی ڕۆمان پەنا بۆ یەك لەو جورانە دەبات ئەوانیش (گێرانەوەی تاك دەنگی، گێرانەوەی دوو دەنگی، گێرانەوەی فرەوەگێری یان فرەدەنگی)، هەریەك لەم جورانە خاسییەت وتایبەتمەندی خویان هەیە.

گێرانەوەی تاکدەنگی بریتییە لە گێرانەوە یان پەیڤی یەکدەنگ )کارئەکتەر، وەرگێڕ) لەنێو ڕۆماندا، بە واتایەکی دی پەیڤینە لەگەڵ خۆ، یان خۆدواندنە. لە ڕووی زاراوەوە مەنەلۆگ (monologue) یٚ پێدەڵێن ((ئەم زاراوە بنەرەتێکی یۆنانی هەیە. لە دوو بەشی پێکدیٚ. (mono) بە واتای تاک دیٚ (logue) بە واتای گوتار، پەیڤ قسە دیٚ لە تاکدەنگی هەرگیز ئاگایی، یان ئایدیۆلۆجیای دیکە جێی لە بەرانبەر ئاگایی و ئایدیۆلوجیای نووسەر لە ڕۆمانی تاکدەنگییدا بە شێوەیەک دەسەڵاتی نووسەر نابێتەوە)). دیکتاتۆرانەیە کە ڕیٚ بە هیچ دەنگی تر نادات دەربڕ ناخی خۆی بێت، وەرگێڕ لەبری کارەکتەرەکان دپەیڤیت، تەنانەت لەبری ئەوان بیرەکاتەوە. (مەنتك، ٢٠١٣، ل٦٥-٦٦).

ڕۆمانی تاکدەنگی پشتی تەواو بە مەنەلۆکی دەبەستێت. هەروەها سێ جۆر لە گێرانەوەی تاکدەنگیمان هەیە، بریتین لە:
تاکدەنگی دەروونی.
تاکدەنگی شانۆیی.
خۆدواندن (خودپەیقی).

١.تاکدەنگی دەروونی: دەتوانین ئەمجۆرەیان شەپۆلی هۆشی پێ بڵێین لێرەدا وەرگێڕ/ کارئەتەر بە جێناوی سەربەخۆی (من)، یان جێناوی لکاو (م) دەپەیڤێ. پەیڤەکانیشی زیاتر لەگەڵ دەروونی خۆیەتی. تاکدەنگی دەروونی ((ئەو دیالۆکە ناوەوەیە، ڕێی پێناردێ بچێتە دەرەوە، بە واتای ئەوەی جیهانی دەرەوە ناتوانێ کاریگەری و گرنگی لەسەر جیهانی دیالوکەکە هەبێت)). (سەعید، ٢٠٠٩، ل٢٠١).
٢- تاکدەنگی شانۆیی: ئەمەیشیان جورێکی تری گێرانەوەی تاکدەنگییە، لەرێیەوە ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان دەگێرەرێنەوە، لە جورە یان وەگێر/کارەکتەر بۆکەسی بەرانبەری (پەیڤێ) واتە لێرەدا خوێنەر دەزانێت، کەسێك لە بەرانبەر وەگێر/ کارەکتەر هەیە، بەڵام خوێنەر ئەو کەسە (گوێدێر) نابینێت، بەلام بوونی کەسێك ئامادەیە، وەگێریش هەست بەو کەسە نادیارە و ئامادەیە دەکات، وەکو کارەکتەرەێك لسەر شانۆ ڕووداوەکانە ئەو شانۆیە بۆ بینەرانی شانوکە دەگێرێتەوە، بەڵام بینە رهیچ وەڵامێکی وەگێر/ کارەکتەر ناداتەوە، تەنانەت جولەیش ناکات. (سەعید، ٢٠٠٩ ، ل٢٠١).
٣- خۆەواندن (خودپەیقی): ئەم جورەیان لە گەل جۆری دووەم (تاکدەنگی شانۆیی) زۆر لە یەکۆیەوە نزیکن، لێرەیش وەگێر ڕووی گێرانەوەی لە کەسی بەرانبەرە وەگێر لەم جورە گێرانەوەیەدا کەسی بەرانبەر (مخاطب)، لە هەموو بیرو هەستێکی خۆی لە ڕێی پەیڤەکانییەوە ئاگادار دەکاتەوە، ئاشکرا نیشاندان وگوتنی ئەمانەیش یارمەتی بەرەوپێشبرنی ڕەوتی ڕووداوەکانی نێو رۆمان دەدات. (سەعید، ٢٠٠٩ ، ل٢٠١).
لە گێرانەوەی تاك دەنگیدا، وەگێر هەمووشت زانە و رێ بەهیچ کارئەکتەرێك نادات لە سەر ڕووداوەکانی ناو ڕۆماندا قسەیان بکەن.
دووەم: گێرانەوەی فرەوەگێری یان فرەدەنگی، لێکولەری ڕووسی (میخائیل باختین ١٨٩٥-1975):
هەر زاراوە و چەمکێکی تازە بوو نێو ئەدەبی هاتوو، لە خۆوە دروست نەبووە، بەڵکوو داهێنەر دووزەرەوەی ئەم زاراوەیە، پێشتر سوودی لە زاراوە و چەمکی دیکە وەرگرتووە. زاراوەی فرەدەنگی لە ڕۆمانی نوێدا ڕۆلێکی بەرچاوی لە هونەریکردنی ئەم ژانرە هەبە زاراوی فرەدەنگی لە بنەرەتدا بۆ بواری مۆسیقا دەگەرێتەوە. باختین کە دووزەرەوەی داهێنەری ئەم زاراوەیە لە مۆسیقادا وەرگرتوە.
واتە بە دیارکراوی لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم بە دواوە. کۆمەڵێک لەوتارە تیۆرەی و پراکتیکیەکانی، کە دەربارەی ڕۆمان بوونە. کۆکردنەوەو لە کتێبێکدا بەناوی (وشە لە ڕۆماندا) بڵاو کردەوە ئەم شیکردنەوانەشی بە شێوازی ڕۆمان ناوبرد. کە تێیدا داوای دەکرد لە (گوتن-ئاخەوتن) بکولێتەوە. نەک لە ڕەوانگەی زمانەوانیەوە، بەڵکو لە چوارچێوەی پەیوەندی دیالووکی، واتە لە ڕێی واقیعی کردەییەوە بەم کارەشی توانی قۆناغی فۆرمالیستە ڕووسەکان تێپەڕێنێت، کە تەنیا گرنگیان بە زمای دەدا. چونکە (باختین) داوای دەکرد، کە(شێوازگری) بەتایبەتی بە بواری شیکردنەوەی ئاخاوتنی ڕۆمانەوە پەیوەست بکرێت واتە (باختین) جەختی لەوە کردەوە، کە(شێوازگەری) واتە شیکردنەوەی ئاخەوتنی ئەدەبی، پێویستە لە پشت زمانەوانییەوە (ماوراء الالسنە) دامەزرابێت. نەک لەسەر خودی زمانەوانی، چونکە لێکۆڵینەوە پشت زمانەواییەکان ڕێکە دەدات، کە لێکوڵینەوە دەربارەی ئاخاوتنی کۆمەڵایەتی ئەنجام بدرێت. لێرەدا باختین زێتر جەخت دەکاتەوە لەسەر کردەی گفتوگۆکان لەنێو ڕۆماندا، کە لەسەر بنەمای زمانەوانی بێت. (ئەسوەد،٢٠١١،ل٢٤١).

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەری هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

دوای ئەوەی ڕۆمانی نوێ بەهوی هاتنە ناوەوەی تەکنێك و هونەری نوێوە پێشکەوت، جۆری گێرانەوەیش بەهەمان شێوە پێشکەوتن و جۆری نوێی بەخۆوە وەگێریش ئەو بوونەیە لە نێو ڕۆماندا، ئەرکی گێرانەوەی ڕووداوەکانی وەلەستویە، هەروەکو پێشتر باسمان دا، لە ڕۆمانی کوندا یەك وەگێرمان هەبوو، هەموو گێرانەوە و ئاراستەکردنی ڕووداوەکان و کارەکتەرەکانی لە ژێر دەسەلاتدابوو، هەرچەندە ئەم جورەیان جۆری تری هەیە، بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا، ئەم قاڵبە تێکشکێندرا، زوربەی توێژەران ئەمە بۆ پێشکەوتنی کومەلگەکانی ئەرووپی دەگەڕێتەوە.

گێرانەوەی فرەدەنگی و فرەوەگێری چۆن بەم ئاستەی ئێستای گەیشتیووە یان بۆ زۆربەی گێرانەوەی ئێستا پشت بە فرەوەگێری دەبەستن، ئەگەر بۆ دەستنیشانکردنی جۆرەکانی وەگێر هەولبدەین دەبێت وەکو زوربەی چەنکەکانی تر بۆ لای ئەفلاتۆن و ئە رستو بگەڕێنەوە، ئەوان سێ جوریان دەستنیشانکردەوە: یەکەم: وەگێرێك: (شاعر / نوسەر)، کە دەنگی بەکاردەهێنیت واتە هوی ڕووداوەکان بە دەنگی خۆی دەگێرێتەوە. دووەم: کەسێك کە دەنگی کەسانی تر لاساسی دەکاتەوە، بە دەنگی ئەوان کە هیێ خوی نییە (دەپەیڤی). سێیەم: کەسێك کە دەنگی خۆی و ئەوان تێکەلاو دەکا و(دەپەیڤی). دیارکردنی ئەم سێ جۆرە لە سەردەمی یونانییەکاندا زیاتر بۆ شانو بەکاردەهات، کە تا ئێستا ئەم سێ جورە لە نێو هونەری گێرانەوەدا بەرچاو دەکەن، بەلام بە ئاشکراییی گورانکاری بەرسەدا هاتووە. (مەنتك، ٢٠١٣، ل٨٠-٨١).

فرەدەنگی بویەکەم جار لای (باختن)نەوە باسکراوە، و لە فرەدەنگیدا و تایبەتی لە ڕۆمانی نوێدا دەتوانن چەند کارئەکتەرێك قسە بکەن و باسی ڕووداوەکانی نێو ڕومان دا بکەن، بەلام هەریەك بەجیا ڕووداوەکان دەگێرنەوە.

سێیەم: جیاوازی گێرانەوی تاکدەنگی و فرەدەنگی:

هەرچەند لەمیانەی بابەتەکانی پێشتر زۆر لایەنی فرەدەنگیان باسکردووە، لەرووی ئەم چەمکەمان روونکرەوە، بەڵام لێرەدا بە پێویستی دەزانین جیاوازی نێوان گێرانەوەی تاکدەنگی و گێرانەوەی فرەدەنگی دیاربکەین، بەهوی ئەم جیاوازییانەوە، کار لە بنیاتی گێرانەوەی هەریەك لەم دوو جۆرە دەکات. (مەنتك،٢٠١٣، ل٩٨).

١- بنیاتی گێرانەوەی فرەدەنگی، لەسەر چەند دەنگێك وەستاوە، ئەرکی گێرانەوە لە ئەستوی چەند دەنگێکە، هەر دەنگە و لە نێو ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان بەشداریشە، کەواتە ئەم جورە گێرانەوەیە پرۆسەیەکی بە کۆمەلە. بەلام لە گێرانەوەی تاکدەنگیدا، خوێنەر تەنیا یەك دەنگ دەبیستێت، لە سەرتای رۆمانەکە یەك دەنگ بوونی هەیە، ئەمەش وا دەکات بۆ گێرانەوە یەك وەگێرمان هە بێت. (مەنتك،٢٠١٣، ل٩٨).

٢- لە گێرانەوەی فرەدەنگیدا ((پەیڤەکانی گێرانەوە هونەرێن، بەهوی بوونی دیموکراتییەتەوە بە دەستی دەهێنی، واتا کرانەوەی پێگەی وەگێر بەسەر کارەکتەرەکان ئازادی دەربرین لەخۆیان، هەروەها گوتنی پەیڤە جیاوازەکان، ئەم هونەرەیش شەقلێکی سیاسی لە سەر بنەمای ئازادی گوتنو دەربرین وەدەگرێ))، کەواتە وەگێر ئازادی یە کارەکتەرەکان دەدا خۆیان بن، بەلام لە گێرانە وەی تاکدەنگییدا وەگێر رێ بە هیچ دەنگ و کارەکتەرێك نادات، بە ئازادی خاوەن دەنگی خۆی بێت، بەلکو دەبێت رێی ئەوەوە بپە یڤی، تەنانەت بیریش بکەنەوە. (مەنتك،٢٠١٣، ل٩٨-١٠٠).

٣- بوونی چەند شێوازی و چەند زمانی لە گێرانەوەی فرەدەنگییدا ((توانای چەند شێوازی و چەند زمانی لە ڕۆماندا گورانکاریی هێنایەکایەوە، بۆ پیشاندانی واقیع بە هەموو جیاوازیەکانییەوە)) بەلام لە گێرانەوەی تاکدەنگییدا یەك شێۆاز و یەك زمان بەسە ر تەواوی گێرانەوەکەدا زالە، ئەویش شێواز و زمانی وەگێری هەمووش بزانە. (مەنتك،٢٠١٣، ل٩٩).

٤- لە گێرانەوەی فرەدەنگییدا بنیاتی شوێنی دیاریکراو و چەسپاو نییە، بەلکو دەگورێت و جوراوجوور و ناجیگیرە، ئەمەیش بەهۆی ئازادی و جوولەی کارەکتەرەکانەوەیە، ئێمە دەزانین شوێن ناجولێت، بەلکو((شوێن تەنها بە ئامادەبوونی وەك ژینگەیەك، کە رووداوەکانی تێدا روودەدەن و کەسێتییەکان تێدا هەلسوکەوت دەکەن و چالاکییەکانیان ئەنجام ددەن، بەشداری لە بنیاتی دەقی ڕۆماندا دەکەن)) مەبەستمانە بەهۆی فرەیی لە کارەکتەر و چیروکەکانی نێو ڕۆمان، شوینی لاوەکی لە چوار چێوەی شوێنی گشتی ڕۆمانەکە دەگورێت، بەلام لە ڕۆمانی تاك دەنگیدا بنیاتی شوێنی چەسپاو سنورداره بە حوکمی ئەوەی رووداوەکان لە یەك شوێن و کات و زەمینەدا روودەدەن. (مەنتك،٢٠١٣، ل٩٩).

٥- بنیاتی گێرانەوەی تاکدەنگی بنیاتێکی بازنەییە، واتە لە سەرەتای خالێکەوە دەست پێدەکات و لەکوتایی بۆ هەمان خاڵ دەگەڕێتەوە یان گێرانەوی رووداوەکان لە کوتاییەوە دەست پێدەکات، بەرەو سەرەتا دەروات ئەوی دەگاتەوە هەمان خالی بازنەکە، واتە بەیەك ئاراستەدا دەروات، بەلام لە گێرانەوی فەردەنگییدا جیایە، راستە هەموو رووداوەکان لە بونەی یەك بازنەدا روودەدەن، بەلام لە نێو لەو بازنەیەدا رووداوەکان بەسەر چەند ئاراستە و تەوەرێکدا دابەش دەبن، هەر تەوەرەی ئاراستەی خۆی هەیە، ((لەکاتی بزوبوونی دەنگی وەگێر)) دەنگەکانی تر ئازادی وەردگرن، لەم کاتەشیدا ئاراستەکردنی رووداوەکانی تایبەت بە خۆیان دەکەوێتە دەست، کەواتە لە نێو بازنە گشتییەکە چەند ئاراستەیەکمان هەیە. (مەنتك،٢٠١٣، ل١٠٠).

دەکرێت بلێین لە تەکنیکی تاك دەنگیدا تەنیا یەك کەس قسە دەکات ئەویش گێرەوەیە، بەلام لە تەکنیکی فرەدەنگیدا چەندین کارئەکتەر قسەدەکان وهەر یەك بەجیا باسی رووداوەکانی نێو ڕۆماندا دەکەن، لە ناو ڕۆمانی تاك دەنگیدا ئازادی نییە، بەلام لە ڕۆمانی فرەدەنگیدا ئازادی بەدی دەکرێت.

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

## بەشی دووەم

## پراکتیککردنی ڕۆمانی یەك دەنگی و ڕۆمانی فرەدەنگی لە روانگەی (باختین)ە وە (هێلانە)ی (حسێن عارف) بە نموونە:

باسێکی کورت دەربارەی ڕۆمان: بو گێرانەوەی ناو ڕۆماندا چەندین جوری گێرانەوە هەیە وەکو تاک دەنکی دوو دەنگی و فرەدەنگی، هەر ڕۆمانێک بەجورێکە بو نموونە ڕۆمانی (هێلانە) وەگێر لە ناو ڕۆمانەکەدا باس لە چەندین رووداوی جیاجیا دەکات، یەک لەو رووداوانە بەسەرهاتێکی گەنجێکی کوردە لە سەردەمی دەسهەلاتی حوکمرانی بەعەس بووە، گەنجێکی کورد کە کاری جوتیاری و مەڕو مالات دەگرد و لە گوند دەژی و چەند رۆژ جارێک بەرهەمە کانی خوی دەباتە شاری سلێمانی، و لەو سەردەمەدا دەسهەلات دەستی حوکمەتی فاشللی بەعسبوو، یەک لە بازگە کانی ئەم گەنجە کوردە دەیگرن و ئەشکەنجە دەدەن...

ئەمە کورتەیەک بو لەم حیکایەتە، کە لەم ڕۆمانەدا وەگێر بوومان دەگێرێتەوە، بێی ئەوەی رۆل بەهێچ کارئەکتەرێک بیداد و رولْی سەرەکی ئەم گێروویە تەنیا وەگێرە، تەنیا خۆی رووداوەکان دەگێرێتەوە و خوی بەهەمو شتزان دەزانێت دەربارەی رووداوەکان، بویە دەکرێت بلێین ئەمە ڕۆمانێکی تاک دەنگییە چونکە لە هەموو رووداوەکاندا تەنیا وەگێر خوی قارەمانە و باسی هەموو رووداوەکان دەکەت، و جێناوی کەسی جودا(من) و جێناوی لکاو (م) لە گێرانەوەدا دیاردەکەوێت.

وشەکانی ناو روماندا وەکو: (جافر، سوبحانە، غوربەت، مەلا سالیح، حەمول، کامران...هتد.). ئەم ناو زۆر دووبارە دەبن لەکاتی باسکردنی رووداوەکان وەکو کارئەکتەرێکی سەرەکی و لاوەکی دەردەکەون.

لەبەشی یەکەم: نموونە لە ڕۆمانی هێلانەدا، ئەم کورتەیە مان پراکتیک کرد، لەسەر بنەمای تیوری گێرانەوە، کە گێرانەوەیەکی تاک دەنگی دیاردەبێت، و دەلێت:

جافر تکات لێ دەکەم بەقسەم بکە. مەپرسە بوچی و بەقسەم بکە. وابزانم داوایەکت لێ دەکەم کە لە کردن نایەت و لەبەر خاتری (من)، خوت ناچار کردنی دەکەیت.

جافر بەم قسانە کەمێ خاو بووەوە وتی:

سوبحان تو قسەی سەیر دەکەیت، باشە نابێ بزانم بوچی و چون، هەتا...(عارف، ٢٠١١، ل٨).

لە ڕۆمانی هێلانەدا و تایبەت لەم پارچەدا، وەگێر رووداوێک دەگێرێتەوە و باس لەو رووداو و شوێن و کارئەکتەر دەکات بێ ئەوەی هێچ بوچونێکی کارئەکتەر وەربیگرێت، وادیارە زانیاری لەسەر هەموو رووداوەکەی هەیە و خوی باس لەهەموو رووداوەکە دەکات، وەگێر خو فەرز دەکات چونکە ئەو خوی وەکو پالەوانێک دەبێنێت لە ناو ئەو رووداوەدا و زانیاری تەواوی هەیە. لەم پارجە ڕۆمانەدا وەکێر جێناوی (من) بەکاریهێناوە، ئەمەش جێناوی کەسی جودایە بو کەسی یەکەمی تاک دەگەرێتەوە، لەم گێرانەوەدا بۆمان دیاردەبێت کە ئەمە گێروویەکیٚ تاک دەنگییە چونکە تەنیا وەگێر رۆڵی هەیە و ئەو بوخوی باس لەهەموو رووداوەکە دەکات.

## پارچەیێکی تر لەم ڕۆمانەدا وەکو نموونە:

ئەم لە منداڵییەوە باوکی و باپیری بۆیان باس کردبوو کە حاجی سوبحانە، لەگەڵ مەلا سالحی برا بچوکیدا، بە ڕەزامەنیی باوکیان و براکانی تریان، بە خو و خێزانییە لە (کانیی وەلی)یەوە هاتوون و یەکەمین دوو خانوویان تێدا دروست کردووە. ئەرز و ئاوێکی چەپەکی فەرامۆشکراوی بنەماڵەکەیان بووە و حاجی بەکارامەیی و دەسرنگینی خۆی، بناغەی ئەم مەملەکەتی حاجی سوبحانە خنجیلەیەی تێدا بنیات ناوە.. ئاخۆ ئەگەر ئێستا حاجی لەناو گۆڕ و گومەزەکەیەوە، سەرێک دەربێنێ و بمبینێ چی دەڵێ؟ ئەو سوبحان و (من) سوبحان.. پێ دەچێ...نا نا هەروایە کە ئەویش لە تەمەنی ئێستای (من)دا بووە و هاتووە ئەو بڕیاری داوە... (عارف، ٢٠١١، ل١٧ ).

هەر لەبەشی یەکەمی ڕۆمانی هێلانەدا و لەم پارچەدا، وەگێر لە گێرانەوی ئەم پارچە ڕۆمانەدا باس لە چەند کەسایەتێ و چەند شوێن و کات دەکات، لەم گێرانەوەدا بوومان دیاردەبێت کە گێرانەوەیێکی تاک دەنگییە، چونکە جێناوی کەسێ جودا(من) بوو چەند جارێك بەکارهاتووە، ئەم گێرانەوە بەگێرانەوەیێکی تاک دەنگییە و هەمووی لەلای یەک بگێرەوە دەگێردێتەوە.

لەبەشی دووەمی: ڕۆمانی هێلانە، کورتەیەک مان پراکتیک کرت لەسەر بنەمای تیۆری گێرانەوە، لەم بەشەدا و تایبەت لەم پارچەدا بۆمان دەرکەوت کە ڕۆمانێ کی تاک دەنگییە.

## پارچەیێکی تر لەم ڕۆمانەدا وەکو نموونە:

کامەران یەکەمین هەواڵی دڵخوشکەری پێ (م) راگەیاند. ئەو لە چونە دەرەوە و گەرانەوە، کات و ساتی دیاریکراوی بو نەبوو. جار وا دەبوو شەو و ڕۆژی و دوو شەو و دوو ڕۆژ، پێ ی لە ماڵ نەدەبردە دەر... (عارف، ٢٠١١، ل١٠١).

وەکو دیارە بگێرەوە باس خوی ناکات و بەردەوام دەبێت لەو ڕووداوانەی کە بەسەر (کارئەکتەر)هاتووە و ئەو لەدوروە ڕووداوەکان بوومان دەگێرێتەوە، و لەم گێرانەوەدا بو جارێک جێناوی لکاو (م) بەکارهاتووە، بویە منیش دەڵێم ئەمە گێرەوەیێکی تاک دەنگییە، چونکە کارئەگتەر خوی ڕووداوەکە دەگێدرێتەوە و دیارە زانیاری تەواوی هەیە لەسەر ئەم ڕووداوە و ڕێگە بەهیچ کارئەگتەرێک نادات کە قسەبکەت و باس ئەم ڕووداوە بکات، تەنیا خۆی لەسەر هەموو لایێک فەرزدەکات و باس دەکات.

## پارچەیێکی تر لەم ڕۆمانەدا وەکو نموونە:

غوربەتی دەتبین (م). چاو(م) لێتە و دەزانم لە چ حاڵێکدایت. ئاگام لێیە چ ترس و سامێکی کوشندە هەراسانت دەکا. ئەوەتا بوونەتە مێگەلێک و گەلەگورێک راتان دەماڵن. (عارف، ٢٠١١،ل٢٠٨).

ئەمەش گێرەوەیێکی تاک دەنگییە چونکە لەم گێرەودا وەگێر لەکاتی باسکردنی ڕووداوەکە دەکات و باس لە کار ئەکتەرەکان دەکات لەو کاتەدا جێناوی لکاوی (م) چەند جارێك دیاردەبێت، ئەمەش یەک لەو جێناویە کە بو کەسی یەکەمی تاک دەگەرێتەوە، و یەک لە تایبەتمەندیەکانی گێرانەوەی یەک دەنگی بە ئەوە دەناسرێتەوە ئەویش جێناوەکانی سەربەخو و لکاون وەکو(من،م) .

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

له بەشی سێیەمدا: لەڕۆمانی هێلانەدا، وەکو نموونە:

دلنیا بە نابزرکێ(م). ئەو (منم). ئێستا سوور دازانم نەماون و کەچی خۆشحاڵم. پێت سەیر نەبێ. دەزانم بالاتەوە ستەمە و وای بۆدەچێت کە ئەقل نایگرێ. ناهەقت نییە. حالەتەکە بەسەر تودا ناهاتووە تا بزانیت چۆن و بۆ؟. بەسەر (من) هاتووە چاک دەزانم بوچی و بۆ؟. زەحمەتە بتوانم بۆتی شی بکەمەوە. بەلام رەنگە لەرێگەی ئەنجامەوە بگرێ شتێکی لێ حاڵی ببیت... (عارف، ٢٠١١ ،ل٢١٥).

وەگێر لەم گێرانەوەدا کاتێک باس گفتوکوی نێوان دوو کار ئەکەتەر دەکات لە رووداوێک دا، بو چەند جارێک جێناوەکانی سەربەخو و لکاویان بەکاری هێناوە وەکو جێناوی (من، م) دیاردەکەوێت. ئەم جورە گێرەنەوەیە بە گێرانەوەی تاک دەنگی دەژمێردریت، چونکە تەنیا وەگێر باس لە رووداوێک دەکات وبێ ئەوە کار ئەکتەر هێچ رولێکی هەبێت لە گێرانەوەی ئەم رووداوەدا، لە گێرەوەی تاک دەنگی وەگیر کەسێکی خو پەرستە وبەخو هەموو شت دەزانێت، بویە رێی بەهیچ کارئەکتەرێک نادات تەنیا خوی قسەدەکات.

## پارچەیێکی تر لەم ڕۆمانەدا وەکو نموونە:

بو رۆژی دوایی، لەگەڵ داهاتنی تاریکیدا بەر کەوت. بەرلەوەی پێ لە ئەشکەوت بەرێتە دەر، لە شێوەی فەرماندا دووپاتی کردەوە پێ (م) وتی: لە بیرتان نەچێ.. هەر ئەمشەو دەرگەی توونێل قایم بکەنەوە و ئیشکیشی بەدیارەوە بگرن. ئەو دەعبایە هەقێتی بەلانەی خۆی بزانێ و بۆی بێتەوە. دوو نییە دەعبایەکی در و خەتەرناک بێ. لێی غافل مەب... (عارف، ٢٠١١، ل٢٦٤).

ئەم گێرەوەش وەکو هەموو بەشەکانی دی گێرەوەیێکی تاک دەنگییە چونکە وەگێر لەچیاتی هەموو کارئەکتەرەکان قسە دەکات و ئەو رووداوانە دەگێردرێتەوە، چونکە لەناو ئەم گێرانەوەدا جێناوی لکاوی (م) هاتووە ئەمەش دیاردەکەوێت کە گێرەوەیەکێ تاک دەنگییە.

## ئەنجام

١- تیۆری گێڕانەوە لە بابەت ڕەخنەی نوێ گرنگییەکی زۆری هەیە و بە یەکێک لە تیۆرە هاوچەرخەکان دادەنرێ.
٢- بۆمان دەرکەوت لە ڕۆمانی "هێلانە"ی "حسێن عارف"دا، تەکنیکی "تاک دەنگی" بە شێوەیەکی بەرچاو زاڵە و ڕۆماننووس زێتر لە تەکنیکەکانی تری تیۆری گێڕانەوە بەکاری هێناوە.
٣- گێڕانەوەی تاک دەنگی و فرەدەنگی جیاوازیەکی زوریان هەیە، لەتەکنیکی تاک دەنگیدا تەنیا یەک کەس قسە دەکات ئەویش وەگێرە، بەلام لەتەکنیکی فرەدەنگیدا چەند کارەکتەر هەن هەموویان باسی یەك ڕووداو دەکەن بەلام هەر یەك بە جیا باسی ڕووداوەکە دەکەن.

## لیستی سەرچاوەکان

### پەرتووك بەزمانی کوردی


١- ئەلوەنی، نەجم: ٢٠١٧، تیۆری کۆمەڵناسیی ڕۆمان، چاپی یەکەم هەولێر، چاپخانەی زانکۆ.
٢- صالح، محسن عارف:٢٠٢٠، پراکتیزەکرنا تیورا دەقێ د مەم و زینا خانیدا، چاپخانە، ژ وەشانێن پەرتوکخانا گازی/ دهوك.
٣- خدر، ڕێزان رەحمان: ٢٠١٢، تەکنیکی گێرانەوە لە رومانەکانی (عەبدوللا سەراج)دا.
٤- مەنتك، حەمە: ٢٠١٣، تەکنیکی فرەدەنگی لە رومانی کوردیدا، کرمانجی خواروو،٢٠٠٠-٢٠١٠، بەرێوبەرێتیی چاپ سلێمانی، چاپخانەی لەریا.
٥- صالح، دیمەن عبدالله: ٢٠٢٢، شێوازەکانی گێرانەوە لە رومانی، داگیرکردنی تالایکی، ی بەختیار عەلیدا / نامەیەکە.
٦- محەمەد، بوشرا قادر کاکە: ٢٠٢٢، ئیستاتیکای گێرانەوە لە ئەدەبی کوردیدا، لێکولینەوەیەکی بنیاتگەرییە، نامەیەکە، کولێژی زمان، زانکوی سلێمانی.
٧- عارف، حسێن: ٢٠١١، رۆمانی هێلانە، چاپی دووەم، دەزگای چاب ئاراس، هەولێر.
٨- سەعید، جەلال ئەنور: ٢٠٠٩، تەکنیکی گێرانەوە لە ڕۆمانی، ئێواره پەروانەی، بەختیار عەلی دا، سلێمانی، چابخانەی کەمال.
٩- رەزا، ئەحمەد: ٢٠٠٧، هونەری شعری نوسین، بەرگی یەکەم، سلێمانی، چابخانەی شەهیدئازار هەورامی.
١٠- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد: ٢٠١١، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی ورەخنەیی، بەرێوبەراتی چاپ سلێمانی.
گۆڤار:
١١- ئەلوەنی، نجم خالد نەجمەددین: ٢٠٢٣، هونەری گێرانەوە لە رۆمانی، خولەمێشی تەرمی کتێبێك دا گوڤاری ئەکادمیای کوردی ژمارە، (٥٦).



**مغداد ئەحمەد محەمەد**



hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەری هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

# دەروونزانی - کۆمەڵناسی

ژمارەی حەوتەم

زستانی ٢٧٢٤

# بۆچی مرۆڤ لە تاریکی دەترسێت!؟
# هەرگیز بیرت لەوە نەکردۆتەوە کە ئێمە بۆچی لە تاریکی دەترسین؟

## ترس لە تاریکی چییە؟

ناوی زانستی: ترس لە تاریکی بە "نیکتۆفۆبیا" (Nyctophobia) ناسراوە، وشەکە لە زمانی یۆنانی وەرگیراوە، (نیکتۆس) بە واتای شەو دێت و (فۆبۆس) بە واتای ترس هاتووە. * توێژینەوەکان دەریانخستووە کە نزیکەی ٩٠٪ ی منداڵانی تەمەن ٢-١٤ ساڵ جۆرێک لە ترسی تاریکییان هەیە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە گەورەساڵاندا کەمتر دەبێتەوە. * ترس لە تاریکی پەیوەندی بە گەشەی مێشکەوە هەیە. بەشێک لە مێشک بە ناوی ئەمیگدالا (amygdala) بەرپرسە لە دروستکردنی کاردانەوەی ترس. لە تاریکیدا، ئەم بەشە چالاکتر دەبێت. * ترسی زۆر لە تاریکی، دەکرێت نیشانەی کێشەی دەروونی دیکە بێت، وەک (خەمۆکی) یان (دڵەڕاوکێی گشتی). * ترس لە تاریکی دەتوانێت کاریگەری نەرێنی لەسەر کوالێتی خەو هەبێت، کە دەبێتە هۆی کێشەی خەوتن و خەونی ناخۆش. * لە هەندێک کەلتووردا، وەک ژاپۆن، تاریکی وەک شتێکی جوان و ڕۆحانی دەبینرێت، کە پێچەوانەی زۆربەی کەلتوورە ڕۆژئاواییەکانە.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## باشە، هۆکار چییە مرۆڤ لە تاریکی دەترسێت؟

گریمانە و لێکۆڵینەوەکان: - لەم سەردەمەدا، بەکارهێنانی زۆری ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان کە ڕووناکی دەردەکەن، وەک مۆبایل و تابلێت، دەکرێت کاریگەری لەسەر هەستیاری مرۆڤ بەرامبەر بە تاریکی هەبێت. - لە فیلم و ڤیدیۆ گەیمە هاوچەرخەکاندا، تاریکی زۆر جار وەک توخمێکی ترسناک بەکاردێت، کە ئەمەش دەکرێت کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی نەوەی نوێ هەبێت. - کەسانێک کە لە شارە گەورەکان دەژین و ڕاهاتوون لەسەر ڕووناکی بەردەوام، زیاتر مەیلیان هەیە بۆ ترس لە تاریکی بەراورد بە کەسانی گوندنشین. - لە تاریکیدا، هەستەکانی دیکە وەک بیستن و بەرکەوتن بەهێزتر دەبن، کە ئەمەش دەتوانێت هەستی ترس زیاد بکات. - ترس لە تاریکی وەک میکانیزمێکی بەرگری گەشەی کردووە بۆ پاراستنی مرۆڤ لە مەترسییە شاراوەکان. - لە تاریکیدا، جەستە بڕی زیاتری هۆرمۆنی میلاتۆنین دەردەدات، کە دەبێتە هۆی هەستکردن بە خەواڵوویی. بەڵام لەوانەیە ئەمە لای هەندێک کەس ببێتە هۆی زیادبوونی هەستی نائارامی.

جگە لەو هۆکارانەش، گریمانە دەکرێت، دروستبوونی ترس لە تاریکی، لە هەندێک ڕووداوی مێژوویی و کۆنەوە سەری هەڵدابێت و مابێتەوە لە مرۆڤدا، بەنموونە: ١. تاعوونی ڕەش (Black Death): لە سەدەی ١٤دا، ئەم نەخۆشییە کوشندەیە بەشێکی زۆری ئەوروپای گرتەوە. زۆربەی مردنەکان لە شەودا ڕوویان دەدا، کە بووە هۆی پەیوەستکردنی تاریکی بە مەرگ و نەخۆشی. ٢. شۆڕشی پیشەسازی: لە سەرەتای شۆڕشی پیشەسازیدا، کرێکاران ناچار دەکران لە ژێرزەمینی تاریک و مەترسیداردا کار بکەن. ئەمە بووە هۆی پەیوەست کردنی تاریکی بە مەترسی و ناخۆشی. ٣. جەنگە جیهانییەکان: لە کاتی جەنگدا، تاریکی دەبووە شوێنی حەشاردانی دوژمن و هێرشی کتوپڕ. ئەمەش کاریگەری لەسەر نەوەکانی دواتر جێهێشت. ٤. دۆزینەوەی کارەبا: پێش دۆزینەوەی کارەبا، شەوان زۆر تاریکتر بوون. دوای بڵاوبوونەوەی ڕووناکی کارەبایی، خەڵک زیاتر هەستیان بە جیاوازی نێوان ڕووناکی و تاریکی کرد. ٥. باوەڕە ئایینییەکان: لە زۆر ئایین و کەلتووردا، تاریکی وەک هێمای خراپە و شەڕ وێنا کراوە، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی کۆمەڵگە هەبووە. ٦. سەردەمی ڕۆشنگەری: لەم سەردەمەدا، ڕووناکی وەک هێمای زانست و پێشکەوتن دەبینرا، کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تاریکی وەک دواکەوتوویی پیشان دەدا. ٧. چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان: لە زۆربەی کەلتوورەکاندا، چیرۆکە ترسناکەکان زۆر جار لە تاریکیدا ڕوو دەدەن، کە ئەمەش بووەتە هۆی بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان ترس و تاریکی.

## لە ئەفسانە جیهانییەکاندا چۆن باس لە تاریکی کراوە؟

لە ئەفسانە یۆنانییەکاندا، "نیکس" (Nyx) خواوەندی شەو و تاریکی بوو. ئەو بە یەکێک لە کۆنترین و بەهێزترین هێزەکانی گەردوون دادەنرا، کە تەنانەت زیوس لێی دەترسا. ٢. لە فۆلکلۆری ئیسکەندەناڤیدا، "مارا" (Mare) بوونەوەرێکی شەیتانی بوو کە لە تاریکیدا دەهات و خەونی خراپی بۆ خەڵک دەهێنا. ٣. لە کەلتووری چینیدا، "گوی" (Gui) یان ڕۆحەکان باوەڕ وابوو کە لە تاریکیدا دەردەکەون و دەتوانن زیان بە مرۆڤ بگەیەنن. ٤. لە چیرۆکە کوردییەکاندا، "جنۆکە" وەک بوونەوەرێکی نادیار و مەترسیدار وەسف دەکرێت کە زۆر جار لە تاریکیدا دەردەکەوێت. باوەڕ وایە ئەفسانەکان، زادەی بیرکردنەوە و ئەقڵی مرۆڤبن، هەر بۆیەش دەکرێت گریمانەی ئەوە بکەین کە ترس لە تاریکی مێژوویەکی دێرینی هەیە لەکن مرۆڤ.

## چارەسەر چییە بۆ ئەوەی کاریگەری و لێکەوتەکانی ترس لە تاریکی کەم بکەینەوە؟

- بۆنی لاڤەندەر و کاریگەری لەسەر ترس لە تاریکی: لاڤەندەر گیایەکی بۆنخۆشە کە بە خاسییەتە ئارامکەرەوەکانی ناسراوە. کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی ترس لە تاریکی بەم شێوەیەیە: - کاریگەری فسیۆلۆجی: بۆنی لاڤەندەر دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی لێدانی دڵ و فشاری خوێن، کە یارمەتی ئارامبوونەوەی جەستە دەدات. - کاریگەری دەماری: کاریگەری لەسەر سیستەمی دەماری ناوەندی هەیە و دەبێتە هۆی دەردانی هۆرمۆنی سیرۆتۆنین، کە هەستی باش و ئارامی دروست دەکات. - دروستکردنی ژینگەیەکی ئارام: بەکارهێنانی بۆنی لاڤەندەر لە ژووری نووستن دەتوانێت ژینگەیەکی ئارام دروست بکات کە یارمەتی کەمکردنەوەی ترس لە تاریکی دەدات. - ڕاهێنانی مێشک: بەکارهێنانی بەردەوامی بۆنی لاڤەندەر پێش خەوتن دەتوانێت مێشک ڕابهێنێت کە ئەم بۆنە لەگەڵ ئارامی و خەوێکی باش پەیوەست بکات. ٢- چارەسەری واقیعی خەیاڵی: y- ((VR ,virtual Reality)) تەکنۆلۆجیایەکە کە بەکارهێنەر دەخاتە ناو ژینگەیەکی سێ ڕەهەندی دیجیتاڵی. بۆ چارەسەری ترس لە تاریکی، کەسەکە کڵاوێکی تایبەت لە چاو دەکات کە وێنەی سێ ڕەهەندی پیشان دەدات. - پرۆسەی چارەسەر: a) هەڵسەنگاندنی سەرەتایی: چارەسەرکار سەرەتا ئاستی ترسی کەسەکە هەڵدەسەنگێنێت. b) ئاشناکردن: کەسەکە فێر دەکرێت چۆن ئامێرەکە بەکاربهێنێت و لەگەڵ ژینگەی VR کارلێک بکات. c) دەستپێکردنی سیناریۆکان: چارەسەر بە ژینگەیەکی ڕووناک دەست پێدەکات و بە هێواشی تاریکی زیاد دەکات. d) ڕاهێنانی تەکنیکەکانی ئارامبوونەوە: لەناو ژینگەی VR دا، کەسەکە فێری تەکنیکەکانی ئارامبوونەوە و کۆنترۆڵکردنی هەناسەدان دەبێت. e) زیادکردنی هێواشی چڕی تاریکی: بە تێپەڕبوونی کات، چڕی تاریکی و ئاڵۆزی سیناریۆکان زیاد دەکرێت. f) دووبارەکردنەوە و ڕاهێنان: کەسەکە چەندین جار سیناریۆکان دووبارە دەکاتەوە تا ڕادەی ترسەکەی کەم دەبێتەوە. - جۆرەکانی سیناریۆ: a) ژووری تاریک b) شەقامێکی تاریک c) دارستانێک لە شەودا d) ژێرزەمینێکی تاریک - تەکنیکە بەکارهاتووەکان: a) ڕووبەڕووبوونەوەی هێواش b) ڕێنمایی کۆگنەتیڤ c) مۆدێلسازی d) ڕاهێنانی ئارامبوونەوە - چاودێریکردن و کۆنترۆڵ: چارەسەرکار دەتوانێت لە ڕێگەی شاشەیەکەوە چاودێری دۆخی کەسەکە بکات و کاردانەوەکانی وەک لێدانی دڵ و ئاستی خوێ چاودێری بکات. - گونجاندن و تاکەکەسیکردن: سیستەمی VR دەتوانرێت بگونجێنرێت بۆ پێداویستییەکانی هەر کەسێک، وەک گۆڕینی خێرایی زیادبوونی تاریکی یان جۆری سیناریۆکان. - هاوکاری لەگەڵ چارەسەری دەروونی کلاسیکی: VR زۆر جار وەک تەواوکەرێک بۆ چارەسەری دەروونی کلاسیکی بەکاردێت، نەک وەک جێگرەوەیەکی تەواو. - ئەنجامەکان و لێکۆڵینەوەکان: لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە VR دەتوانێت کاریگەری ئەرێنی هەبێت لەسەر کەمکردنەوەی ترس لە تاریکی، بە تایبەتی کاتێک لەگەڵ چارەسەری دەروونی کلاسیکی بەکاردێت. - داهاتووی تەکنۆلۆجیاکە: چاوەڕوان دەکرێت لە داهاتوودا VR زیاتر پێشبکەوێت و ببێتە بەشێکی گرنگتر لە چارەسەری ترسە جۆراوجۆرەکان. ٣- چارەسەری دەرمان: لە هەندێک دۆخدا چارەخواز پێویستی بە بەکارهێنانی دەرمان هەیە، ئەمەش لەژێر چاودێری و ڕێنمایی دکتۆر بەکاردەهێندرێت. ٤- ڕاهێنانەکانی هەناسەدان و خۆ ئارامکردنەوە. ٥- ڕاوێژ و دانیشتن لەگەڵ پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان، یان چارەسەرکاری دەروونی و ڕێنماییکاری دەروونی.

## هەمیشە دەروونددروست و ئارامبن.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## لیستی سەرچاوەکان

1- http://www.nationalgeographic.com
2- http://www.scientificamerican.com
3- http://www.livescience.com
4- "Animal Behavior: An Evolutionary Approach" by John Alcock
5- "Comparative Psychology: Evolution and Development of Behavior" by Mauricio R. Papini

**ئەیوب ڕەسول مەلکان**

# گرفتەکانی بەردەم کەسایەتی نارسیزم بۆ پرسی هاوسەرگیری و بەیەکەوە ژیان

زنجیرەی ١٦٩. کەسانی نارسیست بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری توشی کێشمەکێشی جۆراوجۆردەبن لەبەر چەندین هۆکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی. سەرەتا، ئەم کەسانە خۆپەرستن و تەنها بیر لە خۆیان دەکەنەوە، ناتوانن هەست و سۆزی کەسانی تر لەبەرچاو بگرن و هاوسۆزییان هەبێت. ئەمەش وادەکات پەیوەندییەکی تەندروست و هاوسەنگ لەگەڵ هاوسەرەکەیان دروست نەکەن. هەروەها، کەسی نارسیست هەمیشە پێویستی بە ستایش و پەسەندکردنی بەردەوام هەیە لەلایەن دەوروبەرەوە. ئەم خەسڵەتە وادەکات کە نەتوانن ڕەخنە قبوڵ بکەن و کاتێک هاوسەرەکەیان ڕەخنەیان لێ دەگرێت یان داوای گۆڕانکارییان لێ دەکات، بە توندی بەرپەرچی دەدەنەوە. لەهەمان کاتدا، زۆر جار هەوڵی کۆنترۆڵکردن و دەستبەسەرداگرتنی هاوسەرەکەیان دەدەن بۆ ئەوەی هەست بە دەسەڵات بکەن. لە ڕووی سۆزدارییەوە، کەسی نارسیست ناتوانێت پەیوەندییەکی قووڵ و ڕاستەقینە دروست بکات. ئەوان زۆر جار هەست و سۆزی درۆینە پیشان دەدەن تەنها بۆ ئەوەی کەسانی تر ڕابکێشن بۆ لای خۆیان. کاتێک پەیوەندییەکە جێگیر دەبێت، دەست دەکەن بە پیشاندانی ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان کە دەبێتە هۆی ئازاردانی دەروونی هاوسەرەکەیان. توێژینەوە دەروونییەکان دەریانخستووە کە کەسانی نارسیست زۆر جار مەیلی خیانەت و ناپاکییان هەیە لە پەیوەندییەکانیاندا، چونکە هەمیشە بەدوای سەرنجڕاکێشان و ستایشی زیاترەوەن. ئەمەش وادەکات کە نەتوانن پابەندی پەیوەندییەکی درێژخایەن و باوەڕپێکراو بن، کە پێویستییەکی سەرەکییە بۆ ژیانی هاوسەرگیری سەرکەوتوو.



## لیستی سەرچاوەکان


1- http://www.nationalgeographic.com
2- http://www.scientificamerican.com
3- http://www.livescience.com
4- "Animal Behavior: An Evolutionary Approach" by John Alcock
5- "Comparative Psychology: Evolution and Development of Behavior" by Mauricio R. Papini



**ابراهیم موحەمەد(ئەبڕاهام لێڤای)**



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# مامۆستا من زۆر جار قسە لەگەڵ خۆم دەکەم بەتەنیا ئایا شتێکی ئاساییە یان نیشانەی گرفتە؟

وەڵام:قسەکردن لەگەڵ خۆت بەتەواوی ئاساییە و تەنانەت دەشێت نیشانەی تەندروستی توانای بیرکردنەوەت بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، چۆنیەتی قسەکردن لەگەڵ خۆت گرنگە! بۆیە گرینگە هەوڵبدەی قسەکردن لەگەڵ خۆت بەئەرێنی و بنیاتنەرانە بهێڵیتەوە، هەروەها دەتوانیت بەکاری بهێنیت بۆ باشترکردنی تەندروستی دەروونی و پارمەتیدانت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانت. واتە بەکاری بهێنە بۆ هاندانی خۆت بە درێژایی ڕۆژەکانت،نەک بۆ ڕەخنەگرتن یان سزادانی خۆت؛ بە ووتنی ووشە و ڕستەی نەرێنی و ئازاربەخش بەخۆت.. قسەکردن لەگەڵ خود بەسوودە بۆ: *ڕوونکردنەوەی بیرۆکەکان : وتنی بیرۆکەکانت بە دەنگی بەرز دەتوانێ وابکات ڕوونتر و ئاسانتربن بۆ تێگەیشتن ئەمە دەتوانێ بەتایبەتی پارمەتیدەر بێت کاتێک بڕیار دەدەیت، هەوڵ دەدەیت خۆت ڕێک بخەیەوە یان کێشەکانت چارەسەر بکەیت. *هاندانی خود: هاندانی خۆت بە دەستەواژەی وەک "من دەتوانم ئەمە بکەم" یان "بەردەوام بە، خەریکە گەیشتی" دەتوانێت متمانەت بەهێز بکات و پارمەتیت بدات تەرکیز بکەیت. *بەڕێوەبردنی هەستەکان: قسەکردن لەگەڵ خۆت پارمەتیت دەدات بۆ دەربڕین و چارەسەرکردنی تێگەیشتن و بەڕێوەبردنی هەستەکانت. بۆ نموونە، ئەگەر پێش پێشکەشکردنێک نیگەران بوویت، بە خۆت بڵێیت، "ئارام بە، ئەمەت هەیە!" دەتوانێت پارمەتیدەر بێت لە کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ. *بەهێزکردنی فێربوون: قسەکردن بە دەنگی بەرز لەکاتی فێربوونی شتێکی نوێ پارمەتیت دەدات ئەو زانیاریانەی وەریدەگریت بیرت بێتەوە و تێیان بگەیت بەتایبەت لەکاتی خوێندن.. *چارەسەرکردنی کێشە: قسەکردن لەسەر کێشەیەک بە دەنگی بەرز پارمەتیت دەدات زانیاری قووڵتر چارەسەر بکەیت، تێڕوانینی جیاواز ببینیت و چارەسەرت بدۆزیتەوە ئایا هیچ کاتێک هەیە زیانبەخش بێ. ؟ وەڵام:٢ حاڵەتدا دەکرێ گرفتبێ ١-ئەگەر قسەکردن لەگەڵ خود ببێتە هۆی کاریگەر بەرچاو لەسەر چالاکیەکانی ڕۆژانەت یاخود وابکات زۆر تەرکیز و قسە لەسەر دووروبەر و کەسەکانی تربکەی ٢_نیشانەکانی گرفت و نەخۆشی دەروونی: زۆرقسەکردن لەگەڵ خود دەکرێت نیشانەی حاڵەتێکی دەروونی بێت، وەک شیزۆفرینیا یان دڵەڕاوکێی زۆر. ئەگەر تۆ یان کەسێک کە دەناسیت تووشی نیگەرانی یان قسەکردن لەگەڵ خۆی بووە کە کۆنترۆڵی لەدەست داوە، پەیوەندی بە کەسێکی شارەزاوە بکە لە بواری چارەسەر یان ڕێنمایی دەروونی.



**ڕێکان عبدالرحمن**

# خەونی ناخۆش (مۆتەکە) لای منداڵ.

وادەخەملێنرێ کەوا ٪۱۰-٥۰ ی منداڵان خەوی ناخۆش ببینن لە تەمەنی (۳-٦) خەونی ناخۆش (الکوابیس-Nightmare) بریتیە لە خەونی ترسناك کە بەگشتی منداڵ لەخەو بەئاگادێنێ و هاوار دەکات، یان دەگری بەهۆیەوە، هەموو خەونەکەی بیرناکەوێتەوە، زیاتر ئەو بەشەی بیردێتەوە کە لێی ترساوە. بەزۆر لە کاتژمێر (٤-٦ بەیانی) ڕوودەدات. هۆکارەکانی خەونی ناخۆش لای منداڵ: خەونی ناخۆش بەهۆی ئەزموونە ئازار بەخشەکانی ژیان ڕوودەدات کاتێ منداڵ ڕووبەڕووی ئەزموونێکی ترسناك و هێدمەی دەروونی دەبێتەوە و دەترسێ بەهۆی بینینی دیمەنێکی ترسناك یا گوێگرتن لە چیرۆکێکی ترسناك، یان بینینی دایکی کە لەهۆشخۆی دەچێ، یان فلیمێکی ترسناك...هتد. چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خەونی ناخۆش

١- پێویستە دایک و باوک کاتێ گوێبیستی هاواری منداڵ دەبن ڕاستەوخۆ بچنەلای و بەمەش منداڵ هەست بە ئاسایشی دەروونی دەکات و ترسەکەی کەم دەبێتەوە و لای بمێنەوە تا دەخەوێتەوە، ئەگەر نەچنە لای ترسەکەی زۆر زیاتر دەبێ.

٢- بەهیچ شێوەیەک پرسیار لە منداڵەکەت مەکە کە چیت لە خەو بینیوە، چونکە بیرهاتنەوەی خەونەکە دەبێتەهۆی ئەوەی دووبارە خەونەکە ببینێتەوە. ٣- هەوڵدە منداڵەکەت ئارام بکەوە و زەینی سەرقاڵ بکە بە شتی تر تاکو یادگاری خەونەکەی بیر بچێ بۆنموونە بەو شتانە سەرقاڵی بکە کە لەنزیک جێی خەونەکەن و هندێ قسەی لەگەڵ بکە وەك: حەزدەکەی بەیانی چی بخۆی بۆ نانی بەیانی؟ سبەی بچینە ماڵی کێ؟ ئەها سەیرکە بابە لێرەیە حەزدەکەی بچینە...

٤- ڕێگە مەدە دوای بینینی خەونەکە لە ژووری خەوەکەی بێتە لای تۆ، یان گەر لای خۆتە بێتە سەرجێی تۆ و بەئارامی پێی بڵێ لە شوێنی خۆت بخەوە. ٥- ڕووناکی ژوورەکەی زیاد بکە، یان دەرگای ژوورەکەی بە کراوەیی جێبهێڵە.

٦- هەوڵبدە دووری بخەیتەوە لە سەیرکردنی فلیمی ترسناك و چیرۆکی ترسناك و دیمەنی ناخۆش بەتایبەتی لە شەوان.

٧- خۆشەویستی پێویست بە منداڵەکەت بدە بە شێوەیەك هەست بە ئاسایشی دەروونی و خۆشەویستی تۆ بکات، چونکە خەونی ناخۆش بەرهەمی بارێکی دەروونی ناجێگیرە.

٨- خشتەیەکی خەوی گونجاو بۆ منداڵەکەت دابنێ و وای لێبکە هەموو شەو لەکاتی خۆی بخەوێ و بەئاگا بێت.



hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

٩- ئەگــەر چەندین جــار دووبارە بوویەوە ئەوە مانای ئەوەیە شــتێ هەیــە منداڵەکەت بێــزار دەکات هەوڵدە لەگەڵ منداڵەکەت قســە بکە و ئەو هۆکارانەی کە بێزاری دەکەن و مایەی فشــارن بۆی بدۆزیتەوە و دواتر کەمی بکەیتەوە.
١٠- شــەوان لەکاتی خەواندنی منداڵ هەوڵدە باری دەروونی منداڵەکەت ئاســوودە بێت و بە ئارامی بخەوێ بەوەی کورتە چیرۆکی پەروەردەیی بۆ بگێڕەوە و دەســت بەســەری دابێنە ئەمە یارمەتی منداڵەکەت دەدات ڕۆتینێکی خەوی گونجاوی هەبێ. ئەگەر دۆخەکەی قورس بوو پیشانی چارەسازی دەروونی، یان دکتۆری دەروونی بدە.

## لیستی سەرچاوەکان

ادل، د. ایمن محمد (٢٠١٠). سیکولوجیة الطفل،ط١،دار العالمیة للكتب و النشر. Nightmares and Night Terrors, text pdf by www.First5Riverside.org.
https://kids.health.org/en/parents/nightmare.htm

## نوێنەر یاسین

# گرفتی دەروونی



hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

گرفتـی دەروونی هەر شـتێک بناسرێتەوە بەهۆی نیشـانەکانی تێکچوونی هزری و هەسـتەکان و ڕەفتارەکان، پێی دەوترێت گرفتی دەروونی، بەگشـتی ناڕەحەت بوون و تێکچوون لە کارە گرنگەکانی ژیـان(وەک پەیوەنـدی کۆمەڵایەتـی) دەگرێتەوە، هەروەها گرفتـی دەروونی جـۆری زۆرە.[1] بەپێی داتایەکـی سـاڵی ٢٠١٩، لە هەر هەشـت کەسـێکدا کەسـێک ژیانی بـەردەوام لەگـەڵ گرفتێکی دەروونیدایە، کە یەکسان بوو بە ٩٧٠ ملیۆن کەس، دڵەڕاوکێ و خەمۆکی باوترین دوو حاڵەت بوون لە نێو ئەو کەسـانەدا.[2] بەڵام ئەم داتایە بە مانای ئەوە نایەت کەسـی تـر گرفتی دەروونی نەبێت، بەڵکو بە گشـتی خەڵک گرفتـی دەروونیان تووش دەبێت، تەنیا جیاوازی ئەوەیە هەموو کەسـێک گرفتەکـەی بـەردەوام نابێـت لەگەڵـی بـۆ ماوەیەکـی زۆر،[3] هەروەهـا زیاتر لـە نیـوەی ئەوانەی دەستنیشـان کراون بـە گرفتێکی دەروونی ئەوا بە دوو یان سـێ یان زیاتر لە گرفتـە دەروونیەکانی تریـش دەستنیشـان کـراون. گرفتـە دەروونیـەکان وەک ئاماژەمـان پێـدا جۆریـان زۆرە، وەکو: - خەمۆکـی، کـە بریتیە لـە زاڵ بوونی میزاجی غەمباری بەسـەر کەسـەکەدا و کـەم بوونەوەی چێژ وەرگرتن. - ڕاڕایی، بریتیە لە دروسـت بوونی کۆمەڵێک بیرۆکە بێ ئەوەی کەسەکە بیەوێت بیریان لێ بکاتەوە، پاشان دووبارە دەبنەوە و وا لە کەسەکە دەکەن ڕەفتاری دووبارە بکاتەوە. - کەسایەتی دژە کۆمەڵ، لە هەست نەکردن بە بەرپرسیاریەتی و ڕەفتار و بیرۆکەی شەڕانگێزی دەردەکەوێت. بۆ چارەسەری گرفتە دەروونیەکان چەند ڕێگایەکی بڕوا پێکراو هەیە: - ڕاوێژ کردن؛ دەروونناس بە ڕاوێژ و گفتوگـۆ هەوڵی تێگەشـتن لە بیرۆکە و هەسـتەکان و ڕەفتارەکان دەدات، لـە ڕێگای ڕێنمایی و گفتوگۆ و ئامۆژگاری زانستیانە هەولی چارەسەر دەدات. - دەرمان؛ پیشەمەندەکانی بواری پزیشکی و دەروونزانـی زۆربەیان پێیان وایە بەکار هێنانی دەرمان بە تەنیا چارەسـەر نیە، بەڵام یارمەتیدەرە بۆ کـەم کردنـەوەی نیشـانەکانی گرفتەکە، هەروەها بـەکار هێنانی دەرمـان لە پـاڵ پێدانی ڕێنمایی لەلایەن دەروونناسەوە بە باشترین ڕێگا چارە دادەنێن. - بەڕێوبردنی کەیس؛ لە ڕێگای دانانی خشتە و پلانێکی نوێ بۆ بە ڕێ کردنی ڕۆژانە بە ڕێگایەکی تەندروسـتی تر، کەسـی یارمەتی خواز دەکرێت گرفتەکانی تێ پەڕێنێت یان کەمیان بکاتەوە. - مانەوە لە نەخۆشـخانەی دەروونی؛ بۆ کەمینەیەک لـە کەیسـەکان پێویسـت دەکات یارمەتی خـواز بڕواتـە شـوێنێک ژینگەیەکی تەواو لـە باری بۆ ڕەخسێنرابێت، تاکو گرفتە زۆرەکانی نەمێنن یان کەم ببنەوە. - گروپی یارمەتی؛ بریتیە لە کۆمەڵێک کەس کە کێشـەیەکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، وە هەوڵ دەدەن بە دەردە دڵی و باس کردنی ئەو ڕێکارانەی سـوودی بۆیان هەبووە یارمەتی یەکتر بدەن، لە ژێر سەرپەرشـتی پیشەمەندێکی بواری دەروونزانـی بەڕێوە دەبردرێن. - پلانی گەشـەپێدانی خـود؛ لەم ڕێگایەدا کەسـەکە هەوڵی خۆ کۆ کردنەوە و زیاد کردنی خاڵە ئەرێنیەکانی کەسـایەتی خۆی دەدات، بۆ ئەوەی لە ڕێگای هەست کردن بە باشـیەوە ڕوو بـەڕووی گرفتەکان ببێتەوە و ژیانی باشـتر بێت. - پشـتگیری هاوڕێیان؛ بریتیە لە وەرگرتنی یارمەتی لە کەسانێک هەمان ئەزموونی کەسی یارمەتی خوازیان هەبووبێت و بە هەمان گرفت تێپەڕی بن، لە ڕێگای باس کردنی ئەو ڕێکارانەی گرتویانەتە بەر بۆ چارەسەری گرفتەکەیان.

## لیستی سەرچاوەکان

1. https://www.who.int/news-room/fact-sheets/detail/mental-disorders 2. https://vizhub.healthdata.org/gbd-results 3. https://www.mind.org.uk/information-support/types-of-mental-health-problems/mental-health-problems-introduction/about-mental-health-problems 4. https://www.nature.com/articles/s5 4-01057-022-41588. https://www.mayoclinic.org/diseases-conditions/depression/symptoms-causes/syc-6 20356007. https://www.mayoclinic.org/diseases-conditions/obsessive-compulsive-disorder/symptoms-causes/syc-7 20354432. https://www.nhs.uk/mental-health/conditions/antisocial-personality-disorder 8. https://mhanational.org/mental-health-treatment

**عەلی ئیحسانزادە**

# بابەتە هەمەڕەنگەکان

# ئایە مێژوو دووبارە دەبێتەوە؟



باشترین و جیاوازترین دۆزینەوە لە سەدەکانی پێش سەدەی ٢١ کرابێت دۆزینەوەی دەرمانەکانی دژە-بەکتریا بوونە(antibiotics)، بە شێوەیەکی کورتی و کوردی ئەم جۆرە گرووپانە لە دەرمان کار لەسەر لاوازکرد و لەناوبردنی بەکتریاکان دەکەن، دەکەونە جەنگێکی بایۆلۆجی گران و گرنگ بۆ ڕزگارکرنی ژیانی مرۆڤەکان و وەکو پاسەوانێکی مرۆڤەکان دەپارێزن.

لەگەڵ دۆزینەوەی دەرمانەکانی دژە-بەکتریا ئیدی ناوەندە تەمەنی پیری هەڵکشانی بەخۆوەبینی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا پێش دۆزینەوەی ئەم گرووپە لە دەرمان مرۆڤەکان دووچاری مردن دەبوونەوە بەهۆی نەخۆشییە بەکترياییە گواستراوەکان ئەمەش بۆ ساڵانی پێش١٩٠٠ دەگەڕێتەوە، هەروەها سەرچاوەکان ساڵانی ١٩٠٠ تا ١٩٥٠ بە ساڵانی شۆڕشی گەورەی تەندروستی دادەنێن کە لە نێوان ئەم ساڵانەدا دەرمانەکانی دژە-بەکتریا دۆزرانەوە(ئەنەستازیا،٢٠١٤).

تاوکو ئێستا ١٦ گرووپی چالاکی دەرمانەکانی دژە-بەکتریا کاریان لەسەر دەکرێت بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی و ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە جەنگی بایۆلۆجی بەکتریاکان، هەڵبەتە ئەم گرووپە لە دەرمان دەبێت لەلایەن پزیشکی پسپۆڕ و بە بوونی ڕێبەری نێودەوڵەتی بەکاربهێندرێت، نەکو بێ بوونی شارەزایی و بێ گوێدانە ئەوەی مرۆڤایەتی دەکەوێتە ژێر جەنگێکی مەترسیدارەوە. داخەکەی گرانم ئێستا لە کۆمەڵگایی کوردیدا ئەم گرووپە لە دەرمان وەکو نوقڵ و چوکلێتی ڕۆژی جەژن دابەش دەکرێت، هەر ئەوەندە ماوە ڕۆژانی هەینی لە دوایی وتاری مەلاکان، لەپێش مزگەوت دابەشبکرێت!ئاخر هۆ کاکی بەناو دەرمان فرۆش نازانم چ ناوێکتان بۆ دابنێین؟!

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەری هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

خوێنەرانــی هێژا لەوە دڵنیابن کــەوا بارودۆخەکە بەرەو خراپتر دەڕوات گەر بەم جۆرەی ئێســتا مامەڵە بکەین، وە مرۆڤایەتی دەکەوێتە ژێر ئەو پرسـیارەی ( ئایە مێژوو دووبارە دەبێتەوە؟) لە سـاڵی ١٩٢٨ دەرمانەکانی پەنسلین سـەرەتایی دەرکەوتنیـان بـوو، ئەمەش وایکـرد وەکو چەکێکی بەهێز سـەیر بکرێـت بۆ دژی بەکتریـاکان و بە بەربـڵاوی کاری لەسـەر دەکـرا، بۆیە دوایی تەنها دوو سـاڵ و لە سـاڵی ١٩٣٠ یەکەم بارەکانـی بوونی بەرگری بەکتریایـی دژی دەرمانەکـە تۆمارکرا و ئەمەش ڕۆژ دوایی ڕۆژ زیاتر دەبوو، ئەگەر بەشـێوەیەکی کورتی و کوردی باسی ئەم بارە بکەین، پەیدابوونی بەرگرییە لە بەکتریاکان دژی دەرمانەکان و دەرمانەکە چیدی ناتوانێت جەنگی بایۆلۆجـی خـۆی دگەڵ بەکتریـاکان بکات. ئەمــەی لە سـاڵی ١٩٣٠ ڕوویدا بووە هـۆی دروسـتکردنی قەیرانی تەندروستی بۆ ماوەی ٧٠ ساڵ(جولیان و دۆرسی ٢٠١٠).

دواتـر و لەسـاڵی ١٩٤٤ گرووپـی دەرمانەکانـی ستریپتۆمایسـین کە کاریان لەسـەر نەخۆشـی (سـیل) دەکرد ڕووبەڕووی بەرگری بوونەوە لە لایەن بەکتریای (مایۆبەکتریۆم) کە بەرپرسـە لە دروسـتکردنی نەخۆشی سیل و دەرمانەکە لاوازتر دەردەکەوت لەچاو بەکتریاکە(جولیان و دۆرسی،٢٠١٠)

سـاڵانە بەهۆی ئەم بارەوە نزیکەی ١.٢٦ ملیۆن کەس  دووچاری مردن دەبنەوە لەسـەر کارنەکردنی دەرمانەکانی دژە-بەکتریا لەسـەر بەکتریای دیاریکراو( ڕامنان،٢٠١٦)، نامانەوێت باسـی داتاکانی شـاری کەرکووک بکەین کە داتایی خراپن و دەبێت کاریان لەسـەر کرابێت کە داتان دەریدەخـەن ڕێژەی بەرگری دژی دەرمانەکانی( ئەمۆکلان، ئەمۆکسیسـیلین و ئەمپیسلین) نزیکن لە گەیشـتن بە ٪٩٠ جگە لەوەی ڕێژەی بەرگری دژی دەرمانی ڕیفامسین نزیکە لە گەیشتن بە ٪١٠٠!

دەرمانێکی گرووپی سـێیەمی سیفالۆسـپۆرین کە بە گرووپێکی نایاب، چالاک و بەهێز دادەنرێت لە جەنگ دژی بەکتریـاکان، دەرمانی سـیفیگزیم (سـوپراکس) یان لـە نێو خەڵکی پێـی دەڵێن دەرمانە سـێ دەنکیەکە، نزیک دەبێتەوە لە بەرگری ٪٩٥! (ئەحمەد حەسەن و هاوڕێکانی ٢٠٢٠).

..لە کۆتایدا دەڵێم هەموو مرۆڤایەتی با نەبێتە قوربانی دینار و پارە، چی دەبێت بە شێوەیەکی زانستی دەرمانی دژە-بەکتریـا بدرێت بە نەخۆشـان، خۆ ڕێکخراوەکانی جیهانی وەکو (WHO)، سـاڵانە ڕێبـەری تایبەت بە پێدانی دەرمـان بـڵاو دەکەنەوە، چی دەبێت لەسـەر ڕێبەرییە جیهانیەکان بڕۆیـن، و زانسـتیانە مامەڵەبکەین، دڵنیا بن ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە نابینەوە( ئایە مێژوو دووبارە دەبێتەوە؟).

## لیستی سەرچاوەکان


Anastasia Snelling,2014 INTRODUCTION TO HEALTH PROMOTION, John Wiley & Sons(https://www.wiley.com/learn/jossey-bass/)

Julian Davies* and Dorothy Davies(2010) Origins and Evolution of Antibiotic Resistance, American Society for Microbiology. All Rights Reserved, Vol. 74, No. 3 ...

Ramanan Laxminarayan et al. Access to effective antimicrobials: a worldwide challenge. Lancet. ;2016 175-168 :387 / https://www.reactgroup.org/news-and-views/news-and-opinions/year

Sarah Ahmed Hasan *, Ali Mohamed Najati , & Kasim Sakran Abass(2020), Prevalence and antibiotic resistance of “pseudomonas aeruginosa” isolated from clinical samples in Kirkuk City, Iraq, EurAsian Journal of BioSciences ,Eurasia J Biosci 1825-1821 ,14


**محمد مجيد خالد**

# پێشەکییەک بۆ بواری ئەندازیاری نەوت

جیهان بە وزە کاردەکات و بەشێکی زۆری ئەو وزەیە لە سەرچاوە نەوتییەکانەوە دێتە بوون. بەڵام، ئایا تا ئێستا بیرت لەوە کردۆتەوە کە: کێ بەشدارە لە پرۆسەی نەوت و گاز لە گشت قۆناغەکانیدا؟ چۆن پرۆسەی دۆزینەوەی نەوت و گاز بە بڕی گونجاو لە ژێرزەوی و دەرهێنانی بە لەبەرچاو گرتنی سەلامەتی ئەنجام دەدرێ؟

بەخێربێن بۆ جیهانی سەرنجڕاکێشی ئەندازیاری نەوت. لەم بوارەدا، فێرخوازان ئاشنا دەکرێن بە زانیاری گشتی سەبارەت بە پرۆسەکان، دواتر ڕادەهێنرێن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەلومەرجە جیاوازەکان وەهەندێک لە ئاستەنگە زەقەکان کە ئەمڕۆ پیشەسازی نەوت ڕووبەڕووی دەبێتەوە. لە باشترین بەرهەمهێنانی نەوتەوە تا پەرەپێدانی تەکنیکەکانی دەرهێنانی بەشێوەیەکی پاکتر(clean) و سەلامەتتر. جا تۆ خولیای دیراسەی ژێرزەوی لەڕێگای ئامێری تایبەتەوە (Geophysics)، کارەکانی کونکردن(drilling operations)، یان کاریگەرییە ژینگەییەکان(environmental impacts)ت هەبێت، بەشی ئەندازیاری نەوت دەروازەیەکت پێشکەش دەکات دەربارەیان وە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە وزەی جیهانیدا.

ئەرکی ئەندازیارانی نەوت تەنها دەرهێنانی سەرچاوە نەوت و گازییەکان نیین؛ بەڵکو ئەوان بەرپرسیارن لە پاراستنی ژینگە، بەدوای ئەو تەکنیکانە دەگەڕێن کە کەمترین زیان دەگەیەنن بە ژینگە، وە هەوڵ دەدەن زیانەکانیان سنوردار بێت لەسەر ژینگە (limit the impact on ecosystems)بە درێژایی پرۆسەی بەرهەم هێنان و دەرهێنانی نەوت. لە قووڵایی زەویەوە تا تاقیگەی توێژینەوە پێشکەوتووەکان، کارەکانیان کاریگەری لەسەر هەموو قۆناغەکانی سووڕی ژیانی نەوت و گاز هەیە.

ئەندازیارانی نەوت ئەمڕۆ یاریزانی سەرەکین لە هاوسەنگکردنی پێداویستییەکانی وزەی جیهان لەگەڵ بەڕێوەبردنی ژینگە، ئەمەش وایکردووە ڕۆڵیان لە جاران گرینگتر بێت. ئەوەی جیاوازیی دەداتە ئەندازیاری نەوت ، بەکارهێنانی تیۆرییەکانە لەگەڵ جیهانی ڕاستەقینە. خوێندکاران بەشداری لە ڕاهێنانی دەستیدا دەکەن بە تەکنەلۆژیا و هاوشێوەکردنی ستانداردی پیشەسازی، ئامادەیان دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەتەڵە جیۆلۆجی و ئەندازیارییە ئاڵۆزانەی کە لە بوارەکەدا سەرهەڵدەدەن. فێرخوازان لەڕێگای ئەم بوارەوە فێری باشتر کردنی کردەی کونکردن (improving drilling efficiency) دەکرێن، باشترکردنی بەرهەمهێنانی نەوت، بەڕێوبردنی پرۆژەی گەورە. بەو زانیارییە هەمەڕەنگانە، دەرچووان بە ئامادەییەوە بەڕێ دەکرێن بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆیان لە یەکێک لە کەرتە گرنگەکانی ئابووری جیهانیدا ببینن.




ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# ناوەڕۆک
# ئەندازیاری نەوت چیه؟

ئەندازیاری نەوت ئەو لقە ئەندازیارییەیە کە گرنگی بە گەڕان و دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوت و غازی سروشتی دەدات، سەرچاوەی وزەی سەرەکی جیهانی مۆدێرن. ئەندازیارانی نەوت بەرپرسیارن لە دیزاینکردن و پەرەپێدانی شێوازەکان بۆ دەرهێنانی ئەم سەرچاوانە بە شێوەیەکی کارا لە ژێر ڕووی زەویەوە، جا چ لە قووڵایی پێکهاتە بەردەکاندا بدۆزرێتەوە(onshore) یان لە پێکهاتەی ژێر دەریاکانەوە(offshore).

لە ناوەڕۆکەکەیدا، ئەندازیاری نەوت بنەماکانی بەشە زانستییە جیاوازەکان تێکەڵ دەکات، لەوانە جیۆلۆجی، فیزیا، کیمیا و ئەندازیاری. ئەم ڕێبازە فرە پسپۆڕییە یارمەتی ئەندازیاران دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکانی پەیوەست بە دیاریکردنی شوێنی نەوت و گاز(oil and gas reservoir) و کونکردنی بیرەکان (drilling) و بەڕێوەبردنی بەرهەمهێنانی نەوت لە ژێر زەوی بۆ سەر زەوی (production).

پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەندازیاری نەوت:

١) گەڕان :(exploration) ئەم قۆناغە بریتییە لە گەڕان و دۆزینەوەی نەوت و گاز لە ژێر زەوی بە بەکارهێنانی ڕووپێوی جیۆلۆجی (geological survey)، داتای بومەلەرزەزانی و تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی تر.

٢) ئەندازیاری خەزان: ئەندازیەرانی خەزان بەرپرسیارن لە تێگەیشتن و بەڕێوەبردنی بارودۆخی خەزانەکانی نەوت و گاز. ئەوان ئەدای خەزانەکان شیدەکەنەوە و تەکنیکە جۆراوجۆرەکان بەکاردەهینن بۆ بەرزکردنەوە و دەرهێنانی نەوت.ئەمەش بە بەکارهێنانی بەرنامەی جیاواز وەک Reservoir Simulation

کە ئەندازیاران بەکاریدەهێنن بۆ پێشبینیکردنی ئەوەی کە شلەکانی ژێر زەوی چۆن بە ناو بۆشایەکانی پێکهاتە بەردەکان جوڵە دەکەن وە یارمەتیدەرە بۆ دەرهێنانی زۆرترین ئەو نەوتەی لە ژێر زەویدایە Mattax ١٩٩٠.



٣) ئەندازیاریی کونکردن( drilling engineering): ئەندازیارانی کونکردن زۆر گرنگن لە دیزاینکردن و جێبەجێکردن و باشکردنی پلانەکانی کونکردن. ئەوان باشترین تەکنیک و تەکنەلۆژیا دیاری دەکەن بۆ بەکارهێنانیان لە کونکردنی بیرەکان بە شێوەیەکی سەلامەت و کارا، بە لەبەرچاوگرتنی هۆکارەکانی وەک تێچووی دارایی، تێکچوونی ئامێرەکان، سەلامەتی و کاریگەری لەسەر ژینگە. ئەم ڕۆڵە پێویستی بە تێگەیشتنێکی قووڵ هەیە لە بارودۆخی ژێرزەوی و میکانیکی کونکردن، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بیرەکان لە شوێنی گونجاودا کون دەکرێن و کارەکان بە ئاسانی بەڕێوەدەچن.

٤) ئەندازیاریی بەرهەمهێنان (Production engineer): ئەندازیاری بەرهەمهێنان بەشێکی گرنگی ئەندازیاری نەوتە، کە ڕۆڵی ئەندازیار لەم بەشە بریتییە لە دەرهێنانی هایدرۆکاربۆنەکان (نەوت) لە خەزاندا. دوای قۆناغی کونکردن، ئەندازیارانی بەرهەمهێنان سەرپەرشتی پرۆسەی هێنانی نەوت یان گاز دەکەن بۆ سەر ڕووی زەوی وە بەردەوام چاودێری کردنی توانەی بیر (well performance )، کە ئەنداریاری بەرهەمهێنان بەیارمەتی ئەندازیاری خەزان (Reservoir Engineering)هەوڵ دەدەن پرۆسەی بەرهەمهێنای نەوت و گاز بەردەوام بێ بۆ ماوەیەکی درێژ لە خەزانەکەدا.

جگە لە شارەزاییە تەکنیکیەکانیان، ئەندازیارانی نەوت لەهەوڵی بەردەوامدان بۆ باشترکردنی بەردەوامیی لە پیشەسازییەکەدا. ئەوان داهێنان دەکەن لە ڕێگەی پەرەپێدانی ئەو تەکنەلۆژیایانەی کە کاریگەری لەسەر ژینگە کەم دەکەنەوە، بۆ نمونە:

CCS (Carbon Capture and Storage)پرۆسەیەکە کە دووەم ئۆکسیدی کاربۆن کە لە بەکارهێنانی سووتەمەنی بەردینیەوە بەرهەم دێت لە ژێر زەویدا هەڵیدەگرێت و ڕێگری دەکات لە چوونە ناو بەرگەهەوا و بەشداریکردنی لە گۆڕانی کەشوهەوا (Boot-Handford،، ٢٠١٤).

## ڕێگای پەروەردەیی و مەنهەج:

بەدواداچوون بۆ بڕوانامە لە ئەندازیاری نەوت بە شێوەیەکی گشتی مەنهەجێکی ورد و تارادەیەک ئاڵۆزی تێدایە کە زانیاری تیۆری لەگەڵ بەکارهێنانی پراکتیکیدا تێکەڵ دەکات. ئەو خوێندکارانەی کە ئارەزووی ئەم بوارە دەکەن بە گشتی بە ڕێڕەوێک تێپەردەبن کە خولی بنەڕەتی بیرکاری و زانست و بنەماکانی ئەندازیاری لەخۆدەگرێت.

## پرۆگرامی بڕوانامە:

١) بڕوانامەی بەکالۆریۆس و دیبلۆم: هەنگاوی یەکەم بۆ ئەوانەی خولیای بواری ئەندازیاری نەوتیان هەیە، بە زۆری بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە بواری ئەندازیاری نەوت یان بوارێکی نزیک لە پەیوەندیدار، وەک ئەندازیاری میکانیکی یان کیمیایی. کە ئەم پرۆگرامەی بەکالۆریۆس بە شێوەیەکی گشتی چوار ساڵە بە بەراورد بە دیبلۆم دووساڵ زیاتر دەخایێنێت و بابەتگەلێکی سەرەکی لەخۆدێگرێت وەک:

بیرکاری( mathematic): کۆرسەکانی حساب و هاوکێشە جیاوازەکان و ئامار بڕبڕەی پشتی شیکاری ئەندازیاری پێکدەهێنن.

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

فیزیا و کیمیا(physic and chemistry)): تێگەیشتن لە تایبەتمەندییە فیزیایی و کیمیاییەکانی مادەکان بۆ شیکردنەوەی خەزانەکان و شلەی کونکردن زۆر گرنگە. لە ئەندازیاری نەوتدا فیزیا بەکاردەهێنین بۆ ئەوەی تێبگەین لە:

ڕۆیشتنی شلە (Fluid flow):

لە کاتی هەڵکەندنی بیردا پێویستە لەوە تێبگەین کە نەوت و گاز و ئاو چۆن بەناو پێکهاتە بەردەکانی ژێر زەویدا دەجوڵێن.

پەستان و هێز ( pressure and force):

کاتێک ئێمە لە قووڵایی زەویدا کون دەکەین، مامەڵە لەگەڵ فشارە بەرزەکاندا دەکەین، تێگەیشتن لە بواری فیزیا یارمەتیمان دەدات لە حیسابکردنی پەستانی شلەکانی ناو خەزنەکە و ئەو هێزەی کە پێویستە بۆ هێنانی نەوت و گاز بۆ سەر ڕووی زەوی.

هەروەها ئێمە لەڕێگای زانینی تایبەتمەندی فیزیای خەزان دیزاینی بیر و ئامێرەکان دەکەین بۆ ئەوەی بەرگەی ئەو هێز و فشارانە بگرێت لە کاتی بەرهەمهێنای ئەو نەوت و گازانەی لە ژێرزەوی بۆ سەر زەوی دێن.

کیمیا گرینگە بۆ ئەندازیارانی نەوت بۆ تێگەیشتن لە پێکهاتای نەوت و گاز:

نەوتی خاو لە هایدرۆکاربۆنی جۆراوجۆر پێکهاتووە، کە بریتین لە مۆلیکولێک کە هایدرۆجین و کاربۆنیان تێدایە. کە بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی پێکهاتەی نەوت و گاز بۆ پرۆسێسکردنی نەوتی خاو و بەرهەمی بەسوود وەک بەنزین و گازۆیل و پلاستیک زۆر گرنگە.

جیۆلۆجی(Geology) :زانینی پێکهاتە جیۆلۆجیەکان یارمەتی ئەندازیاران دەدات بۆ هەڵسەنگاندنی شوێنی کونکردن و تێگەیشتن لە هەڵسوکەوتی خەزانەکان.

هەرچی دەربارەی دیبلۆمە بە گشتی ئەم پلیە کەمتر دەخایەنێت بە بەراورد بە پلەی بەکەلاریۆس کە دیبلۆمی ئەندازیاری نەوت ١ بۆ ٢ ساڵ دەخایەنێت، زۆرجار ڕاهێنانی پراکتیکی و کۆبوونەوە و ووڕکشۆپ لەخۆدەگرێت، ئەزموونی دەستی دەدات بە خوێندکاران لەگەڵ ئەو ئامراز و ئامێرانەی کە لە پیشەسازی نەوتدا بەکاردەهێنرێن.

٢) بڕوانامەی ماستەر: زۆرێک لە خوێندکاران ئارەزوو دەکەن بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ئەندازیاری نەوت بۆ قووڵکردنەوەی شارەزاییەکانیان و بەرزکردنەوەی ئاسۆی پیشەیی. ئەم پرۆگرامە زۆرجار کاری کۆرسی تایبەتمەند لە خۆدەکرێت لە بوارەکانی وەک:

هاوشێوەکردنی خەزان(Reservoir simulation) : تەکنیکی پێشکەوتووی مۆدێلکردنە کە بەکاردێت بۆ پێشبینیکردنی ڕۆیشتنی نەوت و گاز لە خەزانەکانەوە.

تەکنیکەکانی بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت (Oil recovery enhancement): لێکۆڵینەوەی قووڵە لەو تەکنیکانەی بەکار دەهێنرێت بۆ زۆرترین دەرهێنانی سەرچاوەی نەوت و گاز.

٣) دکتۆرا: بۆ ئەوانەی ئارەزووی توێژینەوە یان پیشەی ئەکادیمی دەکەن، بڕوانامەی دکتۆرا لە ئەندازیاری نەوت ڕێگە بە خوێندکاران دەدات بە قووڵی زیاتر بەدواداچوون بۆ کێشە ئاڵۆزەکان بکەن و بەشداری بکەن لە چارەسەری داهێنەرانە لەو بوارەدا.

## فێربوونی دەستی:

بەرنامەکانی ئەندازیاری نەوت جەخت لەسەر ئەزموونی پراکتیکی دەکەنەوە لە ڕێگەی تاقیگە، زۆرجار خوێندکاران بەشداریدەکەن لە:
کاری تاقیگەیی: تاقیکردنەوەکان کە بارودۆخی خەزانەکان و ئەو پرۆسانەی پێویستن بکرێن بە درێژای کونکردن فێردەکرێن، ڕێگە بە خوێندکاران دەدەن زانیاری تیۆری بەکاربهێنن.
گەشتە مەیدانییەکان و سەردانی شوێنەکان: دەرفەتەکانی سەردانی کێڵگە نەوتییەکان و دامەزراوە بەرهەمهێنانەکان، تێڕوانینێکی جیهانی ڕاستەقینە بۆ کارەکانی پیشەسازی پیشاندەدات.
مەشقکردن: بەدەستهێنانی ئەزموونی کارکردن لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت و گاز یارمەتی خوێندکاران دەدات بۆ پەرەپێدانی کارامەیی و دروستکردنی پەیوەندی پیشەیی پێش دەرچوون.
پرۆژەکان: لە ساڵی کۆتاییدا، خوێندکاران بە شێوەیەکی گشتی پرۆژە ئەنجام دەدەن کە پێویستە فێربوونەکانیان بۆ تەحەددیاتی جیهانی ڕاستەقینە بەکاربهێنن. ئەم پرۆژانە زۆرجار بریتین لە کارکردن بە تیم بۆ دیزاینکردنی چارەسەر بۆ کێشە ئەندازیارییە تایبەتەکان، پەروەردەکردنی هاوکاری و لێهاتوویی چارەسەرکردنی کێشە کە پێویستن بۆ سەرکەوتن لە پیشەسازییەکەدا.
بە گشتی ڕێڕەوی پەروەردە بۆ ئەندازیارانی نەوت یارمەتی خوێندکاران دەدات تەکنیکی گرنگ و زانیاری پراکتیکی کە پێویستن لە بوارەکەدا فێربن، ئەمەش ئامادەیان دەکات بۆ پیشەیەکی سەرنجڕاکێش و پڕ لە خۆشی لە کەرتی وزەدا.

## ئەنجام:

ئەندازیاری نەوت بوارێکی سەرەکییە کە یارمەتیدەرمانە بۆ دەرهێنان و بەکارهێنانی نەوت و گاز، کە پێویستن بۆ بەهێزکردنی ژیانی ڕۆژانەمان. ئەندازیارانی نەوت بە بەکارهێنانی زانیاری فیزیا و کیمیا، ڕێگا دەدۆزنەوە بۆ هەڵکەندنی بیر و زیادکردنی بڕی ئەو نەوتەی کە دەتوانین لە زەویەوە دەستمان بکەوێت وە نەوتی خاو بگۆڕین بۆ بەرهەمی وەک سووتەمەنی و پلاستیک. پشت بە کەسانی پسپۆڕ دەبەستێت کە دەتوانن کێشە ئاڵۆزەکان چارەسەر بکەن، لە تێگەیشتن لە پێکهاتە بەردەکان لە قووڵایی ژێر زەویدا تا دۆزینەوەی ڕێگەی باشتر بۆ بەدەستهێنانی نەوت، بۆنموونە:
Enhanced Oil Recovery (EOR) Carbon Capture Storage (CCS) and ئەم تەکنیکانە نەک تەنها یارمەتیدەرن بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت بەڵکو کاریگەرییەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوت و گاز لەسەر ژینگە کەمدەکەنەوە، بە ئاستی جیاوازی خوێندن وەک دیبلۆم، بەکالۆریۆس، ماستەر، و دکتۆرا، خوێندکاران دەتوانن ڕێگەی جۆراوجۆر هەڵبژێرن بۆ ئەوەی ببنە بەشێک لەم پیشەسازییە سەرنجڕاکێشە. لە کاتێکدا جیهان بەدوای ڕێگەی باشتردا دەگەڕێت بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی وزە لە هەمان کاتدا پاراستنی ژینگە، ڕۆڵی ئەندازیارانی نەوت گرنگتر دەبێت لە دۆزینەوەی چارەسەری زیرەک و کارا.

## لیستی سەرچاوەکان


1) Boot-Handford, M.E., Abanades, J.C., Anthony, E.J., Blunt, M.J., Brandani, S., Mac Dowell, N., Fernández, J.R., Ferrari, M.C., Gross, R., Hallett, J.P. and Haszeldine, R.S., 2014. Carbon capture and storage update. Energy & Environmental Science, (1)7, pp.189-130.

2) Mattax, C.C. and Dalton, R.L., 1990. Reservoir Simulation (includes associated papers 21606 and 21620). Journal of Petroleum Technology, (06)42, pp.695-692



**ڕێکان عەلی**



hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە



# ڕەوشی بێ سەرپەرشتان لە خێزانی داواکار (جێگرەوەدا)

(لە دیدگای خێزانە جێگرەوەکان)


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێرستی بابەتەکان | ج |
| پێشەکی | ١ |
| **دەروازەی یەکەم/ لایەنی تیۆری** | ٢ |
| **بەشی یەکەم** | ٢ |
| باسی یەکەم/ ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە | ٤ |
| یەکەم:کێشەی توێژینەوەکە | ٤ |
| دووەم:گرنگی توێژینەوەکە | ٤ |
| سێیەم:ئامانجەکانی توێژینەوەکە | ٥ |
| باسی دووەم/ چەمکە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە | ٦ |
| یەکەم: بێسەرپەرشت | ٦ |
| دووەم: خێزان | ٦ |
| سێییەم: خێزانی داواکار (جێگرەوە) | ٦ |
| باسی سێییەم/ توێژینەوەکانی پێشوو | ١٣-٧ |
| **بەشی دووەم** | ١٥ |
| باسی یەکەم/ | ١٧-١٥ |
| یەکەم: گرنگیەکانی هەبوونی خێزان و خێزانی جێگرەوە | ١٥ |
| دووەم: تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ بێسەرپەرشتان | ١٦ |
| باسی دووەم/ | ٢٤-١٨ |
| یەکەم: ئەو هۆکارو پاڵنەرانەی کە وادەکەن خێزانێک منداڵێکی بێ سەرپەرشت لەخۆبگرێت | ١٨ |
| دووەم: کێشەکانی پەروەردەکردنی منداڵی بێ سەرپەرشت | ٢٠ |
| سێیەم: تیۆرەکانی هاوپەیوەند بە بێسەرپەرشتان و خێزانە داواکارەکان (جێگرەوە) | ٢٢ |
| باسی سێیەم/ | ٢٥ |
| قۆناغەکانی گێڕانەوەی ڕاستیەکان بۆ منداڵەکە | ٢٧-٢٥ |
| **دەروازەی دووەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە** | ٢٨ |
| **بەشی سێیەم** | ٣٠ |
| باسی یەکەم/ میتۆدەکان و هەنگاوە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە | ٣٠ |
| یەکەم/ میتۆدەکانی توێژینەوەکە | ٣٠ |
| دووەم/ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ٣٠ |
| سێیەم/ نموونەی توێژینەوەکە | ٣١ |
| چوارەم/ سنورەکانی توێژینەوەکە | ٣١ |
| پێنجەم/ کەرەستەکانی توێژینەوەکە و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریەکان | ٣١ |
| باسی دووەم/ | ٣٢ |
| یەکەم/ ڕێژەی بێسەرپەرشتان لەناو خانەکانی سلێمانی | ٣٢ |
| دووەم/ خستنەڕووی زانیاریەکان و گفتوگۆکردنیان | ٣٢ |
| سێیەم/ شیکردنەوەی توێژەر بۆ کەیسەکان | ٣٨-٣٦ |
| باسی سێیەم | ٣٨ |
| یەکەم: دەرئەنجام | ٣٨ |
| دووەم: ڕاسپاردە | ٣٩ |
| سێیەم: پێشنیار | ٣٩ |
| سەرچاوەکان | ٤٢-٤٠ |
| پاشکۆکان | ٥٠-٤٤ |


(توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە زانکۆی سلێمانی)

# پێشەکی

بێسەرپەرشتان پێکهاتەیەکی گرنگی کۆمەڵگان و دەبێت مامەڵەیەکی دروستی خێزان و پەروەردەییان لەگەڵ بکرێت، بۆئەوەی تاکێکی بە سوود و داهێنەر بن بۆ کۆمەڵگا و لەڕێی بیرۆکە و شارەزایەکانیانەوە بتوانن سوود بە کۆمەڵگە بگەیەنن، پێویستە سەرجەم پێویستی و مافەکانیان بۆ فەراهەم بکرێت، پێویستیان بە ئاوڕدانەوەی زیاتر هەیە لە لایەن کەسانی بەرپرس لەم بابەتە بۆیە پێویستە زیاتر کاریان بۆ بکرێت و ئاسانکاریان بۆ بکرێت بۆ ئەوەی بتوانن ڕێژەیەکی زیاتر لە منداڵانی بێسەرپەرشت لە خێزانە داواکارەکاندا جێگیر بکرێت.

ئەوەی ئەم توێژینەوە بەدوایدا دەگەڕێت، خۆی لە گەڕانێکی تیۆری و مەیدانیدا دەبینێتەوە لە بواری ڕەوشی بێسەرپەرشتان لە خێزانە داواکارەکان ( جێگرەوەکان) دا، و لەلایەک هەوڵدەدات بەشێوەیەکی گشتی کورتەیەک لە مێژووی دروستبوونی خانەی بێ سەرپەرشتان، تێروانینی کۆمەڵگە و گرفتەکانیان بخاتەڕوو. بەشێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوەیە هەوڵی دەرخستنی ژیان و ڕەوشی بێسەرپەرشتان دەدات لە خێزانە داواکارەکان (جێگرەوەکان) دا، وە گرتنەبەری شێوازی میتۆدی زانستیانە. توێژینەوەکە بەسەر دوو دەروازەی سەرەکیدا دابەشکراوە، دەروازەی یەکەم کە دەروازەی تیۆریە و خۆی لە دوو بەشدا دەبینێتەوە، بەشی یەکەم کە بریتیە لە چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە و کێشەو گرنگی و ئامانج دەگرێتەوە، وە هەروەها پێناسەی چەمکە زانستیەکانی توێژینەوەکە. لە بەشی دووەمی دەروازەی تیۆریدا هەوڵدراوە باسی بێسەرپەرشتان و کێشەو گرفتەکانیان بکرێت کە خۆی لە سێ باسدا دەبینێتەوە، باسی یەکەم گرنگیرکانی هەبوونی خێزان و خێزانی جێگرەوە و تێروانینی کۆمەڵگا بۆ بێسەرپەرشتان و تیۆرەکانی هاوپەیوەند بە بێسەرپەرشتان، باسی دووەم بریتیە لە ئەو هۆکار و پاڵنەرانەی کە وادەکەن خێزانێک منداڵێکی بێ سەرپەرشت لەخۆ بگرێت، وە لەگەڵ کێشەکانی پەروەردەکردنی منداڵی بێ سەرپەرشت. باسی سێیەم و کۆتایی بریتییە لە قۆناغەکانی گێڕانەوەی ڕاستیەکان بۆ منداڵەکە و توێژینەوەکانی پێشوو. دەروازەی دووەمی توێژینەوەکە دەروازەی مەیدانییە و بەشی سێیەم لەخۆدەگرێت، لە بەشی سێیەم باس لە ڕێکارە میتۆدیەکانی و هەنگاوە مەیدانیەکان کراوە کە خۆی لە میتۆدی توێژینەوەکە دەبینێتەوە ئەویش میتۆدی وەسفی شیکارییە، و کۆمەڵگای توێژینەوەکە و سنورەکانی توێژینەوەکە، هەروەها خستنەڕووی زانیاریەکان و ئەنجامی چاوپێکەوتنەکان و شیکردنەوەی چاوپێکەوتنەکان، پاشان ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیار لەخۆدەگرێت.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



## دەروازەی یەکەم
## لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

## بەشی یەکەم
## ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە و پێناسەکردنی چەمکەکان و توێژینەوەکانی پێشوو
### باسی یەکەم/ ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە
هەر توێژینەوەیەکی زانستی پێویستە بە ڕێبازێکی ئەکادیمی تێپەڕێت بۆ دەست نیشانکردنی کێشەی توێژینەوەکە، توێژەر ئەو پرسیارەی بە هزردا دێت کە ئایا ئەم توێژینەوە زانستییە هەوڵدەدات بە پرسیار کێشەی توێژینەوەکەی بخاتە ڕوو، وەک:

١- ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانە چین کە ڕووبەڕووی بێسەرپەرشتان ئەبنەوە لە خێزانی داواکاردا؟

٢- ڕۆڵی خێزانی داواکار لە چارەسەرکردنی کێشەکانی بێ سەرپەرشتان لە پاش لەخۆگرتنیان چییە؟

٣- ئایا تا چەند بێسەرپەرشتان دەتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ خێزانی داواکاردا؟

### گرنگی توێژینەوەکە:
هــەر بابەتێک گرنگی تایبەت بەخۆی هەیە، گرنگی و بایەخی ئەم توێژینەوە زانســتیانە خۆی دەبینێتەوە لە ڕادەی کاریگەری لەســەر تاکەکان و کۆمەڵگە، هەموو توێژینەوەیەک دوو جۆر بواری گرنگ دەرەخسێنێت، بە شێوەیەکی گشتی گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە دوو لایەندا ڕەنگ دەداتەوە و بەدیار دەکەوێت کە بریتیە لە:

لایەنی تیۆری:

١- تیشک دەخاتە سەر کێشەکانی بێ سەرپەرشتان کە دوای ڕادەست کردنیان بە خێزانی داواکار ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

٢- ئــەم توێژینەوەیە ســەرچاوەیەکی گرنگە ســەبارەت بــەم بابەتە، چونکە پێشــتر گرنگیەکی وەها بەرچاوی پــێ نەدراوە و سەرچاوەیەکی کەمی لەسەرە و ئەوەی هەیە تەنها چەند گۆڤار و ڕاپۆرتێکە.

٣- هەتا بێ سەرپەرشــتان هەست بکەن بایەخ بە کێشــە و خەمەکانیان دەدرێت لەبری ئەوەی هەست بە پشتگوێ خستن بکەن لەلایەن کۆمەڵگەوە.

لایەنی پراکتیکی:

١- بە مەبەستی وەرگرتنی داتا و زانیاریەکان سەبارەت بەم بابەتە.

٢- بۆ دەرخستنی کێشە کۆمەڵایەتیەکانی بێسەرپەرشتان لە خێزانی داواکاردا.

٣- دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەتوانرێت سودی لێ وەربگیرێت و بخرێتە خزمەت کۆمەڵگەی مرۆییەوە.

### ئامانجی توێژینەوەکە:
١- دیاریکردنی ڕۆڵی خێزانە جێگرەوەکان لە لەخۆگرتنی منداڵی بێ سەرپەرشت

٢- خستنەڕووی ئەو هۆکار و پاڵنەرانەی کە وادەکەن خێزانەکان منداڵی بێسەرپەرشت لەخۆبگرن

٣- خستنەڕووی ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانەی کە ڕوبەڕووی بێسەرپەرشتان ئەبنەوە لە خێزانی جێگرەوەدا



## باسی دووەم/ چەمکە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە

١/ منداڵانی بێسەرپەرشـت: چەمکی بێسەرپەرشت لەلایەن یۆنانیەکان وا پێناسە دەکرێ کە منداڵێک بێ بەش بووبێت لە خێزان بە مردنی یەکێک لە دایک و باوک یاخود هەردوکیان. (Powl, ٢٠٠٨, p١٣)
بریتییـە لـەو منداڵانـەی کە لـە باروودۆخێکـی دابرانـی کۆمەڵایەتـی و خێزانی دان بـە هـەر هۆکارێکی تایبـەت و جیاواز، بێسەرپەرشت بوون بەهۆی لەدەستانی یەکێک یاخود هەردوک لە باوانی یان بەهۆی لێکترازانێکی خێزانی و لە خۆنەگرتنیان و سەرپەرشتی نەکردنیان لەلایەن کەس و کەسوکار و خێزانیانەوەیە. (Skinner, ٢٠٠٨, p١٣)
پێناسـەی ڕێککاری بۆ منداڵانی بێسەرپەرشت: منداڵانی بێ سەرپەرشـت ئەو توێژە دەگرێتەوە کە بێ بەشن لە هەبوونی خێزان و کەسوکار بە جۆرێک کۆمەڵگە و دامەزراوە خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان لە خۆیان دەگرن، زۆر جار ئەم منداڵانە بێ بەشـن لە هەبوونی باوان و خوشـک و برا و کەسە نزیکەکان کە مەبسـتمان ئەو منداڵانەیە کە تەمەنیان (٠-٤) ساڵە، و لە خێزانی جێگرەوەدایە.

٢/ خێـزان :خێـزان هەریەکە لـە هاوسـەرگرتن و وەچەنانەوە کۆمەڵێـك پێگە و ڕۆڵی بەدەسـتهێنراوە، بۆیـە لای زۆرینەی کۆمەڵگـەکان هاوسـەرگرتن بە مەرجی پێشـینە بۆ پێکهاتنی خێـزان دادەنرێـت و خێزانیش بە بەرهەمـی کارلێکی مرۆیی دادەنرێت. (المیسوم، ٢٠١٦: ٢٦)
پێناسـەی ڕێککاری خێزان: خێزان بەو نێوەنـدە دادەنرێت لەلایەن کۆمەڵگەوە کە هەریەکە لە پێداویسـتییە غەریزییەکانی تاکەکەس، پاڵنەرە سروشتی و کۆمەڵاتییەکان وەکو حەزکردن بە ژیان، مانەوەی نەژادی مرۆڤ، بەدیهاتنی ئامانج لە بوونی مرۆڤ، بەدیهاتنی پاڵنەرە سۆزداری و هەڵچوونییەکان وەکو سۆزی باوکایەتی و دایکایەتی دێنێتەدی.
٣/ خێزانی جێگرەوە: گروپێکی کۆمەڵایەتییە کە پێکهاتووە لە ژن و مێرد و هەندێکجار منداڵیش، خاوەنی سـەرچاوەی دارایی و چالاکـی ڕێکوپێکی خۆیەتی، لەچوارچێوەی کۆمەڵگەی گەورەتـردا دەژی و وەک خێزانەکانی دیکە ڕۆڵیان هەیە، هەروەها ئەرکێکی کۆمەڵایەتیشیان هەیە لە ژیانی گشتیدا، هەڵبژێردراوە بۆ چاودێریکردنی منداڵێکی دیکە جگە لە منداڵەکەی خۆی، بە مەرجێک مەرجەکانی شایستەیی بۆ ئەم چاودێریکردنە هەبێت و جێبەجێ بکرێت. (سعدان، ١٩٨٠، ص٢٣)
واتـە خێزانێـک کە پێکهاتووە لە بـاوک و دایک (ژن و مێـرد) و ژمارەیەکی دیاریکـراوی منداڵ یان بێ منـداڵ، یان دایکێکی جێگـرەوەی تاک کە بە پشتبەسـتن بە هەندێک تایبەتمەنـدی هەڵدەبژێردرێت کە گونجاوە بۆ ئـەو منداڵانە جێگیر بکرێن. (الكاشف، ٢٠٠٢: ص١٩)
پێناسـەی ڕێککاری بۆ خێزانی جێگرەوە: ئەو خێزانەیە کە منداڵێک بەخێـو دەکات لە ڕووی بایەلۆجییەوە منداڵی خۆی نییە، بـەڵام ئەرکی پاراسـتن و چاودێری و پەروەردەکردنی جێگرەوەی دەگرێتە ئەسـتۆ، (پێکدێت لە پیـاو و ژن، یاخود ژن بە تەنیا ئەگەر جیا بووبێتەوە، یان بێوەژن، بە مەرجێک خاوەنی شیاویی یاسایی تەواوبن).

## باسی سێیەم/ توێژینەوەکانی پێشوو

بە مەسـتی شـارەزابوون و سـوود وەرگرتن و دەوڵەمەند کردنی پرۆژەی توێژینەوە زانسـتی و ئەکادیمی لـەوەش زیاتر بۆ ئەنجام دانی توێژینەوە بە جۆرێک کە چارەسـەری پەسـەند و داهێنەری کێشـەیەک لە کێشـەکانی بواری پسـپۆری توێژەر بکات، وا پێویسـت دەکات کە توێژەر بەوردی ئاگاداری ئەم توێژینەوەیە بێت کە پێشتر لێرە و لەوێ ئەنجامدراون لەهەمان بواردا یان لەو بوارانەدا کەهاوشێوە و نزیکن لێیەوە.
یەکـەم: توێژینـەوەی ( ئەلقەلهاری،٢٠١٧،ص ١٢٧) بە ناونیشـانی (المشـكلات الاجتماعية والنفسـية للأطفال مجهولي الأبوين في الأسر البديلة في محافظة مسقط، سلطنة عمان)

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانج لەو لێکۆڵینەوەیە بە شێوەیەکی گشتی دەرخستنی گرنگترین ئەو کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونیانەیە کە ڕوو بەڕووی ئەو منداڵە بێ دایک و باوکانە دەبێتەوە کە لای خێزانی دووهەمن لە پارێزگای مەسقەت.
کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە پارێزگای مەسقەت و نموونەی توێژینەوەکە ئەو نموونانەی کە وەریگرتووە و بریتییە لە ٣٤٩ بـە کـچ و کورەوە. ٤٠ منداڵیـان لە ڕەگەزی نێر و مـێ وەرگرتووە، یەک منداڵیان بیـر کۆڵبووە، نەتوانـرا بگەینە ٨ منداڵ، ٥ منداڵیش ڕەتیان کردووە کە قسـە بکەن، ٤ منداڵیـش لەلایەن فەرمانڕەوایەکان. ئامڕەزاکانی کۆکردنـەوەی زانیاری بریتییە لە دۆکیومێنت، چاوپێکەوتن، فۆرمی ڕاپرسی.

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

## باسی دووەم/ چەمکە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە

١/ منداڵانی بێسەرپەرشــت: چەمکی بێسەرپەرشت لەلایەن یۆنانیەکان وا پێناسە دەکرێ کە منداڵێک بێ بەش بووبێت لە خێزان بە مردنی یەکێک لە دایک و باوک یاخود هەردوکیان. (Powl, ٢٠٠٨, p١٣)
بریتییــە لــەو منداڵانــەی کە لــە بارودۆخێکــی دابرانــی کۆمەڵایەتــی و خێزانی دان بــە هــەر هۆکارێکی تایبــەت و جیاواز، بێسەرپەرشت بوون بەهۆی لەدەستانی یەکێک یاخود هەردوک لە باوانی یان بەهۆی لێکترازانێکی خێزانی و لە خۆنەگرتنیان و سەرپەرشتی نەکردنیان لەلایەن کەس و کەسوکار و خێزانیانەوەیە. (Skinner, ٢٠٠٨, p١٣)
پێناســەی ڕێککاری بۆ منداڵانی بێسەرپەرشت: منداڵانی بێ سەرپەرشــت ئەو توێژە دەگرێتەوە کە بێ بەشن لە هەبوونی خێزان و کەسوکار بە جۆرێک کۆمەڵگە و دامەزراوە خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان لە خۆیان دەگرن، زۆر جار ئەم منداڵانە بێ بەشــن لە هەبوونی باوان و خوشــک و برا و کەسە نزیکەکان کە مەبســتمان ئەو منداڵانەیە کە تەمەنیان (٠-٤) ساڵە، و لە خێزانی جێگەرەوەدایە.

٢/ خێــزان :خێــزان هەریەکە لــە هاوســەرگرتن و وەچەنانەوە کۆمەڵێــك پێگە و ڕۆڵی بەدەســتهێنراوە، بۆیــە لای زۆرینەی کۆمەڵگــەکان هاوســەرگرتن بە مەرجی پێشــینە بۆ پێکهاتنی خێــزان دادەنرێــت و خێزانیش بە بەرهەمــی کارلێکی مرۆیی دادەنرێت. (الميسوم، ٢٠١٦ :٢٦)
پێناســەی ڕێککاری خێزان: خێزان بەو نێوەنــدە دادەنرێت لەلایەن کۆمەڵگەوە کە هەریەکە لە پێداویســتییە غەریزییەکانی تاکەکەس، پاڵنەرە سروشتی و کۆمەڵاتییەکان وەکو حەزکردن بە ژیان، مانەوەی نەژادی مرۆڤ، بەدیهاتنی ئامانج لە بوونی مرۆڤ، بەدیهاتنی پاڵنەرە سۆزداری و هەڵچوونییەکان وەکو سۆزی باوکایەتی و دایکایەتی دێنێتەدی.
٣/ خێزانی جێگرەوە: گروپێکی کۆمەڵایەتییە کە پێکهاتووە لە ژن و مێرد و هەندێکجار منداڵیش، خاوەنی ســەرچاوەی دارایی و چالاکــی ڕێکوپێکی خۆیەتی، لەچوارچێوەی کۆمەڵگەی گەورەتــردا دەژی و وەک خێزانەکانی دیکە ڕۆڵیان هەیە، هەروەها ئەرکێکی کۆمەڵایەتیشیان هەیە لە ژیانی گشتیدا، هەڵبژێردراوە بۆ چاودێریکردنی منداڵێکی دیکە جگە لە منداڵەکەی خۆی، بە مەرجێک مەرجەکانی شایستەیی بۆ ئەم چاودێریکردنە هەبێت و جێبەجێ بکرێت. (سعدان، ١٩٨٠، ص٢٣)
واتــە خێزانێــک کە پێکهاتووە لە بــاوک و دایک (ژن و مێــرد) و ژمارەیەکی دیاریکــراوی منداڵ یان بێ منــداڵ، یان دایکێکی جێگــرەوەی تاک کە بە پشتبەســتن بە هەندێک تایبەتمەنــدی هەڵدەبژێردرێت کە گونجاوە بۆ ئــەو منداڵانە جێگیر بکرێن. (الكاشف، ٢٠٠٢: ص١٩)
پێناســەی ڕێککاری بۆ خێزانی جێگرەوە: ئەو خێزانەیە کە منداڵێک بەخێــو دەکات لە ڕووی بایەلۆجییەوە منداڵی خۆی نییە، بــەڵام ئەرکی پاراســتن و چاودێری و پەروەردەکردنی جێگرەوەی دەگرێتە ئەســتۆ، (پێکدێت لە پیــاو و ژن، یاخود ژن بە تەنیا ئەگەر جیا بووبێتەوە، یان بێوەژن، بە مەرجێک خاوەنی شیاویی یاسایی تەواوبن).

## باسی سێیەم/ توێژینەوەکانی پێشوو

بە مەســتی شــارەزابوون و ســوود وەرگرتن و دەوڵەمەند کردنی پڕۆژەی توێژینەوە زانســتی و ئەکادیمی لــەوەش زیاتر بۆ ئەنجام دانی توێژینەوە بە جۆرێک کە چارەســەری پەســەند و داهێنەری کێشــەیەک لە کێشــەکانی بواری پســپۆری توێژەر بکات، وا پێویســت دەکات کە توێژەر بەوردی ئاگاداری ئەم توێژینەوەیە بێت کە پێشتر لێرە و لەوێ ئەنجامدراون لەهەمان بواردا یان لەو بوارانەدا کەهاوشێوە و نزیکن لێیەوە.
یەکــەم: توێژینــەوەی ( ئەلقەلهاری،٢٠١٧،ص ١٢٧) بە ناونیشــانی (المشــكلات الاجتماعية والنفسـية للأطفال مجهولي الأبوين في الأسر البديلة في محافظة مسقط، سلطنة عمان)

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانج لەو لێکۆڵینەوەیە بە شێوەیەکی گشتی دەرخستنی گرنگترین ئەو کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونیانەیە کە ڕوو بەڕووی ئەو منداڵە بێ دایک و باوکانە دەبێتەوە کە لای خێزانی دووهەمن لە پارێزگای مەسقەت.
کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە پارێزگای مەسقەت و نموونەی توێژینەوەکە ئەو نموونانەی کە وەریگرتووە و بریتییە لە ٣٤٩ بــە کــچ و کورەوە. ٤٠ منداڵیــان لە ڕەگەزی نێر و مــێ وەرگرتووە، یەک منداڵیان بیــر کۆڵبووە، نەتوانــرا بگەینە ٨ منداڵ، ٥ منداڵیش ڕەتیان کردووە کە قســە بکەن، ٤ منداڵیــش لەلایەن فەرمانڕەوایەکان. ئامڕازاکانی کۆکردنــەوەی زانیاری بریتییە لە دۆکیۆمێنت، چاوپێکەوتن، فۆڕمی ڕاپرسی.

## ئەنجامی توێژینەوەکە:

- ئـەو منالّانـە زۆر بە زەحمەت دەتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ کەسـانی تر بە هۆکاری ئەوەی منداڵەکان کەسـانی تریان قبوڵ نییە.
٢- خۆدزینەوە لە وەڵامدانەوەی پرسـیارەکان دەربـارەی خێزانەکانیان و بە زەحمەت دەتوانن جـواب بدەنەوە، چونکە ئەوانە خۆیـان لە تێکەڵاوبـوون لە کۆمەڵگا دەپارێزن، هەروەها ناتوانایی خۆیان بۆ خۆ گونجانـدن لەگەڵ کۆمەڵگا و ڕەتکردنەوەی کۆمەڵـگا، بەڵام لە لایەنی دەروونییـەوە خێزانی جێگرەوە هەوڵـدەدەن ئەو منداڵانە بلاوێننەوە بۆ ئەوەی پشـت بە خۆیان ببەستن و هەست بەوە نەکەن کە لە هاوڕێکانیان کەمترن.

دووەم: گۆڤاری لێکۆڵینەوە لە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و زانستە مرۆییەکان، ژمارە ٥٢، بەرگی یەکەم، ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠ توێژینەوەیەکی هەڵسـەنگاندنە بۆ ڕۆڵی دامەزراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی لە بەدەسـتهێنانی ئاسایشی خێزان بۆ ئەو هەتیوانەی کە ناویان تۆمارکردووە، (د.ایمان محمد عبدالسـتار عبد المنعم) مامۆسـتا لە بەشـی گەشەپێدان و پلاندانان، فاکەڵتی کاری کۆمەڵایەتی - زانکۆی فایوم.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

١/ دەستنیشـانکردنی کاریگـەری چاودێـری کۆمەڵایەتی لە پێکهێنانـی ژینگەیەکی پارێزراو بۆ ئـەو نەجەوانانەی کە دەچنە ئەوێ.
٢/ دەستنیشانکردنی کاریگەری چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ دابینکردنی ژینگەیەکی خێزانی جێگرەوە بۆ نەجەوانان
٣/ دەستنیشانکردنی کاریگەری بۆ دابینکردنی پێداویستە گرینگەکانی نەوجەوانان
٤/ دەستنیشانکردنی کاریگەری چاودێری کۆمەڵایاتی کە ئەمانە بگونجێنێ لەگەڵ کۆمەڵگای دەرەوە.

ئامڕازەکانـی کۆکردنـەوەی زانیاری بریتییە لـە چاوپێکەوتن و فۆڕمی ڕاپرسـی. کۆمەڵگای توێژینەوەکـە بریتییە لە دەزگای چاودێـری کۆمەڵایەتـی نەوجەوانـان لە (حادقە و فەیوم) بنکەی عایشـە حسـنین بۆ سەرپەرشـتی بێلانـەکان. نموونەی توێژینەوەکە ١٤ کەسی وەرگرتووە کە گەیشتونەتە قۆناغی ئامادەی و زانکۆ ئەو کەسانەی لە دەزگای چاودێری کۆمەڵایەتی بنکەی فەیوم کە ژمارەیان ٣٦ کەس بووە.

## دەرئەنجامی توێژینەوەکە:

١/ ئـەم لێکۆڵینەوەیـە ئامـاژە بەبونـی ڕۆڵـی دەزگای چاودێـری کۆمەڵایەتـی دەکات کـە لـە دابینکردنـی پێداویسـتییە سەرەکییەکان بۆ ئەوانەی پەیوەندی بە بنکەی نەوجەوانان دەکەن
٢/ ئـەم لێکۆڵینەوەیە ئاماژە بە بونی کەموکـوڕی دەزگای چاودێری کۆمەڵایاتی دەکات بـۆ دابینکردنی ژینگەیەکی خێزانی جێگرەوە بۆ ئەوانەی کە پەیوەندی بەو شوێنە دەکەن
٣/ ڕۆڵی کاریگەری دەزگای چاودێری کۆمەڵایاتی بۆ دابینکردنی ژینگەیەکی خێزانی پارێزراو بۆ ئەو منداڵانە
٤/ ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕۆڵی گرینگی دەزگای سەرپەرشتی کۆمەڵایاتی لە دابینکردنی خزمەتگوزاری ئەوانەی کە لێی دەردەچن دوای تەمەنی هەرزەکاری یان شوکردنی کچان.
سـێیەم: توێژینەوەی (کوێستان علی عبدالله) بە ناونیشـانی (ڕەوشی چاودێری کۆمەلایەتی نەوجەوانان( توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە خانەکانی نەوجەوانان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لە ساڵی (٢٠١٢).
ئاماجی توێژینەوەکە:
١/ خسـتنەڕووی ڕەوشـی چاودێری نەوجەوانان لە خانەیەکانی نەوجەوانان لە دیی خـودی نەوجەوانانەوە لە کەمو کوڕی و گرفتەکان
٢/ ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی دەرونی پزیشك و مامۆستاكان لە خانەکانی نەوجەواناندا لە دیدی نەوجەوانانەوە
٣/ پێشنیار و ڕاسپاردە چارەسەری گرفتیەکانی چاودێری نەوجەوانان.

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە خانەی نەوجوانانی شارەکانی هەرێمی کوردستان (سلێمانی، هەولێر، دهۆک)بە بەشی کـوڕان و کچانــەوە. نمونــەی توێژینەوەکــە لە شــارەکاندا بــە پێی هــەردوو ڕەگەز لــە کــۆی (٤٩) نەوجەوانــی کۆمەڵگای توێژینەوەکــە هــەر (٤٩)نەوجەوانەکــەی وەکو نموونــە وەرگرتووە. میتۆدی مێــژووی و میتۆدی ڕوپێــوی کۆمەڵایەتی بە نموونە و متیۆدی بەراودکاری بەکارهاتووە و هەریەکەیان بەجیا دەخرێتەڕوو.

## دەرئەنجامی توێژینەوەکە:

١- ڕێژەیەکی زۆر لە نەوجەوانان ڕەگەزی نێر ، هۆکاری ئەم جیاوازیەش لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا ، بۆ سروشــتی دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتیەکان دەگەڕێیەوە ، کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە ، کە ڕەگەزی مێ کەمتر دەبرێتە ناو خانەکانەوە و زیاتر لە ناو خێزانەکان ، یان کەسوکاریاندا دەمێنێتەوە ڕێژەی زۆریان لە ناو شاردا نیشتەجێن.

٢- سەبارەت بە هۆکاری هاتنی نەوجەوانان بۆ ناو خانەکان لە نموونەی توێژینەوەکەدا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دایک و باوکیان یان جیا بونەوەی دایک و باوکیان لە خانەدا نیشتەجێن و نێردراون بۆ ناو خانەکان و کەس لە خۆیان ناگرن ، ئەمــەش دەگەڕێتــەوە بۆ بونــی ئاڵۆزیی پەیوەندییەکان و نەبوونی ســۆز و خۆشەویســتی نێوان تاکەکانــی کۆمەڵگا و و نەبوونــی هەســتی بەزەیی لە نێوانیان دا ،ســەرەڕای ئەمەش خراپی بــاری ئابوریش هۆکارێکی ترە بۆ ئــەم حاڵەتە ،هەموو ئەمانــەش لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە زۆرانەوە دروســت بوون ،کە لە ماوەی چەند ســاڵێکی ڕابــردوودا هاتونەتە ئاراوە و کۆمەڵگای کوردیش ،کەوتووتە ژێر فشــاری ئەو گۆڕانکارییانەوە ، کە هەمەلایەنن و بەسەر هەموو بەرنامە و پرۆگرامێکی ژیاندا هاتوون.

چــوارەم: توێژینەوەی (ئاڤان کمال عمر و ســیڤان ســمیر یاســین) بە ناونیشــانی (ڕۆڵــی توێژەری کۆمەڵایەتــی لە خانەی منداڵانــی بێ سەرپەرشــت) توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە خانەی بێ سەرپەرشــتیان لە هەولێر بەسەرپەرشــتی (د.شــڤان اسماعیل احمد) لە ساڵی ٢٠٢١.

## دەرئەنجامەکانی:

دوا بەدوای وەرگرتن و بەدەســتهێنانی تەواوی زانیاری و پێشــهاتە نوێیەکان لەســەر بارودۆخی منداڵانی بێ سەرپەرشت ، دوای ســەردانی کردنــی مەیدانیــمان بــۆ خانەی منداڵانــی بێ سەرپەرشــت لە شــاری هەولێــر ، چاوپێکەوتــن و بینینی ڕاســتەوخۆی توێژەران و ســتافی کارگێری و منداڵانی خانە وچاودێر و دایەنان وە بە بەکارهێنانی لایەنی تیۆری گەیشتین بە دەرئەنجامی کۆتایی توێژینەوەکەمان لە ژێر ڕۆشــنایی ئەم دەرئەنجامانە توانیمان بارودۆخی منداڵانی بێ سەرپەرشــت بە گشــت لایەن و ســێکتەرە جیاوازەکان بخەینە ڕوو، هەروەها کار و هەوڵەکانی حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار بۆ داهاتووی ئەو منداڵانە ,وە ڕۆلی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە جێگرەوەی بۆشاییەکانی ژیانیان، گەیشتین بەو ئەنجامەی کە کۆمەڵگا بە دیدێکی جیاواز ســەیری منداڵانی بێ سەرپەرشــت دەکات بەتایبەتی بەرامبەر ڕەگەزی کچ وە نەبوونی پلانی تەواو و پوخت بۆ ژیان و داهاتوی بێ سەرپەرشــتان دوای تەمەنی ١٨ ســاڵی لەلایەن حکومەت و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و لایەنــی پەیوەندیــدار . لــە چوارچێــوەی کاری مەیدانیمان ئەوەمــان بۆ فەراهەم بوو کــە بەڵێ منداڵانی بێ ســەرپەرشتی کۆمەڵگاکەمان پێویســتەکی زۆریان بە پڕکردنەوەی بۆشــاییە کۆمەڵایەتی و دەروونی و حەز و ئارەزوەکانی ژیانیان هەیە ، وە پێویستان بە گۆڕی



## گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو :

توێژینەوەی ( کوێستان عبدوللە) بە ناو نیشانی ڕەوشی چاودێری کۆمەڵایەتی نەوجەوانان
ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە
١-خستنەڕووی ڕەوشی چاودێری نەوجەوانان لە خانەیەکانی نەوجەوانان لە دیی خودی نەوجەوانانەوە لە کەمو کوڕی و گرفتەکان
٢- ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی دەرونی پزیشك و مامۆستاكان لە خانەكانی نەوجەوانان‌دا لە دیدی نەوجەوانانەوە
٣- پێشنیار و ڕاسپاردە چارەسەری گرفتیەکانی چاودێری نەوجەوانان
بەراوردی دەکەین بە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە کە بریتین لە
١- دیاریکردنی ڕۆڵی خێزانە جێگرەوەکان لە لەخۆگرتنی منداڵی بێ سەرپەرشت
٢- خستنەڕووی ئەو هۆکار و پاڵنەرانەی کە وادەکەن خێزانەکان منداڵی بێسەرپەرشت لەخۆبگرن
٣- خستنەڕووی ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانەی کە ڕوبەڕووی بێسەرپەرشتان ئەبنەوە لە خێزانی جێگرەوەدا

لێرەدا توێژەر تێبینی ئەوە دەکات کە ڕاستە بابەتەکان لەڕووی بابەتەوە لەیەوەکەوە نزیکن بەڵام لە ناوەڕۆکدا زۆر دوورن لە یەک و ئامانج و پرەنسیپیشیان جیاوازە
دەرئەنجامەکانی توێژینەوەی (کوێستان علی عبداللە)

## دەرئەنجامی توێژینەوەکە:

١- ڕێژەیەکی زۆر لە نەوجەوانان ڕەگەزی نێر ، هۆکاری ئەم جیاوازیەش لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا ، بۆ سروشتی دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتیەکان دەگەڕێیەوە ، کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە ، کە ڕەگەزی مێ کەمتر دەبرێتە ناو خانەکانەوە و زیاتر لە ناو خێزانەکان ، یان کەسوکاریاندا دەمێنێتەوە ڕێژەی زۆریان لە ناو شاردا نیشتەجێن.

٢- سەبارەت بە هۆکاری هاتنی نەوجەوانان بۆ ناو خانەکان لە نموونەی توێژینەوەکەدا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دایک و باوکیان یان جیا بونەوەی دایک و باوکیان لە خانەدا نیشتەجێن و نێردراون بۆ ناو خانەکان و کەس لە خۆیان ناگرن ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بونی ئاڵۆزیی پەیوەندییەکان و نەبوونی سۆز و خۆشەویستی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا و و نەبوونی هەستی بەزەیی لە نێوانیان دا ،سەرەڕای ئەمەش خراپی باری ئابوریش هۆکارێکی ترە بۆ ئەم حاڵەتە ،هەموو ئەمانەش لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە زۆرانەوە دروست بوون ،کە لە ماوەی چەند ساڵێکی ڕابردوودا هاتونەتە ئاراوە و کۆمەڵگای کوردیش ،کەوتووتە ژێر فشاری ئەو گۆڕانکارییانەوە ، کە هەمەلایەنن و بەسەر هەموو بەرنامە و پرۆگرامێکی ژیاندا هاتوون.

بەراوردی دەکەین بە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە کە بریتین لە
١- لە خانەی بێسەرپەرشتان تەمەنی ( ٠ - ٤) ڕێژەی نێر لە مێ زیاترە
٢- خێزانە داواکارەکان بۆ هەڵگرتنەوە منداڵێکی بێسەرپەرشت پێویستیان بە چەند هۆکار و پاڵنەرێکە لەوانە: منداڵ نەبوون - حەزی بەخێوکردنی منداڵێك - ویستی چاکەکردن ...هتد

توێژەر لێرەدا تێبینی ئەوە دەکات دەرئەنجامی یەکەم لە هەردوو توێژینەوەکەدا بەرادەیەکی زۆر لەیەک دەچن کە ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتیەکانی تایبەت بە ناوچەکە وە لە دەرئەنجامی دووەمی هەردوو توێژینەوەکەدا هیچ لێکچواندنێک نیە و جیاوازن لەیەک

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

## بەشی دووەم

### باسی یەکەم/
یەکەم: گرنگیەکانی هەبوونی خێزان و خێزانی جێگرەوە
دووەم: تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ بێسەرپەرشتان

### باسی دووەم/
یەکەم: ئەو هۆکارو پاڵنەرانەی کە وادەکەن خێزانێک منداڵێکی بێ سەرپەرشت لەخۆبگرێت
دووەم: کێشەکانی پەروەردەکردنی منداڵی بێ سەرپەرشت لە دیدگای خێزانە جێگرەوەکان

### باسی سێیەم/
یەکەم: تیۆرەکانی هاوپەیوەند بە بێسەرپەرشتان و خێزانە داواکارەکان (جێگرەوە)
دووەم: قۆناغەکانی گێڕانەوەی ڕاستیەکان بۆ منداڵەکە

باسی یەکەم/

### یەکەم: گرنگیەکانی هەبوونی خێزان و خێزانی جێگرەوە:
خێزان یەکێکە لە گرنگترین دامەزراوەکانی کۆمەڵایەتیبوون کە کاریگەری لەسەر کەسایەتی منداڵ هەیە و کێبڕکێی لەگەڵدا ناکات. دامەزراوەیەکی دیکە لەم بوارەدا خێزانە کە ژیانی خێزانی بەرزترین و داهێنەرترین بەرهەمی شارستانییەتە، هەروەها گەورەترین دامەزراوەشە لە پەروەردە کردنی منداڵدا لە ڕووی ئەخلاق و ئاکارەوە، جگە لە چەند هۆکاری زۆر پێویست نەبێ نابێت منداڵ لێی بێبەش بکرێت، بەو پێیەی هیچ دامەزراوەیەکی دیکە نییە کە بتوانێت قەرەبووی منداڵەکە بکاتەوە لە ڕووی خێزانەکەی و پێداویستی دەروونیی و کۆمەڵایەتی وەک پێویستی سەربەخۆیی و پێویستی ئاسایش. ئەوانەی ئارەزووی خوێندن و گرنگیدان بە منداڵ دەکەن پێیان وایە ئەو کاتەی منداڵ لە خێزاندا بەسەری دەبات قۆناغێکی گرنگە کە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر ژیانی دەروونی و کۆمەڵایەتی منداڵ هەیە و کاریگەرییەکەی لە قۆناغەکانی دواتری گەشەکردنی (هەرزەکاریدا) بەردەوام دەبێت هەروەها گەورەیی و گەنجی. (السواهری، ٢٠٠٩: ل١١-١٢)
بەرپرسیارێتی چاودێریکردنی ئەو منداڵە هەتیوانەی کە لە چاودێری دایک و باوک بێبەش بوون دەکەوێتە ئەستۆی کۆمەڵگا لەگەڵ هەموو دامەزراوەکانیدا، سیستەمێکی یەکگرتووە کە چەندین خزمەتگوزاری لەخۆدەگرێت دەوڵەت پێشکەشی منداڵەکانی دەکات، وەک چاودێری تەندروستی، پەروەردەیی، کولتووری و دامەزراوەیی بۆیە هەر کەموکورییەک لە شێوازی چاودێریکردنی منداڵانی بێ باوکدا بێت ڕەنگە لەگەڵ چەندین کێشەی پەیوەست بە تەندروستی، پەروەردە و ڕەفتاردا بێت، تووشی لادان و توندڕەوی دەبێت. (ئەلحەق، ٢٠٠٥: ل٣)
هەموو سیفاتە خراپەکانی وەک (نادادپەروەری و چەوساندنەوە و پشتگوێخستن و تێکچوونی دەروونی و کۆمەڵایەتی) کە بە هۆی نەبوونی دایک و باوک ڕۆحی منداڵانی بێ باوک داگیر دەکەن، پێدەچێت ئەم سیفاتانە بمێننەوە و بەردەوام بن تا ئەو کاتەی کە کەمو کوری یان پشتگوێخستن لە چاودێریکردنیان و خزمەتگوزارییەکان هەبێت ،وەک ئەو ئەزموونە کەڵەکەبووانەی کە منداڵانی ئەم قۆناغە پێیدا تێپەڕیون، بە تایبەت لە ماڵە نیشتەجێبوونەکاندا، ڕەنگە کێشەکانی هەتیوبوون زیاتر بکات، لەوانەیە بۆی پشتڕاست بکاتەوە کە کەسێکی جیاوازە و قەدەر و باروودۆخی جیاوازە، بەهۆی نەبوونی ئەمنی دەروونی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا لە دامەزراوە پەناگەییەکانەوە دەست پێدەکات، ڕەنگە بە جۆرێکی تر بەشداری بکات لە چارەسەرکردنی کێشەکانی، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕەنگە هاوبەش بێت لە خراپتربوون و ئاڵۆزییەکانیان کاتێک کەموکورتی هەبوو لە چاودێری کردنیان. (الرشید، ٢٠٠٧: ل١٣)

سـەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانەی کە کرێکارانی ژن و پیاو لە دامەزراوەکانی داڵدەدان دەیدەن بۆ گەشـەکردنی منداڵێکی بێ باوک هێشـتا ئەم هەوڵانە بەس نیـن بەهۆی زۆر گرنگیدانی ئەم ناوەندە داڵدەدانانە بۆ لایەنی ماددی و کات بەسـەربردن زیاتر لە گرنگیدانیان بە لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی، ئەمەش لە زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکاندا پێداچوونەوەی بۆ کراوە وەک لێکۆڵینەوەکەی الحجاجی (٢٠١٣) و توێژینەوەکە حوزەیرانی ٢٠١٧، گۆڤاری زانکۆی شـارجە بۆ زانسـتە مرۆییەکان و زانسـتە کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ١٤، ژمارە یەکەم. (ئەلسەهلی، ٢٠٠٣)

## دووەم: تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ بێ سەرپەرشتان:

ئەو کەسانەی کە بێ سەرپەرشتن بەدەست دژایەتی خێزان و کۆمەڵگاوە داناڵێنن سەبارەت بە پڕۆسەی هاوسەرگیریان، وە کاتێک سەیری تێڕوانینی کۆمەڵگا دەکرێت بۆ کەسانی بێ سەرپەرشت دەبینیت بە چوار شێوە سەیر دەکرێن:

**تێڕوانینـی ئەرێنی/** دایک و باوکەکە هەسـت دەکەن کە منداڵەکە بێ سەرپەرشـتەو پێویسـتی بـە چاودێری کردن و یارمەتـی هەیە بەم جـۆرە یارمەتی منداڵەکە دەدەن و لەخۆی دەگرن ئەویش لە پێناو وەرگرتنی پاداشـت کە خوای گەورە و پێغەمبەرمان (د.خ)دەفەرموێت (ئەو کەسـێک یارمەتی هەتیوێک دەدات بەم شـێوەیە دەبێت لەگەڵ من لە بەهەشـتدا ئاماژەی بە پەنجەی ئاماژەی و ناوەڕاستی کرد و کەمێک جیای کردەوە) (صحيح بوخاری) فەرموودەی ژمارە(٥٣٠٤) کە ئەمەش یەکێکـە لـەو هۆکارانەی کـە خێزانەکان هان دەدات بـۆ هەڵگرتنەوەی منداڵیکی بێ سەرپەرشـت، وە دەبێـت ئەو خێزانە بەباشی مامەڵە لەگەڵ منداڵەکە بکەن بیپارێزن و کەمتەرخەم نەبن لە بەرامبەریدا، بە لەبەرچاو کردنی ئەوەی لە شەریعەتی ئیسـلامدا هاتـووە پشتڕاسـت کراوەتـەوە کـە منداڵەکە تاوانبـار نیە بۆ ئەو چارەنوسـەی کـە هەیەتی وە خـودای گەورە دەفەرموێت( بۆ هیچ ئادەمیزادێک نیە پاداشتی کردەوەی خۆی نەبێ، ئەو کارانە نەبێت کە پێشتر خۆی هەوڵی بۆی داوە و کردویەتـی، وە بێگومـان هـەوڵ کارەکەی لەدوایدا لـە تەرازوەکەیدا دەبینێت، پاشـان بەپێی ئەوە پاداشـت دەدرێتەوە بە تەواترینی پاداشـت واتە هیچی لێ کەم ناکرێتەوە هەر بەپێی جۆری کردەوەکەی خۆی پاداشـت دەدرێتەوە.(هانی جرجس، ٢٠١٧م، ص٢٨١)

**تێڕوانینـی نەرێنی/** ئـەم تێڕوانینە لە کۆمەڵـگادا بوونی هەیە و بـە ڕوانگەیەکی کەمتەرخەمەوە سـەیری منداڵی بێ سەرپەرشت دەکرێت لەسەر بنەمای ئەوەی کە منداڵەکە بە ناشەرعی لەدایک بووە و نازانێت کێ دایک و باوکی خۆیەتی و یان بە وشەی نەگونجاو قێزەون بانگ دەکرێت لە کۆمەڵگادا وەک (منداڵە نایاساییەکە، منداڵە ناشەرعەیەکە یاخود **) کە ڕەنگە ئەم قسـانە بە دەنگێکـی بەرزەوە پێی بوترێت یاخود بە چپە لەناو یەکتریدا باسـی بکەن کە ئەمەش ئازاری منداڵەکە دەدات و بارگرانی لەسـەر دروسـت دەکات، وە ڕەنگە بەم قسانە منداڵەکە توشت نەخۆشـییە دەروونیە جیاوازەکان ببێت، ئارامی و ئاسایشـی لێ تێکبچێت و ژیانی تێکبدات، وە ئەم بۆچونانە زیاتر لەکاتی شـەڕ و ناکۆکیدا دەردەکەوێت بۆ نموونە ناکۆکی نێوان دوو هاوسەر کە یەکێکیان بێ سەرپەرشتە.(هانی جرجس، ٢٠١٧م، ص٢٨١)

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

**لەڕوانگەی یاساوە:** یاسا دانەری میسر ڕێبازی شەریعەتی ئیسلام پەیڕەو دەکات وە منداڵانی بێ سەرپەرشت دەتوانن هاوسەرگیری بکەن بێ هیچ بەربەستێک واتە ئەگەر منداڵە بێ اەرپەرشتەکە ویستی لە داهاتوودا هاوسەرگیری بکات لەگەڵ کەسێک ئەو کەسەش هیچ کێشەیەکی نەبێت و ڕازی ببێت ئەوا هیچ بەربەستێک نیە کە هاوسەگیریەکەیان هەر وەک لە فەرمودەیەکدا پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرموێت: (ئەگەر کەسێک پێشنیاری هاوسەرگیری بۆ کردیت و تۆ لە دین و ڕەوشتەکەی ڕازی بوویت، ئەوا هاوسەرگیری لەگەڵ بکە ئەگەر وانەکەیت ناکۆکی لەسەر زەوی دروست دەبێت و گەندەڵی بەربڵاو دەبێت) (فەرمودەی الترمزی) ژمارە (١٠٨٤) وە کەسانی بێ سەرپەرشت مافی هاوسەرگیریان هەیە چ لەگەڵ کەسانی هەمان پێگەی خۆیان یاخود کەسانی ئاسایی، یاسا جیاکاری نەکردوەو ڕێگریشی نەکردوە لە پێکهێنانی خێزان و هاوسەرگیریان تا ئەوکاتەی هاوسەرگیریەکە مەرج و بنەماکانی تێدابێ و دووربێ لە کەم کوڕی، یاسا ئاستەنگ و بەربەست ناخاتە بەردەم هاوسەرگیری کەسانی بێ سەرپەرشت چونکە هەر خودی پرۆسەکە ئاستەنگیەکی زۆری تێدایە بۆ منداڵە بێ سەرپەرشتەکە ئاستەنگەکانیش وەک لایەنی مادی و پیشەیی و ڕازیکردنی ڕەگەزی بەرامبەر بۆیە پێویستە ڕەزامەندی هەدوولای تێدابێ و بۆ پڕۆسەکە پێویستە زاڵبن بەسەر تێڕوانینی کۆمەڵگا.(هانی جرجس، ٢٠١٧م، ص٢٨١)

**لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە:** شەریعەتی ئیسلام بەهۆی ئەوەی ماف و دەسەڵاتی هەیە لە دەرکردنی فەتوادا، بۆیە سەبارەت بە میرات تیشکی خستۆتە سەر ڕەچەڵەک ئەمەش لەبەر ئەوەی ڕەچەڵەک ماف و ئەرکی تاکەکان دیاری دەکات لەناو خێزاندا، بۆیە ئەگەر کەسێکی دیکەیان بۆ زیادببێت ئەوا مافەکانیان کەم دەکات و دەستی بەسەردا دەگیرێت وەک (میرات) ئەمەش ڕق و کینە لەنێوانیاندا دروست دەکات پەیوەندیان دەپچڕێنێت، ئیسلامیش ئەمەی ناوێت بۆیە هەڵگرتنەوەی منداڵی بێ سەرپەرشت قدەغە دەکات لەبەر دادپەروەری واتە ئیسلام پێیوایە کە مرۆڤ بگەڕێندرێتەوە بۆلای خێزان و باوکی خۆی دادپەروەرانە ترە وەک لە باوکێکی جێگرەوە وە خوای گەورە دەفەرموێت (بە باوکە بانگی بکەن ئەو زیاتر دادپەروەرە لەبەرچاوی خودا) (سورەتی ئەحزاب: ئایەتی٥) بۆیە پێویستە منداڵەکان بدرێنەوە بەخێزانی ڕاستی خۆیان چونکە بەخێوکردن پەیوەندیەکی جدیەو لەسەر بنەمای درۆو فێڵ دروست نابێت، و منداڵی بێ سەرپەرشت پێویستی بە سۆز و خۆشەویستی دایک و باوکی ڕاستی خۆی هەیە. (هانی جرجس، ٢٠١٧م، ص٢٨٢)



## یەکەم: ئەو هۆکار و پاڵنەرانەی کە وادەکەن خێزانێک منداڵێکی بێ سەرپەرشت لەخۆبگرێت:

هەریەک لە حاڵەتەکانی بەخێوکردن هۆکارێک یان پاڵنەرێکی هەیە بۆی، بەڵام ئامانجی گشتی ئەم چالاکییە یان هەڵسوکەوتە بریتییە لە گەیشتن بە جۆرێک لە پاڵپشتی کۆمەڵایەتی و یارمەتیدانی ئەم چینە دابڕاوە لە کۆمەڵگادا بۆ تێپەڕاندنی هەلومەرج و کێشەکانیان و دەرفەتیان پێبدرێت تاکێکی چالاک بن لە کۆمەڵگادا هاوشێوەی هاوتەمەنەکانیان، و لەنێو ئەمانەدا هۆکار یان پاڵنەرەکان بریتین لە:

### ١/ منداڵنەبوون:

هەندێک خێزان بەهۆی هەندێک بارودۆخەوە ناتوانن منداڵیان هەبێت، ئەمەش وایان لێدەکات منداڵێکی ساوا لە خانەکانی هەتیو یان دامەزراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی بەخێو بکەن و ڕێژەکەیان لە نمونەکەدا گەیشتە (٦٠٪). ئەو هاوسەرانەی کە چێژ لە تەندروستی دەروونی و سۆزداری وەردەگرن، بە چەندین تایبەتمەندی دەناسرێنەوە کە ئەوانیش (توانای پاراستنی وزەی ئەرێنی (دڵخۆشی) و نەرمی و گەشبینی لە ژیاندا و گونجانی هاوسەرگیری و دەروونی و کۆمەڵایەتی) بەڵام هەندێک لە ژیانی هاوسەریاندابارودۆخی ژیانیان هەمیشە لە سترێس و دەرەوەی کۆنترۆڵی خۆیانە. ئەم تایبەتمەندیانە لەو هاوسەرانەدا دیارە کە بێبەشن لە توانای زاوزێکردن و بەرەو ڕێگایەکی تەندروست دەچن کە بەدواداچوون دەکەن بۆ گەیشتن بە خەونی دایک و باوکایەتی بە چاودێریکردنی منداڵێک کە بێبەشە لە چاودێری دایک و باوک و پەروەردەکردنی بۆیە ئەوان پەروەردەی دەکەن وەک چاکەیەک، ڕێگایەک دەگرنەبەر لە ژیاندا کە ڕێگەیان پێدەدات بەردەوام بن لە بەخشین و بەرهەمهێنان.و ڕازیبوون. هەروەها دەبنە نمونەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیان بە شێوەیەکی بنیاتنەر و ئامانجدار بۆ کەسانی دیکەی کۆمەڵگاکەیان . بۆیە ئەم هاوسەرانە دەتوانن بەشداری بکەن لە کەمکردنەوەی ئەو حاڵەتەی کە منداڵان بێبەش بوون لە هەبوونی خێزان و چاودێری کۆمەڵایەتی ، و کەمکردنەوەی ئەو فشارانەی کە لەسەر دامەزراوەکانی چاودێری هەیە چاودێری کۆمەڵایەتی هەڵدەستێت بە چاودێری کردنی منداڵەکە لەناو خێزانێکی جێگرەوەدا وەک و خێزانە سروشتیەکەی. (هانی جرجس، ٢٠١٧م، ص٢٥٧)

### ٢/ چاکەکردن:

ئەم جۆرە پاڵنەرە بە پەیوەست بە کولتوری کۆمەڵگا و بە ئەخلاق و بەهاکانی ئەو تاکەوە دادەنرێت کە بڕیاری بەخێوکردنی منداڵێکی هەتیو دەدات و هۆکارەکەی ئەم کارە دوورە لە بەدەستهێنانی هەندێک دەستکەوت یان بەرژەوەندی، بەڵکو تەنها بۆ چاکەکردن و ڕازیکردنی ویژدانە. هەندێک لە خێزانەکان لەبەر ئەوەی باوەڕیان بەوەیە کە پێویستە بە باشی و میهرابانی مامەڵە لەگەڵ منداڵی بێ باوک بکرێت، پەنا دەبەنە بەر یارمەتیدانی منداڵانی بێ باوک، کە یەکێکە لە گەورەترین کردەوەکانی نزیکبوونەوە لە خودا و جۆرێکی گەورەیە لە ڕاستودروستی، بەگوێرەی وتەی خودای گەورە: (ڕاستگۆیی ئەوە نییە کە ڕووتان بەرەو ڕۆژهەڵات و ئەو... ڕۆژئاوا، بەڵام ڕاستودروستی ئەوەیە کە باوەڕ بە خودا و ڕۆژی دوایی و فریشتەکان و کتێبی پیرۆز و پێغەمبەران هەیە، و پارە دەدات بە خەڵکی و خزم وەک خۆشەویستی بۆیان.) و هەتیوەکان و هەژاران و ڕێبوار، و سواڵکەرەکان، و بۆ ئازادکردنی کۆیلەکان، و نوێژ دەکات ودەبەخشێت، و ئەوانەی کە پەیمانەکەیان جێبەجێ دەکەن کاتێک بەڵێن دەدەن، و لە ناخۆشی و سەختی و لە کاتی تەنگانەدا سەبر دەگرن. ئەمانە ئەوانەن کە ڕاستو دروستن.) (سورەتی البقرة، ئایەتی ١٧٧)

پەروەردەی ئیسلامی هەڵدەستێت بەداینکردی سیستەم و ڕێبازێکی یەکگرتوو بۆ چاودێریکردنی هەتیوەکان/ئەوانەی کە خێزانەکانیان لەدەستداوە لە هەموو لایەنەکانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەخلاقیەوە. سیستەمی ئیسلانی هیچ شتێکی گەورە و بچووکی بەجێنەهێشت جگە لە ئەوەی ڕوونی کردوەوە بۆ ئەو کەسانەی کە بەرپرسیارن لە چاودێریکردنی ئەم هەتیوانە، بۆ ئەوەی بەختەوەرییان بکات لە دونیا و قیامەتدا، و بە ڕاستگۆیی پەروەردەیان بکات تا بەشداری بکەن لە بنیاتنانی... نەتەوە.، پاراستن و بەرگری لێکردن و بەشداریکردن لە بنیاتنانەوەی زەویدا، و جێنشین بوون تێیدا، کە هەوڵ و بیرۆکەکانیان ژیانی ئەوانی دیکە باشتر دەکات.(هانی جرجس، ٢٠١٧م، ص٢٥٨)

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

### ٣/ بێ توانایی لە بوونی منداڵێکی تر:

دوای لەدایکبوونی منداڵی یەکەم، ڕەنگە ئافرەت بیەوێت منداڵێکی دیکەی هەبێت، و بەزەحمەت ئەو کارە بکات، سەرەڕای ئەوەی دووگیانی بە منداڵی یەکەم بە ئاسـانی ڕوودەدات، بۆمان دەردەکەوێت کە هەندێک خێزان هەن بەهۆی بێتواناییان لە هەبوونی منداڵی دیکە ، دەیانەوێ خێزانەکەیان فراوان بێت و ئارەزووی هەڵگرتنەوەی منداڵێکی بێ سەرپەرشت دەکەن و دەیانەوێ وەک مناداڵی خۆیان پەروەردەی بکەن.(هانی جرجس، ٢٠١٧م، ص٢٥٩)

## دووەم: کێشەکانی پەروەردەکردنی منداڵی بێ سەرپەرشت:

خێزانـە جیگرەوەکان لـە پەروەردکردنی منداڵی بێ سەرپەرشـتدا هەندێک هەڵە دەکەن کە کاریگەری زۆری دەبێت لەسـەر منداڵەکە ئەوانیش:

### ١/ دوودڵی و ترسی زۆر:

ئەو دایک و باوکانەی کە لەمنداڵ بیبەشن زۆر جار نازی زۆر بە منداڵەکە دەدەن تا خۆشەویستی خۆیان بۆ منداڵەکە دەرببڕن کـە ئەمەش منداڵەکـە دەکاتە منداڵێکی خۆپەرسـت و خـۆ بەگەورەزان کـە دوورە لە هەڵگرتنی بەرپرسـیاریەتی، ترسـی بەردەوامیان بۆی وادەکات هەمیشـە بیپارێزن و چواردەوری بدەن بە یاسـا فەرمان کە ڕەنگـە وای لێبکات یاخی ببێت و لە زۆربەی بارودۆخەکان دژایەتیان بکات.

پێشـبینی دەکرێت کە قەیرانێکی دیکە لە داهاتوودا ڕووبدات ئەگـەر چیرۆکی هەڵگرتنەوەکە بە منداڵەکە نەوترێت لەکاتی خۆیدا وەک قەیرانی دروستکردنی ناسنامە.

لەهەموو حاڵەتەکاندا توێژەران پێیان وایە پڕۆسـەی پێکهێنانی شوناس لە لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر لە کلتورێکەوە بۆ کلتورێکی دیکە جیاوازە، شوناس لەئەنجامی هاوئاهەنگی تاک لەگەڵ ڕبردووی دروست دەبێت وەک ( ڕەگ و ڕیشـەی خێزانی ، ئەزمونەکانی منداڵی، لایەنـە جیاوازەکانی، خەون و ئاواتەکانی لە داهاتوودا) گەڕان بەدوای ناسـنامە پڕۆسەیەکی تەندروست و نەرم و نیان و داینامیکیە کە هەموو تاکێک ڕووبەڕووی دەبێتەوە، کە ئەمەش پابەند بوونە بە کۆمەڵێک بەهاو چەمک کە لەگەڵ مێژووی کەسی تاکەکەدا دەگونجێت و دەبێتە بنەما بۆ دروست بوونی داهاتوو. بۆیە بەکورتی دەتوانین بڵێین گەڕان بەدوای و ناسـنامەو پێکهێنانی ناسـنامە پڕۆسـەیەکی گەڕان و پابەند بوونە وەک پیاگێت دەڵێت ( تاقیکرنەوەی بەردوامی بیرۆکە نوێکان و شـیکردنەوەیان وە بەسـتنەوەیان بە ئەزموونی ڕابردووەوە بەڵگەیە لەسەر خۆشگوزەرانی فیکری و دەروونی کە تایبەتمەندیەکە وادەکات هزری مرۆڤ گەشەبکات بەدرێژای تەمەنی.

وە ئـەو کارەی کە هەرزەکار ئەنجامی دەدات بە بڕوای پیاگێت ڕەنگدانەوەی ویسـتی خۆیەتی وە دارشـتنی پلانێکی نوێ بۆ خۆی وە هەڵبژاردەی خۆی نەک گەورەکان وە ئەو پلانەش لە دەوری ئەو پرسیارە بنەڕەتیە دەسوڕێتەوە (من کێم؟) جگە لەو پرسـیارە زۆرانـەی کـە ئاراسـتەی داهاتـووی دەکات وەک (سـەرکەتن و شکسـت، خولیـا، پیشـەکەی، هاوسـەرگیری، بەرپرسیاریەتی، خێزان) وەڵامی ئەو پرسیارانە کاریگەری هەیە لەسەر ئەو کەسانەی کە لە چواردەوری هەرزەکارەکە دەژین وە لەگەڵ پێگەشـتنیدا چەمک و بنەماکانی دەگۆڕێت و ناسـنامەکەی زیاتر کاریگەری لەسەر دروست دەکات بۆ هەڵبژاردن و خواسـتەکانی لەسـەر پەروەردەو پیشـەکەی یـان ژیانی بەگشـتی وەک مەعلوف دەڵێت: (ناسـنامە مەلکەچـی گۆڕان و گۆڕانکاریەکانە بەهۆی ئەو کەسانوی کە کاریگەریان هەیە لەسەر تاکەکە) ١٩٩٩ لە کتێبی ناسنامە کوشندەکان

پێناسەی شـوناس بەمانا فەلسەفیەکەی بریتیە لەو کارەکتەرە یان جێ پەنجەیەکە کە تاکێک لەوانی دیکە جیادەکاتەوە کە بریتیە لە هەسـتی تاکایەتی، وە توانای پاراسـتنی بەهاو بنەماو ئەخلاق و ڕەفتاری خۆی هەیە لە بارودۆخە جیاوازەکاندا، زۆر لێکۆڵینەوەی لەسـەر کراوە یەکێک لەوانە زانستی کۆمەڵایەتیە، هەوڵ دەدات وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە (شوناس چیە؟ )وە هەوڵ دەدات ئەو تایبەتمەندیە سەرەکیانەی کە ناسنامەی مرۆڤ پێکدەهێنێت دیاریان بکات، وە هەروەوەها ئەم لێکۆڵینەوەیـە کاریگەری هەبووە لەسـەر سـەرهەڵدانی کۆمەڵێک چەمـک و زاراوە لەوانە (قەیرانی ناسـنامە، پەیوەندی شوناس بەو وێنە کۆنەپەرستیەی لەبارەی گەلێکەوە وەرگیراوە) (هانی جرجس،٢٠١٧م،ص٢٨٠

## ٢/ ململانێی شوناس:

قۆناغی هەرزەکاری چەند سادەیە ئەوەندەش ئاڵۆزە، هەر ئەوکاتەی کە هەرزەکارێک لە منداڵی دەردەچێت بەدوای کەسایەتی خۆیدا دەگەڕێت و لسایی ئەوانە دەکاتەوە کە لەخۆی گەورەترن و واهەست دەکات تەمەنی گەنجە یان پیاوە، وەلەو تەمەنەدا هەرزەکار کەسێکی ئینکارە وە سەرلێشێواوە وە کەسایەتیەکی دوودڵی هەیە، و بیرۆکەو تواناکانی لە کەسانی دیکە وەردەگرێت وە هەست بە نامۆبوون و سەرلێشێواوی دەکات لە بەرامبەر ئەوانەی کە لەخۆی بچوکترن و ئەوانەشی گەورەترن، بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕێت کە کەسایەتی و ناسنامەی خۆی دروست بکات وە هەر خۆشی لەو تەمەنەدا بە قۆناغێکدا تێدەپەڕێت کە ئاشنادەبێت بە جەستەیی وە ئاشنا دەبێت بە نهێنیەکانی ڕەگەزی بەرامبەر کە ڕەنگە بە وەرچەرخانێکی مەترسیداردا تێپەڕێت، وە بەدەست ناسین یاخود نەناسینی خۆی دەناڵێنێت و هەست بە ون بوون و وابەستەبوون بێ ئاگای دەکات لەوەی کە پێویستە چی بکات و باوەڕی بە چی بێت کە ئەمەش نیشانەیەکە نیشانەیەکە لە گەشەکردن و دیاریکرنی شوناس و ناسنامەی خۆی، بۆیە دەڵێین ئەگەر هەرزەکارێکی ئاسایی بەهەندێک کێشەوە بەم قەیرانانەوە تێپەڕێت ئەوە بۆمان دەردەکەوێت بێ سەرپەرشتێک لەو قۆناغەدا زۆر ئازار دەکێشێت چونکە نازانێت کێ خێزانی ڕاستی خۆیەتی و دایک و باوکی کێن لەکاتێکدا دەبینێت هاوتەمەنەکانی خۆی ناو ناسنامەو خێزانەکانیان دیارە وە هەست دەکات کە زەوی لەژێر قاچی نوقم دەبێتو دەڕوخێت وە زەمینەیەکی پتەو نیە لەسەری بوەستێت و خۆی وەک بینایەک دەبینێت کە بناغەی نیە، هەرزەکارێکی بێ سەرپەرشت لەوانەیە تا ڕادەیەکی زیاتر لەچاو هاوتەمەنەکانی توشی کێشەی ڕەفتاری و دەروونی ببێت، لەوانەیە پرسیاری دایک و باوکی ڕەسەنی خۆی بکات، ئەم پرسیارانە سەبارەت بە ناسنامەو خێزانی ڕاستی خۆی تا تەمەنی گەورەیی بەردەوام دەبێت، وە ئەگەر جیاوازی بایۆلۆژی لە ڕواڵەتدا لەنێوانیاندا هەبێت ئەوا زوتر هەست بەخۆی دەکات و پرسیاری دایک و باوکیان دەکەن و پرسیاری ئەوە دەکەن کە خێزانەکانیان چۆن توانیویانە دەستبەرداریان ببن، وە هەست دەکات لە پەیوەندیەکی هەڵەدا لەدایک بووە و هەستی توڕەی و ڕق سوکایەتی و سەرزەنشت و ناڕەزایی تێیدا سەرهەڵدەدات، کەسێک کە بەدەست نەبوونی ناسنامەوە و شوناسەوە دەناڵێنێت دیدێکی ڕوونی بۆخۆی نیە و بەهۆیەوە ناتوانێت پەیوەندیەکی باش و تەندروست لەگەڵ خۆی و دەوروبەرەکەیدا دروست بکات بێ ئامانج و سەرگەردان دەمێنێتەوە وە یەکێک لەو شتانەی ژیانی مرۆڤ بەفیڕۆ دەدات ئەوەیەکە لە ڕابردوودا بژی یاخود هەمیشە لەخەمی داهاتوودا بێت بۆیە باشترین شتێک کە مرۆڤ لەدەستی بێت بۆخۆی ئەوەیە کە لە ئێستادا بژی وە لەگەڵ ئازارەکانی ڕابردووی نەژی و خەمی ڕابردووی نەبێت.(هانی جرجس، ٢٠١٧م، ص٢٧٨)

## سێیەم: تیۆرەکانی هاوپەیوەند بە بێسەرپەرشتان و خێزانە داواکارەکان (جێگرەوەکان)

## ١/ تیۆری ئاڵوگۆڕ:

مرۆڤ لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا هەوڵ دەدات خۆی لە هەڵسو کەوتێک بەدوور بگرێت کە سوودی بۆی نەبێت تیۆری ئاڵوگۆڕیش لەسەر بنەمای بەخشینی سود و گەڕاندنەوەی سودەکە دامەزراوە، ئەم تیۆرە وا گیریمانە دەکات لەهەموو پەیوەندیەکدا لەگەڵ کەسێک هەندێک وەرگرتنی سوود بەخشینی سوودی تێدایە کە هەر لایەنێکیان هەوڵ دەدات زۆرترین سوود بۆخۆی بێت، بۆیە ئەم تیۆرە دەڵێت تاکەکان لە پەیوەندیەکی ئاڵوگۆڕدا ئەو سوودە هەڵدەسەنگێنن کە لە پەیوەندیەکەدا دەستیان دەکەوێت وە دەشیبەخشن بە بەرامبەریان جا ئەو سودە مادی بێت یان نامادی وە لەهەمان کاتدا پێشبینی وەرگرتنەوەی ئەو سوودە دەکەنەوە، تیۆرەکە وا گیریمانە دەکات کە پەیوەندیەکە پێکدێت لەکارلێکی نێوان دوو کەس یان زیاتر کە ئەو سود و پاداشتانەی لە پەیوەندیەکەدا ڕووی داوە ئاڵوگۆڕی دەکەنەوە وەک (هەست و سۆز ، ناوبانگ، دەسەڵات.....هتد) کە ئەمەش بەپێی جۆری پەیوەندیەکە دیاری دەکرێت، بۆیە لە ئەنجامدا دەڵێین ئاڵوگۆڕ بەشێوەیەکی گشتی واتە کاتێک تاکێک لە پەیوەندیەکدا یارمەتی پێشکەش بە کەسی بەرامبەر دەکات هیواداره کاتێک کەخۆشی پێوستی بوو یارمەتی بدرێتەوە.(هانی جرجس، ٢٠١٧م، ص٢٣٨)

تیۆری ئاڵوگۆڕ تیۆرێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و دیدێکی کۆمەڵایەتیە کە گۆڕانکاری سەقامگیری وەک پرۆسەیەکی ئاڵوگۆڕی نێوان لایەنە جیاوازەکان ڕوون دەکاتەوە، کە مەبەست لێی منداڵی بێ سەرپەرشت و خێزانی جێگرەوەیە، لەبەر ئەوەی ژیان خۆی زنجیرەکە هەڵبژاردنی جیاوازە وە کارلێکی مرۆڤەکان لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕکردنە کەواتە ئاڵگۆڕی پەیوەندیی منداڵی بێ سەرپەرشت و خێزانی جێگرەوە بەم جۆرەیە کە منداڵەکە پێویستی بە خێزان هەیە بۆ پاراستن و پەروەردەکردن و چاودێریکردن و جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی، بۆ خێزانەکە وەرگرتنی پاداشتێک (کە ڕەنگە مەبەستێکی ئاینی لەپشت بێت یاخود بۆ داهاتوو کە پیربوون منداڵەکە ببێتە گۆچانی دەستیان) و پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکانیان و دڵخۆشی خۆیان یاخود زیادکردنی منداڵەکانیان، بۆیە لێرەوە دەتوانرێت لەخۆ گرتنی منداڵی بێ سەرپەرشت بە پرسێک هەژمار بکرێت ئامانجی ئەوەبێت ئەو خێزانانەی کە بێبەشن لە هەبوونی منداڵ یان ئەو خێزانانەی کە ئەیانەوێ ببنە خێزانی جێگرەوە بۆ ئەو منداڵانەی کە بێ سەرپەرشتن وە بتوانن پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکەن و ژینگەیەکیان بۆ دابین بکەن کە نزیک بێت لە ژینگەی ئاسایی خێزان.
(هانی جرجس، ٢٠١٧، م،ص، ٢٣٨)

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

## ٢/ تیۆری ڕۆڵ:

ڕۆڵەکە نوێنەرایەتی لایەنی داینامیکی دۆخی کۆمەڵایەتی دەکات و سەرنج دەخاتە سەر ماف و ئەرکەکان، ئەم تیۆرە دەڵێت کە مرۆڤەکان لە پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان شوێنیان داگیرکردوە وە هەروەها هەر ڕۆڵێک پەیوەستە بە دۆخەکەیەوە ڕۆڵەکەش بە ڕەفتاری پەیوەست بە پێگەکەیەوە دادەنرێت، هەروەها تیۆرەکە پێشنیاری ئەوە دەکات کە پێویستە ڕۆڵەکان هەڵبسەنگێرێن و دابنرێن بەپێی ژینگەو پەروەردەکردنیان کە دەتوانرێت بەم جۆرە پێناسی ڕۆڵەکانیان بکرێت، وە پێویستە تاکەکان ئامادە بکرێن بۆ ڕۆڵی داهاتوویان تا ببنە ئەندامێکی چالاک لە کۆمەڵگادا، وە هەروەها ئەو بەها کۆمەڵایەتی و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیانەی کە لە کۆمەڵگادا زاڵن دەبنە هۆی بەدەست هێنانی هاو ئاهەنگی لەنێوان تاکەکاندا بۆ دیاری کردنی ڕۆڵەکانیان، پڕۆسەی پەروەردەکردن لەسەر بنەمای کارلێکی کۆمەڵایەتی ئامانجی ئەوەیە تاکە کەس (منداڵ، هەرزەکار، گەنج، بەتەمەن) ئەو ڕەفتارانەی ئەنجامی دەدات لەگەڵ ڕۆڵەکەی بگونجێت کە ئەمەش وای لێدەکات لەگەڵ کۆمەڵگادا بگونجێت، بەو پێیەی پڕۆسەی بە کۆمەڵایەتیبوون پڕۆسەیەکی فێربوونە، ئەویش وەک هەموو پڕۆسەکانی فێربوون زۆرترین کاریگەری دەبێت ئەگەر لەسەرەتای منداڵیدا کاری لەسەر بکرێت و فێر بکرێت، بەهۆی ئەوەی کە منداڵەکە لەم تەمەنەدا توانای فێربوون سەقامگیری و کەسایەتی تێیدا دروست دەبێت وە زۆر لایەنیش بەشدارن لەم پڕۆسەیەدا ئەوانیش( خێزان، هاوڕێ، قوتابخانە... هتد) بەڵام گرنگترینیان بێگوومان خێزانە وە پاڵپشتە بۆ چەندین ساڵ لەژیانیدا وە دەستێکی باڵای هەیە لە بنیادنانی کەسایەتی ئەویش بەگوێرەی کلتور و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا، دەوڵەتی میسر بە باوەڕبوون بەو ڕۆڵەی کە بۆ خێزانی دیاریکردووە بەرامبەر بە منداڵ لەساڵی ١٩٥٩ هەنگاوی نا بۆ پەسەند کردنی سیستەمی خێزانی جێگرەوە کە ئامانجی دابین کردنی ژینگەیەکی خێزانی گونجاوە بۆ منداڵە پارسنۆس پێنج میکانیزمی دەستنیشان کردوە کە جیاوازن بەڵام پێکەوە گرێ دراون بۆ ڕوونکردنەوەی پڕۆسەی بەکۆمەڵایەتی بوون ئەم میکانیزمانە بریتین لە ( تەقلیدکردنەوە(لاسایکردنەوە)، گۆڕانکاری، ناسنامە، بەهێزکردن، ناسینەوە) منداڵی بێ سەرپەرشت بە هەموو قۆناغەکانی ئەم میکانیزمە تێدەپەڕێ لەناو خێزانی جێگرەوەدا، منداڵەکە دەست دەکات بە چەسپاندن و دەرکەوتنی ڕەفتارو دواتر وازهێنان لە دەرکەوتنی هەندێک ڕەفتاری دیکە لە خێزانە جێگرەوەکەدا، وە ئاڕاستە دەکرێت بۆ بابەتی نوێ بە ڕەزامەندی خۆی تا ئاشنای ژینگە نوێکەی دەبێت ئەویش لەڕێگای پڕۆسەی لاسایکردنەوە کە ئەویش بەندە بە کلتور و لێهاتووی لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، بۆیە خێزانی جێگرەوە مۆدێلێکی ئایدیاڵە واتە بیرۆکەیەکی تازەیەکە بۆ منداڵی بێ سەرپەرشت تا تێیدا گەورەببن و پەروەردە بکرێن و پێداویستیەکانیان جێبەجێ بکرێت، وە ئەو پەروەردەیەی دەکرێن یارمەتی بنیادنانی کەسایەتی دەدات کە بەهێزبێت لە وەرگرتنی ڕۆڵی خۆی وەک تاکێک و هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی. (هانی جرجس،٢٠١٧م،ص٢٣٩).



باسی سێیەم/ قۆناغەکانی گێڕانەوەی ڕاستیەکان بۆ منداڵەکە:

پەیوەستە بە سێ قۆناغی بنەڕەتی:

## ١/ تەمەنی منداڵەکە کاتێک پێی دەوترێت کە منداڵی ئرو خێزانە نیە:

تەمەنی چوار ساڵی کاتێکی گونجاوە بۆ ئاگادارکردنەوەی منداڵەکە لە ڕاستیەکان چونکە تەمەنی باخچەی ساوایانە بۆیە دەبێت لەکاتی ئاگادارکردنەوەی منداڵەکە ڕەچاوی ڕەهەندی دەروونی منداڵەکە بکرێت بەتایبەت کاتێک منداڵەکە ڕووبەڕووی پرسیار گەلێک دەبێتەوە لە ڕاستی خۆی و ناو ناسنامەی، کە ڕەنگە ئەمە کێشەی بۆ دروست بکات ئەگەر گەورەتربێت، بۆیە تەمەنی چوارساڵی بە کاتێکی گونجاو دادەنرێت بەو مەرجەی کە منداڵەکە ئاستی تێگەشتنی لەلایەن دایک و باوکەکە بخەمڵێندرێت تا بتوانن بەپێی ئاستی تێگەشتنی منداڵەکە زانیاریەکان بدرکێنن، کە ئەمەش لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی دیکە جیاوازە، لە هەر حاڵەتێکدا نابێت ئەم بابەتە دوابخرێت و بگاتە تەمەنی هەرزەکاری چونکە لە هەرزەکاریدا کەسەکە توشی قەیرانی ناسنامە دەبێت، بۆیە ئەگەر پێشوەختە ئاگادارنەکرێتەوە ئەوا بەردەوام لەو تەمەنەدا پرسیار لە خۆی و چواردەوری دەکات کە خۆی کێیەو دایک و باوکی کێن و بەردەوام هەوڵی دۆزینەوەیان دەدات ، بۆیە پێویستە پێشوەختە ئاگادار بکرێتەوە تا لە تەمەنی هەرزەکاریدا ڕووبەڕووی ئەم کێشانە نەبنەوە، و ناسنامەی بۆ دەربهێنرێت چونکە ناسنامە یەکێکە لە دەسکەوتە هەرە گرنگەکانی تاک لە تەمەنی هەرزەکاریدا. (هانی جرجس، ٢٠١٧م،ص٢٧٠)

## ٢/ کێ بە منداڵەکە دەڵێت؟

سەبارەت بەو پرسەی کە پێویستە کێ بە منداڵەکە بڵێت ئەوا واباشترە منداڵەکە لە دایک و باوکی جێگرەوەیە ئاگادار بکرێتەوە نەک لە کەسانی دیکە وەک ( هاوڕێ و مامۆستا و خزمەکانی) بۆ ئەوەی منداڵەکە متمانەی بە دایک و باوکی بمێنێت و جگە لەوەش ئەگەر لەلایەن دایک و باوکیەوە ئاگادار بکرێتەوە ئەوا متمانەو ڕوون و ئاشکرایی نێوانیان زیاد دەبێت، بەڵام هەندێکجار کەسانی دیکە منداڵەکە ئاگادار دەکەنەوە وەک ( مام یان خاڵ) ئەمەش وا دەکات پەیوەندی منداڵەکەو دایک و باوکەکە درزی تێبکەوێت، لەبەر ئەوەی واهەست بکات کە شتی دیکەشی لێ دەشارنەوە، وە پێویستە دایک و باوکەکە بۆ منداڵەکەی ڕوون بکەنەوە کە چۆن لەخۆیان گرتووە.

(هانی جرجس، ٢٠١٧م، ص٢٧٠-٢٧١)

## ٣/ چۆن ڕاستی بارودۆخەکە بۆ منداڵەکە ڕوون دەکەنەوە؟

پسپۆڕانی چاودێری کۆمەڵایەتی بەتایبەت وەڵامی ئەم بابەتە دەدەنەوە ئەویش بە پێشکەشکردنی کۆمەڵێک ڕێنمای بەم جۆرەی خوارەوە:

پێویستە منداڵەکە لەباوەش بیگرێت و ئامادەبکرێت بۆ قسەکان مەبەستمان لە ئامادەکردنی منداڵەکە ئەوەیە کە لە تەمەنێکی منداڵیەوە لەڕێگەی چیرۆک و یاری کردن و وێنە کێشان و یان پیشاندانی فلمێک یاخود کارتۆنێک و پاشان وردە وردە لە بابەتەکە ئاگادار بکرێتەوەو نەک هەمووی بە یەکجارو بە ناڕوونی بۆ باسبکرێت بێ گوێدانە تەمەنی منداڵەکە وە پاش ئاگادارکردنەوەی پێویستە چاوەڕێ بکەن تا کاردانەوەی دەبێت، یاخود بە جۆرێکی دیکە ئامادە بکرێت ئەویش لەڕێگای ئەو بیرۆکەیەی کە چۆن منداڵ یەتە دوونیاو و ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە چۆن دایکان منداڵەکان لە سکیاندا هەڵدەگرن و پیشاندانی چەن نمونەیەکی دایکانی دووگیان بە وێنە یاخود سوود لە چیرۆکەکانی دوونیای ئاژەڵان وەربگرێت یاخود سود لە چیرۆکە قورئانیەکان وەربگرێت وەک چیرۆکەکەی پێغەمبەر موسا لە ئایەتی (٧) سورەتی(قەسەسدا) ئاماژەی پێکراوە (دایکی موسامان تێگەیاند کە شیربدات بە موساو وە هەرکاتێک ترسای کە پێی بزانن ئەوکاتە فڕەیدە ناو دەریای نیلەوە و جا هیچ مەترسە و خەمیش مەخۆ چونکە بەڕاستی ئێمە دەیگەڕێنیەوە بۆلات و دەیکەین بە یەکێک لە پێغەمبەران) ( تەفسیری تەوحید) وە پێویستە دایک و باوکەکە خۆیان ئامادە بکەن تا چیرۆکی خۆیان بگێڕنەوە، کە چۆن منداڵەکەیان لەخۆ گرتوە ئەویش بە هەڵگرتنی تۆماری دەنگی یاخود وێنەو ڤیدیۆی منداڵەکە وە ئەوکاتەی چونەتە دامەزراوەکە بۆ هەڵگرتنەوەی منداڵەکە، وە ئاهەنگ گێڕان بۆ هەڵگرتنەوەی منداڵەکە جگە لەو وێنانەی کە قۆناغ بە قۆناغی گەورەبوون دەگیرێت، وە پێویستە دایک و باوکەکە گرنگی بە ڕەفتاری ناڕاستەوخۆی منداڵەکە بدەن لەکاتی گێڕانەوەی چیرۆکی لە خۆگرتنی منداڵەکە، چونکە منداڵ زیرەکەو زوو هەست بە نیشانەی گرژی و ناڕەحەتی دەکات کەئەمەش وادەکات منداڵەکە بێتاقەتت ببێت بە گفتوگۆکە، بۆیە پێویستە بە تۆن و دەنگێکی نەرم و گونجاو گفتوگۆ بکەن، و بە گرنگیەوە وشەو دەستەواژەکان هەڵبژێرن.

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

ج- کارێکی بەسوودە ئەگەر دایک و باوکەکە کتێبێکی تایبەت بە چاودێری کردنی منداڵێکی بێ سەرپەرشت بخوێننەوە لە خێزانێکی جێگرەوەدا وە سەیری ماڵپەڕە پەیوەندی دارەکان بکەن، چونکە ئەم سەرچاوانە زانیاری دایک و باوکەکە دەوڵەمەند دەکات بیرۆکەی جۆراو جۆریان پێ دەبەخشێت بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی لەخۆگرتنی منداڵەکە.

د- ڕەنگە گونجاوبێت کە پەیوەندی بەو خێزانانەوە بکرێت کە پێشتر ئەزمونێکی هاوشێوەیان کردوە، وە دەتوانرێت ناونیشانەکەیان لە لە دامەزراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی وەبگیرێت بۆ هاوبەشکردنی ئەزموونەکانیان و ئاڵوگۆڕی زانیاری.

هـ- ئەگەر دایک و باوکەکە هەستیان کرد کە گێڕانەوەی چیرۆکی لەخۆ گرتنی منداڵەکە کەمێک زەحمەتە بۆ منداڵەکە ئەوا پێویستە ڕاوێژ بە پسپۆڕێکی دەروونناسی یاخود دەروونی یان خێزانی بکرێت بۆ ئەوەی هاوریان بکات تا بگەنە ئەو ئامانجەی مەبەستیانە کە ئەویش ئاگادارکردنەوەی منداڵەکەو مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخەکەو هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی دەرەنجامەکان.

دایک و باوک پێویستە سەبر بگرن چونکە دوای ئەوەی کە چیرۆکی لەخۆگرتنەکە باسدەکرێت بۆ منداڵەکە ئەوا پرسیاری زۆر دەکات بۆ تێگەشتن لە دۆخەکە بۆیە ڕەنگە دایک و باوکەکە ناچاربن چەندین جار وەڵامی هەمان پرسیار بدەنەوە بۆیە پێویستە بەسەبرو لێبوردەبن نەک بێزاربن.

لەخۆگرتن هەنگاوێکی ئەرێنیە بۆ ئەو خێزانانەی کە توانای منداڵبوونیان نیە هەروەها بۆ ئەو منداڵانەی دەژین لە دامودەزگا و خانەکاندا وە ئەمە ڕاستیەکە کە منداڵ پێویستی بە خۆشەویستی و خەمخۆری دایک و باوکی هەیە وە ئەمەش بەسە بۆ ئەوەی هەڵگرتنەوەکەی قبوڵ بکات وە خێزان شتێکی گەورەیە بۆ ئەو لە بری ئەوەی بەدرێژایی تەمەنی لە خانەکەدا بمێنێتەوە.(هانی جرجس، ٢٠١٧م، ص٢٧١)



دەروازەی دووەم
لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

بەشی سێیەم
باسی یەکەم/
یەکەم: میتۆدەکانی توێژینەوەکە
دووەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە
سێیەم: نموونەی توێژینەوەکە
چوارەم: سنورەکانی توێژینەوەکە
پێنجەم: کەرەستەکانی توێژینەوەکە و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریەکان

باسی دووەم/
یەکەم/ ڕێژەی بێسەرپەرشتان لە سەرجەم خانەکانی سلێمانی و خێزانی جێگرەوەدا
دووەم/ خستنەڕووی زانیاریەکان و گفتوگۆکردنیان
سێیەم/ شیکردنەوەی توێژەر بۆ کەیسەکان

باسی سێیەم/
یەکەم: دەرئەنجام
دووەم: ڕاسپاردە
سێیەم: پێشنیار



hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

## بەشی سێیەم

### باسی یەکەم: میتۆدەکان و هەنگاوە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە

### یەکەم/ میتۆدی توێژینەوەکە:

میتۆد ئەورێگەیەیە کە دەتگەیەنێ بە ڕاستەقینەی زانستەکان ئەویش بەهۆی کۆمەڵە یاسایەکی گشتیەوە کە هەژمونیان بەسەر ڕەوشی عەقڵەوە هەیە و کردەکانی دەستنیشاندەکەن تاکو عەقڵی مرۆڤ دەگاتە دەرەنجامێکی زانراو. (فەیزوڵڵا، ٢٠١٦ : ٣٦)

یاخود میتۆد ئەو ڕێگاو شێوازەیە کە توێژەر بەکاریدەهێنێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان و پۆلێنکردن و ڕاڤەکردنیان لەو توێژینەوە زانستانەی کە ئەنجامیدەدات. (حسن، ٢٠٠٥ : ٥٩٩)

میتۆدەکان چوارچێوەی تێگەیشتن لە ڕاستیەکان دیاری دەکان هەروەها پۆلێنکردنیان و خستنەڕویان لەم توێژینەوەشدا میتۆدی وەصفی شیکاری بەکارهێنراوە هەروەها لە ڕووی شێوازەوە بریتییە لە شێوازی توێژینەوەی چۆنیەتی .

### میتۆدی چۆنیەتی:

توێژینەوەی چۆنیەتی بایەخ بەمیتۆد و ڕێگە نائاماریەکان دەدات لە لێکۆڵینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکاندا هەروەها پشت دەبەستێ بە پڕۆسەیەکی ( استقرائی ) واتە لە وردەوە بۆ گشت ، کە تێیدا کۆمەڵێك تەکنیك ئاوێتە دەبن وەکو تێبینی و چاوپێکەوتن و توێژینەوەی بار و سامپڵەکان شێوەیەکی قەبارە بچوك وەردەگیرێن ، توێژینەوەی چۆنیەتی زانیاریەکی بەرفراوان لە لێتوێژەران کۆدەکاتەوە سەبارەت بەوبابەتەی کە توێژینەوەی لەسەر دەکات، لەبەر ئەوەی ئەم توێژینەوەیە بە شێوازی چاوپێکەوتن کراوە ئەوا میتۆدی چۆنیەتیمان گەڵبژاردوە. (نورەیی، ٢٠٢١: ١٤)
(هانی جرجس، ٢٠١٧م، ص٢٧٠-٢٧١)

**دووەم/ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:** سەرجەم ئەو تاکانە دەگرێتەوە کەلە خەسڵەت یان سیفەتێکی تێبینیکراودا هاوبەشن و ڕەنگە لە چەند خەسڵەتێکی تردا جیاوازبن و لەیەک نەچن. (بۆکانی، ٢٠٢٠ : ١١٠)

**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:** بریتییە لەسەرجەم ئەو تاکانەی کە لە خەسڵەتێکی تێبینیکراودا هاوبەشن لە توێژینەوەی زانستیدا تاك پێوەرێکە بۆ کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە بونی خەسڵێتێکی هاوبەش لەنێوان تاکەکاندا کە شایەنی تێبینی کردن بێت. (بۆکانی، ٢٠١٦: ١٢٥) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە سەرجەم ئەو خێزانانەی کە منداڵی بێسەرپەرشتیان لەخۆگرتوە.

**سێیەم: نمونەی توێژینەوەکە:** نمونەی توێژینەوە واتە هەڵبژاردنی نمونە لەو کۆمەلگایەی کە توێژینەوەی لێدەکرێت لەم نمونە ڕاچاوی ئەوەدەکرێت کە نوێنەرێکی دروستی کۆمەڵگای لێتوێژراو بێت کە پڕۆسەی توێژینەوەی لەسەر ئەنجامدەدرێت. (ئەبراش،٢٠١٣: ٣٨٠)

نمونەی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لەو خێزانانەی کە بەشێوەیەکی یاسای لە ڕێگەی دادگای نەوجەوانای سلێمانی بوون بە خێزانی جێگروە بۆ منداڵە بێ سەرپەرشتەکان کە پێنج کەیسە.

### چوارەم: سنوری توێژینەوەکە:

سنوری شوێنی: مەبەست لە سنوری شوێنی توێژینەوەکە ئەو ناوچەی جوگرافیایەیە کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجامدراوە سنوری شوێنی ئەم توێژینەوە بریتییە لە شاری سلێمانی وەک لایەنی جوگرافیای و بەڕێوبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی و دادگای نەوجەوانانی سلێمانی.

سنوری مرۆیی: خێزانە جێگروەکان

سنوری کاتی: لە بەرواری ٢٠٢٤/٤/١٥ بۆ ٢٠٢٤/٥/٢٤

## پێنجەم :کەرەستەکانی توێژینەوەکە و ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریەکان :

چاوپێکەوتنــی ورد و قووڵ: چاوپێکەوتن ئامرازو کەرەســتەیەکی زانســتییە بــۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیــاری لە ئەندامانی ســامپڵ و کۆمەڵگەی توێژینەوە. ئەم ئامڕازە لە کۆمەڵێک برگەو پرســیار پێکدێت کە ئامانجەکانی توێژینەوە بەدیدەهێنن توێژەر ئاراســتەی کەســێک یان چەند کەســێک دەکات و وەڵامەکانی وەردەگرێتەوە. (بۆکانــی،٢٠٢٠: ١٣٤) بەهۆی ڕێکارە یاساییەکانەوە نەتوانراوە کە چاوپێکەوتنی ڕوو بەڕوو بکرێت بەڵکو لەڕێگەی تەلەفۆنەوە ئەنجام دراوە

تێبینیکردن:-تێبینیکــردن یەکێکــە لــە ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری بە مانا پســپۆڕیەکەی بریتییــە لە تێبینیکردنی بابەتیانەو مەبەســتدار توێژەر لەڕێگەی هەستەکانی بینین و بیستنەوە ســەرنج دەدات .(بۆکانی.٢٠٢٠: ١٤٩) توێژەر لەکاتی ئەنجامدانیە ڕێکارە مەیدانیەکان تێبینی کەیسەکانی کردوە.

## باسی دووەم/

### یەکەم: ڕێژەی بێ سەرپەرشتان لەناو خانەکانی شاری سلێمانی

ساڵی ٢٠٢٣

ماڵی ساوایان (٠ - ٤) ساڵ / نێر : ١٧٪ و مێ : ١٦٪

خێزانی جێگرەوە بۆ هەردوو ڕەگەز ١٪

ماڵی کوڕانی نەوجەوان (٥ - ١٢) ساڵ ٤٧٪

ماڵی کوڕانی نەوجەوانان (١٣ - ١٨) ساڵ ٥٣٪

ماڵی کچانی نەوجەوانان (٥ - ١٢) ساڵ ٤٥٪

ماڵی کچانی نەوجەوانان (١٣- ١٨) ساڵ ٥٥٪

بەڕێوبەرایەتی چاودیری کۆمەڵایەتی

### دووەم: خستنەڕووی زانیاریەکان و گفتوگۆ کردنیان

### کەیسی یەکەم:

من ناوم (ش) و هاوسەرەکەشم ناوی (ج) هەردووکمان تەمەنمان ٤٣ ساڵە و خەڵکی ناو شارین و خانووی خۆمان هەیە و بــاری دارایمان زۆر باشــە چیرۆکی من بــەم جۆرەبوو من منداڵم نەئەبــوو بەردەوام خەممان دەخــوارد و هەڵمان دەدا و زۆر دەچوینــە لای دکتــۆر بەڵام هەموو جارێک بێئەمەل دەبووینــ کۆتا جار منداڵمان بە بلوری دانا لــە ئێران بەڵام هەر سەری نەگــرت و لەبارم ئەچوو (٢٢)ســاڵ منداڵمان نەبوو ، شــوبرایەکم هەیە زۆر چاکــەو زۆر ڕێک پێکە چوو بۆ ئێــران پارەی یا بە خێزانێــک تــا منداڵەکەیمان بەنێ بــەڵام ئەوەش ســەری نەگرت، دواتــر ڕۆژێک بە هاوســەرەکەمم وت بــۆ منداڵێکی بێ سەرپەرشــت لەخۆنەگرین هاوسەرەکەشــم حەزی دەکرد ئیتر داواکاریمان پێشکەش بە مەحکەمە کرد لەماوەی سێ ساڵدا پێنج جار داواکاریمان بۆ وەرگرتنی منداڵ پێشــکەش کرد، کۆتا جار کە لــە مەحکەمە بووین دادوەر وتی منداڵەکە بۆ خێزانی ئێوە دەرچووە هەر شــۆک بووم نەمەزانی لە خۆشیا چیبکەم هاوسەرەکەم هەر تاسابوو لە خۆشیا، تەمەنی ئەو منداڵەکەی کــە وەرمانگــرت ســێ مانگبــوو وە کچیشــە وەک منداڵــی خۆمــان ســەیری دەکەیــن و زۆر خۆشــمان دەوێ منیــش و هاوسەرەکەشم هەر کە هێنامانەوە بۆ ماڵەوە حەیوانمان بۆ سەربڕیوە و تەسکەرەو هەموو شتێکی بەناوی خۆمانەوەیە، باری دارایمان زۆر باشــەو دوو خان و ســەیارەمان هەیەو لە ڕووی داراییەوە هیچ کێشــەیەکمان نیە و جۆلانەم بۆ کچەکەم کڕیوەو سێتی نوستنم بۆ کڕیوە، کەسوکاری خۆم و هاوسەرەکەشم زۆریان خۆشدەوێت بەتایبەت شوبراکەم و خەسووم و لای هەموویان وتومانە نابێت بە کچەکەم بڵێن کە منداڵی ئێمە نیەو هەرگیزیش خۆمان پێی ناڵێین و بەنیازین شــوێنی نیشتەجێبوونەکەمان بگۆڕین بۆ ئەوەی کە کچەکەم گەورەبوو نەوەک لە کۆڵان دراوسێیەک شتێکی پێی بڵێن، لای کەس ئیدارە ناکات لای خۆم و باوکی نەبێ، لەڕووی دینیشەوە کچەکەم شیری خوشکی باوکیمان ( هاوسەرەکەی) پێداوە سێ جار جارێکی کەش ئەیەینێ

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

## کەیسی دووەم:

من ناوم (هـ) تەمەنم ٣٩ ساڵەو هاوسەرەکەشم تەمەنی ٤١ ساڵە و لە ناو شار نیشتەجێین و خانووی خۆمان هەیە و باری دارایمان زۆر باشە لە ساڵی ٢٠١٠ هاوسەرگیریم کردوەو منداڵمان نەدەبوو دوای یانزە ساڵ بێ ئەمەل بووین لە منداڵ بوون و کێشەکەکە لە هاوسەرەکەم بوو، بۆیر هاوسەرەکەم پێی وتم کە ئازادم لەوەی کە لێی جیاببمەوەو بچم هاوسەرگیری بکەمەوە لەبەر منداڵ بوون بەڵام من وتم شتیوا ناکەم و لەبەر منداڵ دەستبەرداری تۆ نابم دواتر ڕۆژێک بە هاوسەرەم وت کە با منداڵێک لەخۆ بگرین هاوسەرەکەشم وتی هەر چیەک تۆ بتەوێ ئەیکەین، بۆیە لە ٢٠١٥ داواکاریمان پێشکەکەش بە مەحکەمە کرد بۆ لەخۆگرتنی منداڵێکی بێ سەرپەرشت، لە ٢٠٢٠ منداڵەکەمن وەرگرت و منداڵەکە کوڕ بوو وە تەمەنی ٧ مانگ بوو کە وەرمان گرت، سونەت نەکرابوو، ئەو ڕۆژەی کە دادوەرەکە وتی منداڵەکە بۆ ئێوە دەرچووە لە خۆشیا من و هاوسەرەکەشم دەستمان ژرد بە گریان وەک منداڵ دەگریاین و دەمانویست منداڵەکە ببینین بەڵام پێیان وتین هەتا دادوەر ڕەزامەندی نەیا ناتوانن ببینن هەتا دادوەر ڕەزامەندی یاوە بۆ بینینی منداڵەکەمان گریاوین، دواتر بردمانە نەخۆشخانە فەحسمان بۆ کرد تا بزانین چ کێشەیەکی تەندروستی هەیە تا چارەسەری بکەین بە خێرایی، سوپاس بۆخوا تەندروستی باشبوو دواتر سونەتمان کردوو ئاهەنگمان بۆ سونەتکردنی گێڕا لە ماڵەوەو خەڵکمان دەعوەت کرد، دواتر هەتا ٢ ساڵیش ترسی ئەوەمان هەبوو کە منداڵەکەمان لێ وەرگرنەوە ئەوەنە خۆشمان ئەویست بەوەڕمان نەئەکرد کە تەواو ئەم منداڵە کوڕی ئێمەیە و باری دارایشمان سوپاس بۆخوا زۆر باشەو کوڕەکەم هەرچی پێویست بێت بۆی ئەکەین، وە هەرگیزیش نامانەوێ کوڕەکەم بزانێت ئێمر دایک و باوکی ڕاستی ئەو نین و بە کەسوکاری خۆم و هەوسەرەشممان وتوە کە باسی هیچ لای کوڕەکەم نەکەن وە زۆریشیان خۆشەوێ ماڵی خەسووم و دایکم و خوشەکەکانم، کوڕەکەم ئێستا سێ ساڵ و نیوە، لەلایەنی دینیشەوە کوڕەکەم شیری خوشکەکەمی خواردوە سێ جار ئەوکات کە منداڵەکەمان وەرگرت خوشکەکەم تازە منداڵی ببو، من و هاوسەرەکەم پێش ئەوەی داواکاری پێشکەش بکەین بۆ منداڵ وەرگرتن هەندێک جار دەمەقاڵێمان دەکرد ئیتر ژن و مێرد هەر شەڕدەکەن و زۆر جاریش بێتاقەت بووین لە ماڵەوە بەڵام ئێستا سوپاس بۆخوا دەمەقاڵێمان هەر نەماوە و زۆر دڵخۆشین.

## کەیسی سێیەم:

من ناوم (گ) تەمەنم ٣٣ ساڵە و هاوسەرەکەشم ٤٤ ساڵە لە ناو شار نیشتەجێین و خانووی خۆمان هەیە و باری دارایمان زۆر باشەلە ساڵی ٢٠٠٨ دا هاوسەرگیریمان کردوە و زۆر حەزیان لە منداڵ بووە زۆر سەردانی دکتۆریان کردوە بەڵام دکتۆر تەواو بێ ئەمەلی کردوون لە هەبوونی منداڵ لەدوای دەساڵ بەتەواوی دواتر لەگەڵ هاوسەرەکەم بڕیارماندا کە منداڵێک لەخۆبگرین و وەک منداڵی خۆمان گەورەی بکەین، هەر بۆیە لە ٢٠١٨ داواکاریمان پێشکەش کرد بۆ لە خۆگرتنی منداڵ بەڵام بێ هیوابووم چونکە جوابیان نەئەیاینەوە و ئیتر دوای ساڵیک بەتەواوی بێ ئەمەل بووم بەڵام لە ٢٠٢١ پەیوەندیان پێوەکردین کە منداڵێک هەیە ڕەنگە بۆ ئێمە دەرچێت و پێویستە لە مەحکەمە ئامادەبین دواتر کە چووین لەوێ دادوەرەکە وتی منداڵەکە دەبەخشین بە ئێوە زۆر شۆک بووین هەستێکی زۆر خۆشمان هەبوو بە جۆرێک باوەڕمان نەئەکرد ( لە ساتی ئەم گفتوگۆیەدا قسەکەر دەگریا) منداڵەکە کوڕ بوو، دواتر هەر کە منداڵەکەیان بۆ هێنانین بردمانە لای دکتۆر فەحسێکی تەواوەتیمان کرد بۆ منداڵەکە تا بزانین نەخۆش نیە، دکتۆرەکە وتی ئەم منداڵە هیچ کێشەیەکی نیە تەنها پێویستی بەوەیە لە باوەش بکرێت و سۆز و خۆشویستی پێ ببەخشرێت، کاتێک کە وەرمانگرت منداڵەکە تەمەنی تەنها چوار مانگ بوو، مامەڵەی کەسوکارمان لەگەڵ کوڕەکەمان زۆر زۆر باشبوو هەموویان زۆر خۆشیان دەویست تەنانەت دایک و خوشکەکانم لە خوشکەزاکانی تریان خۆشتریان دەویست ماڵی خەسوشم هەروەها، هاوسەرەکەم نایەوێ کە کوڕەکەمان بزانێک کە ئێمە دایک و باوکی ڕاستی ئەونین بەڵام من وەک خۆم حەزناکەم درۆی لەگەڵ بکەم بەڵام مێردەکەم دەڵێ نابێت بزانێت و بەنیازین بەتەواوی بچینە دەرەوەی وڵات بەیەکجاری، لەوەتەی منداڵەکەمان وەرگرتوە زۆر دڵخۆشین و کێشەمان کەمتربۆتەوە لەگەڵ مێردەکەم، لە لایەنی دینیشەوە ئەوکات تازە دشەکەم منداڵی ببو بۆیە کوڕەکەم شیری دشەکەمی خواردوە سێ جار.

### کەیسی چوارەم:

من ناوم (س) تەمەنم ٣٥ ساڵە و مێردەکەشم ٣٩ ساڵە و لە ناو شار ئەژین و خانووی خۆمان هەیە و باری دارایمان زۆر باشەلە ٢٠١٠ هاوسەرگیریمان کردوە منداڵمان نەدەبوو سەردانی زۆر دکتۆرمان کردوە بەڵام هەر بێ ئەمەل دەبووین دواتر چونکە منداڵمان زۆر خۆشدەویست بڕیارماندا منداڵێک لەخۆبگرین تا ماڵەکەمان قەرەباڵغ ببێت، لە ساڵی ٢٠٢٣ داواکاریمان پێشکەش کرد و لەدوای ساڵێک واتە لە ساڵی ٢٠٢٤ وەرمانگرت و هەمووی مانگێکە کە منداڵەکەمان لایە هێشتا لەژێر چاودێری توێژەرەکەیاین، زۆر دڵمان خۆشبوو کە منداڵەکەیام بەخشی بەئێمە بەڵام لەوێ کە ئەو خێزانانەی کەم ئەبینی تۆزێک بێتاقەت بووم بۆیان چونکە هەموویان زۆر تامەزرۆی لەخۆگرتنی منداڵێکیان دەکرد، منداڵەکە کچ بوو دواتر زۆر قەلەق بووم چونکە بەڕاستی وەروەردەکردنی منداڵ ئەرک و بەرپرسیاریەکی زۆر قورسەو سەرەتا زۆر شۆک بووم دڵنیا نەبووم لەوەی کە ئەوە ڕاستیە یان خەوە بۆیە هەر ئەو ڕۆژە چوومەوە بۆ ماڵەوە ڕۆژی دواتر گەڕامەوە منداڵەم وەرگرت و بردم بۆلای دکتۆر تا بزانم هیچ کێشەیەکی تەندروستی هەیە دواتر سوپاس بۆخوا نەخۆش نەبوو تەنها کەمێک زەعیف بوو، کەسوکاری خۆم و مێردەکەشم زۆر دڵخۆشبوون بەوەی کە منداڵێکمان لەخۆگرتوە زۆر منداڵەکەمیان خۆشدەوێ، لەلایەنی دینیەوە دشەکەم منداڵی ببو ئەوکات بەڵام کچەکەم کە شیری ئەوی ئەخوارد ئێڵنجی ئەیا و نەی ئەخوارد ئیتر من لەخۆم و هاوسەرەکەشم دڵنیام و خۆمان و خێزانەکانیشمان مسوڵمانین، کە منداڵەکەشمان گەورەبوو نامانەوێ بزانێت ئێمە دایک و باوکی ڕاستی ئەو نین، بارودۆخی ژیانمان هەر وەک پێشترەو فەرقێکی وای نیە.

### کەیسی پێنجەم:

من ناوم (ڕ) تەمەنم ٤٤ ساڵە و ژنەکەشم تەمەنی ٤٦ ساڵە و لە دەرەوەی شار دەژین و باری دارایمان زۆر باشە لە ساڵی ٢٠٠٤ هاوسەرگیریمان کردوەو منداڵمان نەئەبوو سەردانی دکتۆر زۆر کردوو و جارێکیش منداڵی بلوریمان دانا بەڵام ئەویش سەری نەگرت دواتر بڕیارماندا منداڵێک لەخۆبگرین لەگەڵ ژنەکەم لە ساڵی ٢٠١٩ داوکاریمان پێشکەشکرد بۆ وەرگرتنی منداڵێکی بێ سەرپەرشت هەر لە هەمان ساڵ وەرمانگرت و منداڵەکەش کوڕبوو تەمەنی سێ ساڵ بوو، زۆر دڵخۆشبووینو هەستێکی یەکجار خۆشمان هەبوو ئێستاش زۆرمان خۆشدەوێت و هەموو پێداویستیەکانی بۆ جێبەجێ دەکەین، مامەڵکەی کەسوکارمان زۆر باشە لەگەڵ کوڕەکەمان ئەوانتش زۆریان خۆشدەوێ و کەسیش ناڕازی نەبووە بە بڕیارەکەمان، سەرەتا کە منداڵەکەمان وەگرت یەکەم شەو زۆر بێتاقەت دياربوو وەک بڵێی هەستی بەنامۆیی دەکرد سەرەتا بەڵام هەر ئەو شەوە لە باوەشی ژنەکەم تا بەیانی خەوت و ئیتر دواتر هیچ کێشەیەکی نەبوو، لە ڕووی دینیشەوە کوڕەکەمان شیری خوشکی ژنەکەمی خواردوە سێ جار، ئێستا کوڕەکەمان تەمەنی ٨ ساڵەو خۆی ڕاستیەکان دەزانێت چونکە کە سەرەتا وەرمان گرت لای خێزانێکی دیکە بووو لێیان وەرگیراوەتەوە و پاشان دراوە بە ئێمەو ئەوکات بەشی ئەوە تێگەشتوە کە ئێمە دایک و باوکی ڕاستی ئەونین و ئێمە زۆر خەمی ئەوەمانە ئەم بابەتە کار لە دەروون و کەسایەتی بکات بەڵام لەگەڵ ئەوەشا ئەگەر خۆشی ڕاستیەکانی نەزانیبا ئەوا خۆمان هەر پێمان دەوت بەڵام لە تەمەنێکی گونجاودا کە منداڵەکەمان توانای تێگەشتن و قبوڵکردنی بابەتەکەی هەبێت.

## سێیەم: شیکردنەوەی توێژەر بۆ کەیسەکان

### کەیسی یەکەم:

لە یەکەم کەیسدا، دەتوانرێت هەست بە بەسۆزی و بەپەرۆشی دایکی منداڵەکە بە دەنگی و قسەکردنیدا بکرێت. هەر وەک بەقسەکانیدا دیاربوو کە بەپەرۆشییەکەی هەر وەک هەمان ساتە کە منداڵەکەیان وەرگرتوە و بە دەنگیشیدا هەست بەوە دەکرا کە بەتەواوی خەمی نەماوە و تاکە خەمێک کە هەیبێ پەروەردە کردنی کچەکەی و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی و نازپێدانیەتی، بە گفتوگۆکردن لەگەڵیدا بەڕاستی خۆشحاڵ بووین چونکە بەقسەکانی زۆر دڵنیابوینەوە کە منداڵەکە داهاتویەکی باشی دەبێت لەناو خێزانی ئێستای.

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

### کەیسی دووەم:

لـەم کەیسـادا دوای ماوەیەکی زۆر لـە ژیانکردن ئەم خێزانـە نەیانتوانی منداڵ بخەنـەوە هەر بۆیە بڕیاریانـدا کە منداڵێک هەڵبگرنـەوە و دواتـر بە گفتوگۆکردن لەگەڵ دایکەکەدا ئـەم چەند خاڵەی خوارەوە بەدیکرا، لەوانـە بەوەفایی ئافرەتەکە بۆ هاوسـەرەکەی و هەروەها ترس و دڵەڕاوکێی لەدەسـتدانی منداڵەکە و ئاشـکرابوونی ڕاسـتییەکان بۆ منداڵەکە. بەڕوونی تێبینی ئەوە دەکرا کە دایک و باوکەکە بەڕاستی منداڵەکەیان خۆشدەوێت و لەخەمی پەروەردەکردن و گەورەکردنیدان

### کەیسی سێیەم:

لەساتی گفتوگۆکردن تێبینی ئەوە کرا کە دایکەکە زۆر حەزی لە هەبوونی منداڵە و منداڵی زۆر خۆشدەوێت و لەسەرەتادا کە داواکاریـان پێشکەشـکردووە بـۆ لەخۆگرتنی منداڵ زۆر بێهیوا بوو، و پاشـان هیـوای هیوای بۆ گەڕایـەوە کاتێک کە زانی منداڵێکـی پێدەبەخشرێـت، و لەکاتـی گفتوگۆکردندا، بەگریانـەوە ئاماژەی بەوە کـرد کە وەک دەرئاسـایەک بووە کاتێک منداڵەکەیان وەرگرتووە و زۆر بە ئەمە دڵخۆش بوون و ژیانێکی نوێیان لەگەڵ منداڵەکەدا دەسـتپێکرد، و یەکێک لە نیشانە جیاوازەکانـی ئـەم خێزانـە لـە خێزانەکانی تر ئـەوە بوو کە دایکەکە نەیدەویسـت ڕاسـتیەکان لـە منداڵەکە بشـارێتەوە و نەیدەویست کە درۆی لەگەڵ بکات، بەڵام هاوسەرەکەی بەمە ناڕازیبوو و نایەوێت منداڵەکەیان بزانێت بە ڕاستیەکان، هەر لەبەر ئەم هۆکارە بەنیازن بەتەواوی بچنە دەرەوەی وڵات.

### کەیسی چوارەم:

لەم کەیسـەدا بۆمان دەرکەوت کە دایکەکە سەرەڕای حەزێکی زۆری بۆ هەبوون و بەخێوکردنی منداڵ، هەستی بە دوودڵی و ترسـێکی زۆر دەکرد لـە بەرپرسـیاریەتیەکانی پەروەردەکردن و گەورەکردنـی منداڵێک، بێگومان ئەمەش بەسـەر زۆربەی دایکەکانـدا دێت لەسـەرەتایی بیرکردنـەوە لە هەبوون و خسـتنەوەی منداڵ، و دایکەکـە لێرەدا تەنیا یـەک مانگ بوو کە منداڵەکەی وەرگرتبوو، بۆیە ئاساییە توشی حاڵەتێکی لەم جۆرە ببێت.

### کەیسی پێنجەم:

لەبەرئـەوەی منداڵەکـە لە تەمەنـی درککردن بە خـۆی و چواردەور دراوە بە خێزانەکە، کە تەمەنی سـێ سـاڵ بـووە، بۆیە لەسـەرەتاوە منداڵەکە درکی کردووە کە ئەم خێزانە دایک و باوکی ڕاسـتی خۆی نین و دایک و باوکی خۆی جێیانهێشـتووە، هەربۆیە دایک و باوکەمە لە قسـەکردنیاندا هەسـتی پێدەکرا کە خەمی منداڵەکەیانە چونکە ڕاستیەکان دەزانێت و لەگەڵ ئەوەشدا خێزانەکە ئاماژەیان بەوەدا ئەگەر ڕاستییەکانیشی نەزانیبا، خۆمان ڕاستییەکانمان پێدەوت و نەماندەویست درۆی لەگـەڵ بکەیـن، بەڵام ڕەنگە ئەو کات لـە تەمەنێکی گونجاودا ڕاسـتییەکانمان پێوتبا، کە توانای تێگەیشـتن و قبوڵکردنی ڕاستیەکانی هەبێت.

## باسی سێیەم/

## یەکەم: دەرئەنجام

لەپاش توێژینەوەکە گەشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:
١- خێزانی داواکار بۆ وەرگرتنی منداڵی بێسەرپەرشــت بە چەند مەرجو ڕێنمایەکی دیاریکراو تێدەپەڕێت وەك: ئاستی تەمەن - باری دارای - پیشینەی تاوان ... هتد
٢- خێزانە داواکارەکان بۆ هەڵگرتنەوە منداڵێکی پێسەرپەرشت پێویستیان بە چەند هۆکار و پاڵنەرێکە لەوانە: منداڵ نەبوون - حەزی بەخێوکردنی منداڵێك - ویستی چاکەکردن ...هتد
٣- خێزانە داواکارەکان بە چاودێری کردنی ڕوبەڕوی چەند کێشەیەك ئەبنەوە لەوانە تێڕوانینی نەرێنیٚ
٤- دوای قســە کردن لەگەڵ خێزانە جێگرەوەکان بۆمان دەرکەوت زۆر بەی خێزانەکان ترسـیان هەیە لە وتنی ڕاســتیەکان بە منداڵەکە
٥- لەدوای گفتوگۆ لەگەڵ توێژەر لەسەر خێزانە جێگرەوەکان بۆمان دەرکەوت زۆربەی هاوسەرەکان بە تامەزرۆیەوە چاوەڕێی لەخۆ گرتن منداڵی بێسەرپەرشت
٦- یەکێکــی تــر لە دەرئەنجامــەکان ئەوەیە کە ئەو خێزانانەی کــە هەڵئەبژێردرێن کە منداڵێکی بێسەرپەرشــت لە خۆ ئەگرن پێویستە باری دارای زۆر باش بێت
٧- خێزانە جێگرەوەکان هیچ کێشەیەکیان نیە لە ڕەگەز و تەمەن ئەو منداڵەی کە لەخۆی ئەگرن
٨- لە خانەی بێسەرپەرشتان تەمەنی ( ٠- ٤) ڕێژەی نێر لە میٚ زیاترە
٩- کۆمەڵگە هۆشیاریەکی ئەوتۆی نییە لەسەر لە خۆگرتنی منداڵی بێسەرپەرشت

## دووەم: ڕاسپاردە

توێژەران چەند ڕاسپاردەیەک بە مەبەستی سود وەرگرتن لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەخەنە ڕوو:
١- داوادەکەین لە دادگای نەوجەوانانی سـلێمانی کە هەڵبستێت بە زیاد کردنی سەردانی کردنی توێژەر بۆ ئەو خێزانانەی کە منداڵێکی بێسەرپەرشتیان لەخۆ گرتوە
٢- زیــاد کردنــی تەمەنــی ئەو منداڵەی کە خێزانێــك لەخۆی ئەگرێت لــە (٠-٤ ) بۆ (٠-٦) لە پێناو ســودمەند بوونی منداڵە بێسەرپەرشتەکان بە ڕێژەیەکی زیاتر
٣- هۆیەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی خۆیان بگێڕن لە بڵاوکردنەوە و هۆشیارکردنەوە لەسەر ئەم بابەتە بە شێوەیەکی گونجاو
٤- داوادەکەیــن کــە پرۆژەی خێزانــی جێگرەوە و خانەی نەوجەوانانی دادگای سـلێمانی ببنە یەک دامەزراوە، بە پێی یاسـا و مەرجی تایبەت منداڵانی بیٚ سەرپەرشت ببەخشن بە خێزانە داواکارەکان.

## سێیەم: پێشنیار

سەبارەت بە پێشنیارەکان چەند خاڵێک دەخەینە ڕوو:
١- پێویسـتە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانسـتی گرنگی زیاتر بە توێژینەوە و ڕەوشـی بێسەرپەرشـتان لە خێزانی داواکاردا بدات و بەتایبەت لە دامەزراوەکان و لە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی چاودێری کردنی منداڵانی بێسەرپەرشت
٢- پێشنیاز دەکەین توێژەرە کۆمەڵایەکانی بەرپرس لەم کەیسانە ساڵانە توێژینەوەی زانستی و مەیدانی ئەنجام بدەن لە سەر ڕەوشی ژیانی بێسەرپەرشتان لە خێزانی داواکاردا بە مەستی دەرخستنی گێشە و گرفت و شێوازی ژیانیان
٣- پێویستە لە تەواوی شارەکانی هەرێمی کوردستان گرنگی بە توێژینەوەی بەم شێوەیە بدرێت بە تایبەت لەسەر ڕەوشی بیسەرپەرشتان پاش تەمەنی ١٨ ساڵی

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

# لیستی سەرچاوەکان


کوردیەکان:

١/ ئەبـراش، ئیبراهیم، (٢٠١٣)، میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسـیدا، هەنگاوەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانسـتی، وەرگێرانی دیدار ئەبوزێد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر

٢/ بۆکانی، سابیر، (٢٠١٦)، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی

٣/ بۆکانی، سابیر، (٢٠٢٠)، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپی دووەم، چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا

٤/ فەیزوڵڵا، نزار حسین، (٢٠١٦)، پوختەیەك لەبارەی توێژینەوە، وەرگێرانی نەریمان عەبدوڵا، چاپی یەکەم، هەولێر

٥/ کاروان ئەحمەد نورەیی، میتۆدەکانی تەێژینەوەی چەندێتی و چۆنێتی لە کاری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسـیدا سـاڵی چاپ ٢٠٢١

عەرەبیەکان:

٦/ ادم، محمد إبراهيم، تنمية السلوك الاجتماعي بمؤسسات الأطفال الأيتام، القاهرة المكتب الجامعي الحديث، ٢٠١٦

٧/ بابان، عبد الحميد صالح، أول ملجأ للأيتام بمبادرة، أحد موظفي الطابو في بغداد – جريدة الصباح الجديد

٨/ جادالحق عبد اللطيف، قصور الرعاية الاجتماعية وعلاقته بالاضطرابات السيكوسوماتية والانحرافات السلوكية لدى أبناء المؤسسات الرسمية والأهلية رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الزقازيق، جمهورية مصر العربية، ٢٠٠٥

٩/ الحجاجـي، إيمـان، فاعلية نموذج التركيـز على المهام في علاج مشـكلة الهوية والاندماج الاجتماعـي لليتيمات ذوات الظروف الخاصة، رسالة ماجستير غير منشورة ، جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية المملكة العربية السعودية، ٢٠١٣

١٠/ حسن، احسان محمد، (٢٠٠٥)، مناهج البحث الاجتماعى، الطبحة الاولى، دار وئل للنشر و التوزيع، عمان الاردن

١١/ خلف، عبدالجواد، اللقيط وأحكامه بين الشريعة والقانون، دارالبيان للطباعة والنشر، القاهرة، ٢٠٠٠

١٢/ الرشـيد، بنية، التغيرات الاجتماعية والنفسـية للأطفال ذوي الظروف الخاصة وارتباط ذلك بتكيفهم الاجتماعي، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الملك سعود، الرياض، المملكة العربية السعودية، ٢٠٠٧

١٣/ سـعدان، منهج محمد، الكوفي (ت ٢٣١هـ) في الدراسـة النحوية، الكوفة عاصمة الايـمان والحضارة، المحور اللغوي والادبي، ١٩٨٠

/ السـهلي، أسماء، كفاءة ممارسة الخدمة الاجتماعية في إشباع بعض احتياجات الأطفال المحرومي من الأسرة الطبيعية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الملك سعود المملكة العربية السعودية، ٢٠١١

١٥/ السويهري، علي، المشكلات النفسية والاجتماعية لدى الايتام في الجمعية الخيرية بمكة المكرمة، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة أم القرى، المملكة العربية السعودية، ١٤٣٠ هـ

١٦/ طعمة، حسن ياسين، اساليب الاحصاء التطبيقي، دار الصفا للنشر، عمان، ٢٠٠٩

١٧/ الطنبولي، عزه محمد محمود، الاستبعاد الاجتماعي ٦ مجهولى النسب نموذحا، دار الوفاء للنشر والتوزيع الاسكندرية، الطبعة الأولى، ٢٠١٧

١٨/ عـزازى اسـماعيل، الحاجات النفسـية والاجتماعية المرتبطه بقلق المسـتقبل لدى المراهقـين مجهولي النسب من المنظور التربوي دراسـة حالة، رسـالة ماجسـتير غير منشورة، معهد الدراسـات التربويه، قسم الإرشـاد النفسى، جامعة القاهرة، ٢٠١٥

١٩/ قانون الطفل المصرى رقم ١٢ لسنة ١٩٩٦ والمعدل بالقانون ٢٦ لسنه ٢٠٠٨

٢٠/ كاشـف، أماني، الأسرة البديلة ولاية لاخرطوم، رسـالة ماجستر غير منشورة، علم الأجتماع، جامعة الخرطوم، السودان، ٢٠٠٢م

٢١/ الكردي، مها، التوافق و التكيف الشـخصي الاجتماعي لدى الأطفـال بالملاجئ واللقطاء، المجلة الاجتماعية القومية، مجلد ١٧، العدد ٣٠٢، مايو/سبتمر المركز القومى للبحوث الاجتماعية والجنائيه القاهرة، ١٩٨٠

٢٢/ مجلة رعاية وتنمية الطفولة، جامعة المنصورة العدد الخامس عشر، ٢٠١٧

٢٣/ الميسـوم، بكة، صورة الذات لدى الفتاة في العائلة في ضوء بعض المتغيرات، رسـالة ماجسـتر غير منشورة، جامعة وهران، كلية العلوم الاجتماعية، ٢٠١٦

٢٤/ نجلاء فرغلى عبد العال، المحددات الاجتماعية والثقافية للمسـؤلية الاجتماعية دراسـة على عينة من الشباب المصرى فى الريف والحضر، رسالة دكتوراة غير منشورة، قسم علم الاجتماع، كلية الآداب، جامعة القاهرة، ٢٠١٤

سەرچاوەی ماستەر و دکتۆراکانی توێژینەوەکانی پێشوو :

عەرەبیەکان :
١- بلقيس بنت عبدالله القهارى، المشكلات الاجتماعية والنفسية للأطفال مجهولي الأبوين في الأسر البديلة في محافظة مسقط، سلطنة عمان، ٢٠١٧م، ص١٢٧، جامعه سلطان قابوس
٢- د. ايمان محمد عبدالستار عبد المنعم، دراسة تقييمية لدور مؤسسات الرعاية الأجتماعية في تحقيق الأمن الأسري للأيتام الملتحقين بها، كلية الخدمة الأجتماعية-جامعة الفيوم، ٢٠٢٠،ص٢٣٤
کوردیەکان :
٣- کوێستان علی عبدالله، ڕەوشی چاودێری کۆمەڵایەتی نەوجەوانان، توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە خانەکانی نەوجەوانان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ساڵی ٢٠١٢
٤- ئاڤان کمال عمر و سیڤان سمیر یاسین، ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لەخانەی منداڵانی بێ سەرپەرشت، توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە خانەی بێ سەرپەرشتان لە هەولێر، ساڵی ٢٠٢١

ئینگلیزی:

٢٥/ ( powll,٢٠٠٣, cited in nshimyiman,٢٠٠٨,p.١٣)) .
٢٦/ (Skinner, D. et al.,٢٠٠٦, cited in nshimyiman,٢٠٠٨, p.١٣)).

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# گۆڤاری ئەلیکترۆنی
# سەکۆی هزر

ژمارەی حەوتەم